# خۆڕاگری لەبەردەم

# ڕەشەبا دا



دانەر: پۆڵ ئیستابروک

Jüngerschafts-Prinzip Heft 4
kurdisch sorani

# خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبا دا

## ڕێبەری خوێنەر

### ژیانی پڕ لە سەرکەوتن ی باوەڕداران بە مەسیح ئەوانەی ڕووبەڕووی فشارەکان و ڕەشەبایەکان دەبنەوە

خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبا دا

دانەر: پۆڵ ئیستابروک

وەرگێڕان : قەشە زاگرۆس

# سەرەتا

**فەلسەفەی کتێبی ﴿خۆڕاگری لە بەردەم ڕەشابا دا﴾:**

ئەم کتێبە دانراوە بۆ ئامادەکردنی ﴿بووکی مەسیح﴾ تا وەك کچە داناکان ئامادەبن کە لە مەتتا ٢٥ دا هاتووە (نەوتیان کردە چراکانیانەوە) وە ئامادەباش بوون بۆ چاوپێکەوتنی زاوا. مەتتا ٢٥: ١٣ دەڵێت ﴿...کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژوو کاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن....﴾. وە پرسیاری سەرەکی لە لۆقا ١٨: ٨ دەبینینەوە ﴿...کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، ئایا باوەڕ دەبینێ لەسەر زەوی؟...﴾. نوێژ دەکەین تا ڕۆحی پیرۆز کتێبی ﴿خۆڕگری لەبەردەم ڕەشابا دا﴾ بەکاربهێنێ بۆ ئامادەکردنی جەستەی مەسیح تا سەرکەوتوو بن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی فشارو چەوسانەوەدا ﴿...لە پێناوی ناوی من...﴾

﴿لۆقا ٢١: ١٢﴾. وە تا قووتابیەکانی عیسای مەسیح ئامادە بکات ﴿...هەتا لە ڕۆژی بەدکار، بتوانن دژی بوەستن، هەروەها دوای تەواوبوونی هەموو شتێك،بچەسپێن﴾(ئەفەسوس ٦: ١٣).

**بینینمان:**

﴿بە دانبەخۆگرتنتان خۆتان دەبەنەوە﴾ (لۆقا ٢١: ١٩)

کتێبی خۆڕاگری لە بەردەم ڕەشەبا دا دەگونجێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی کتێبی یدا بۆ گریمانەی ئازاری پێش وەخت وە ڕوونکردنەوەو سیناریۆکانی کاری تەواوکردنی بینینەکەش سێ (دید) لە خۆ دەگرێت:

**بۆ بەهێزکردنی** جەستەی مەسیح کەلە ژێر کۆت و بەندو چەوسانەوەدا دەژی بە گەیاندن و پێشکەشکردنی کتێبی پیرۆزو بابەتی ڕاهێنان و مەشق و یارمەتی دیکەو هاندانیان بۆ ژیانی هاوبەشی کاریگەر لە مزگێنی داندا بە ئینجیل لە سەرتاسەری جیهان.

**بۆ مەشق و هاندان** ی جەستەی مەسیح لە ناوچە هەڕەشەلێکراوەکان یاخود ناجێگیرەکان وە ئامادەکردنی باوەڕداران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەوسانەوەو ئازار وە پڕکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ بەردەوام بوون لە شایەتیدان بە مزگێنی مەسیح.

بۆ **پێداگری و پاڵنان** و فێرکردنی کڵێسا لە جیهانی ئازاد تا کڵێسای چەوساوە بناسن و دەستلەملان بن لە یارمەتیدانی باوەڕداران چونکە ﴿گەر هاتوو ئەندامێك ئازاری هەبوو هەموو ئەندامەکانی دیکە لەگەڵیدا ئازار دەچێژن،...﴾ (١ کورنسۆس ١٢: ٢٦).

**ئامانجی بەرنامەی مەشق بۆ کتێبی خۆڕاگری لە بەردەم ڕەشەبادا...**

بۆ هاندانی جەستەی مەسیح وە یارمەتیدانی باوەڕداران بە مەسیح ئەوانەی ڕووبەڕووی فشارو چەوسانەوە دەبن ئەویش بە شت و مەك و خوولی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز کە دەدرێت بە هەموو بەشداربوویەك...

**چەمکی کتێبی...**

بۆ چەسپاندنی تێگەیشتنی کتێبی لەبارەی ئازار لە مێژووی کڵێسادا.
بۆ پەیرەو کردنی کردارەکی ﴿بۆ ڕێگای خاچ﴾ بەرامبەر ﴿ڕێگای نەریت﴾.
زانیاری / هۆشیاری/ توێژینەوەی حاڵەتەکان:
زیاترکردنی ئامادەییمان بۆ خۆڕاگری لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیانی باوەڕدارانی چەوساوە چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی جیهاندا بێت.

**هاندان:**

هاتنەدی ئەو ڕاستیەی کە هەموو باوەڕدارێك بە مەسیح دەکرێ ببێتە ﴿ڕووناکی﴾ و ﴿خوێ﴾ بە یەکگرتن لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە تا بچەسپێن لە ناوەندی چەوسانەوەدا.

**بەرچاو ڕوونی و تێگەیشتن:**

- بەرچاو ڕوونی لە بەرامبەر کێشەکان و ململانێ کە باوەڕداران بەمەسیح لە ناوچەکانی چەوسانەوەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

کە دوژمنی ڕاستەقینەمان و پیلانەکانی بناسین وە ﴿چەکی خودا﴾ تاوەکو بتوانین ڕێگەی ڕاست و دروستی بگرینەبەر.

**جێبەجێکردنی کردارەکی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن:**

- تێگەیشتن لە نموونەکانی عیسای خوداوەند وە پێشبینیەکانی بۆ قوتابیەکان کاتێ ڕووبەڕووی فشارو چەوسانەوە دەبن.
- پێشکەشکردنی نموونە کرداریەکانی باوەڕداران بە مەسیح کە ئەو سەردەم و کاتانەیان تێپەڕاند لە خۆڕاگرییان لەبەردەم ڕەشەبا کاندا سەرکەوتن و زاڵبوون.

- نوێژ کە مەبەست و مەغزای هەبێت:
- خۆ پیرۆز ڕاگرتن و ئامادەبوونمان بۆ نوێژ لە پێناوی باوەڕدارانی چەوساوە، کەلە هەر شوێنێك خزمەت دەکەن.

**نە خشە و پیلانی بە قوتابی بوون:**

قبوولکردنی {٢تیمۆساوس ٢: ٢} وەك نەخشەی کار بۆ فێرکردنی خەڵکی دیکە کە پرەنسیپەکانی ناو ئەم کتێبە فێربن.پۆڵسی نێرراو لە کۆلۆسی ٤: ١٨ دەڵێ ﴿... یادی کۆت و زنجیرەکانم بکەن...﴾ تکایە نوێژ بکە لە پێناوی خوشك و برایانمان لە مەسیحدا ئەوانەی لە {ژێر فشاری ڕەشەبا} دان وە لەیادت بێت لە باوەشیان بگرە تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەشدا.

خوداوەند پیرۆزتان بکات

هەردوو توێژەر و خزمەتکارانی مزگێنی{ئینجیل}

جیم کننگهام & پۆڵ ئیستابروك

# پێشەکی

# چەسپانی توند و بەهێز

{وەک تێپەڕبوونی گەردەلوول بەدکاریش ئاوا نامێنێت،

بەڵام ڕاست و دروست بنچینەیەکی هەتا هەتاییە}

پەندەکان ١٠: ٢٥

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ژیانی مەسیحی بەدەرە لە کێشەو گرفت بەڵام ئەمە ڕاست نیە! ژمارەی باوەڕداران بە مەسیح لە سەرتاسەری جیهاندا بەردەوام زیاتر دەبێت وە ئەوانەی ئەم ڕاستیە دەزانن کە پێویستە بەو شێوەیە بژین کە ژیانی باوەڕدارێتی بە مەسیح بەدەر نیە لە کێشەو گرفت، عیسای خوداوەندیش هەروەها شتی وا ناڵێت ئائەوەتا شوێن کەوتووانی ئەمڕۆ لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا ئەزموونداران لە ووشە پیرۆزەکانی و ڕاستیەکانی:

**{ئێوە لە جیهاندا تەنگانە دەچێژن. بەڵام وورەتان بەرز بێت، من بەسەر جیهاندا زاڵبووم!} (یۆحەننا ١٦: ٣٣)**

کەواتە دوورکەوتنەوە لە چەوسانەوەو ئازار ناکرێ نهێنی سەرکەوتن بێت بەڵکو نهێنی سەرکەوتن خۆڕاگریە لە ناوەندی ئازاردا. خوداوەند عیسا ناڵێت ئێمە ڕەشەباکان نابینین بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرکەسێك بناغەیەکی توندو بەهێزی هەبێت {ئەوانە تەنها گوێ لە ووشەکانی ناگرن بەڵکو (کار) یشی پێدەکەن} ئەوانەی کاریشی پێ دەکەن خۆیان ڕادەگرن لە ڕەشەبادا. وە بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە گوێ ڕایەڵی ووشەکانی خودا یەکێکە لە کلیلە سەرەکیەکانی خۆڕاگری لە ڕەشەبادا – تەنانەت ئەگەر ڕەشەبای چەوسانەوەش بێت.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەرخستنی کلیلە کتێبیی و بنەڕەتیەکانی دیکەیە بۆ خۆڕاگری لە ڕەشەبادا.**

دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ کات بەسەربردنمان لە خزمەتکردن لە نێوان ئەو باوەڕدارانەی کە بە هۆی باوەڕەکەیانەوە دەچەوسێنەوە (کتێبی پیرۆزمان دابەش دەکرد بەسەر

باوەڕداران وە مەشقمان پێدەکردن و هانمان دەدان) وامان لێهات بگەینە ئەم قەناعەتەی کە ئەو باوەڕدارانە فێرکردن دەدەن بە ئێمە لە ڕووی پەیڕەوکردن و جێ بەجێکردنی ڕاستیەکانی کتێبی لە ژیانی ڕۆژانەدا زیاتر لەوەی کە ئێمە دەمانویست فێرکردنیان پێشکەش بکەین. ئەمەش پۆڵسی نێرراو لە ٢کۆرنسوس ١: ٤ پێناسەی دەکات.

**{هەر ئەوە کە لە هەموو ناخۆشیەکدا دڵنەواییمان دەکات، تاکو بتوانین بەو دڵنەواییەی لە خوداوە وەرمانگرتووە، دڵنەوایی خەڵکی دیکە بکەین لە هەموو ناخۆشیەك.}**

بەناوبانگترین هێمای باوەڕداران بە مەسیح (خاچ) ە، وە Icthus (بەواتای ماسی) وە کۆتر هێمای ڕۆحی پیرۆز. بەڵام بچووکترین هێما کە ناوبانگی کەمی هەبێت لەگەڵ ئەوەی کە زۆر گونجاوە لەگەڵ باوەڕدا ئەویش هێمای (خاولی) ە کاتێ خوداوەند عیسا پێ ی قووتابیەکانی شت بەو خاولی یە پێ یەکانیانی ووشك کردەوە لە خزمەتکردنەکەی بە سادەو ساکاری. هەرچۆن ئێمە وێنەیەکی بەهێز دەبینینەوە بۆ باوەڕداری پەیمانی نوێ ئەویش (سەرباز) ە لە جەنگدا. هاوکات مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کاری قێزەون کە مەسیحیەکان دژ بە خەڵکی دیکەو تەنانەت دژ بە مەسیحیەکانیش پێ ی هەڵساون. لەبەر ئەوە لەسەرمانە کە ئاگاداربین هێمای (سەرباز) بەکار نەهێنین چونکە لەوانەیە بە بەکاهێنانی ئەم هێمایە گریمانەو بیرۆکەی خراپ لای بێ باوەڕان دروست بکات لە تێگەیشتنیان، ئەوان وای دادەنێن کە هێمایەکە بۆ جەنگ لە نێوان مرۆڤەکاندا، وە ئەوەش ڕێك پێچەوانەی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆزە لەبەر ئەوە ئەم دوو وێنەیە پێکەوە گرێ دەدەین لەم کتێبە کرداریەدا بۆ گەیشتن بە وێنەی خزمەتکاری جەنگاوەر. یەکێکیان ووتی:

**{خزمەتکار- جەنگاوەر لە کیسە چای سەفەری دەچێت کە پێویستە بیخەیتە ناو ئاوی گەرمەوە تا هێزو توانای ڕەنگدانەوەکەی تاقی بکەیتەوە!}**

یەکێك لە مەرجەکان بۆ خوێنەر یاخود ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە کە باوەڕدار بێت، لەبەر ئەوەی ژیانی باوەڕی سەرکەوتوو قورس نیە بەڵام مەحاڵە! بەڵێ، مەحاڵە بە بێ باوەڕ! چونکە باوەڕ هەمیشە بە دوورمان ناکات لە ئازار بەڵام دڵنیامان دەکات و بەهێزمان دەکات کە بتوانین شکست بە شکست بهێنین.

یەکێك لە ڕابەرە خزمەتکارەکانی یەکێك لەو ووڵاتانەی کە ئازادی تیایدا کۆت و بەند کراوە هەڵوێستی ئەوێ ی بەم ووشانەی خوارەوە ڕوونکردەوە:

{ئێمە لە ناوەندی فشاردا دەژین لە ووڵاتەکەماندا، وە بۆ ئەوەی وەکو باوەڕدار بژین پێویستمان بەم جۆرە باوەڕە هەیە. وە لاوەکانمان کە مەسیح هەڵدەبژێرن تەنها لەبەر ئەوە

نیە کە ئەو شتی باشتریان پێشکەش دەکات، بەڵکو ئەوان ئەوە زیاتر دەبیننەوە کە مەسیح تاکە کەسێکە شایەنی ئەوەیە کە بمرن لە پێناویدا، ئەمە مانای بە قووتابی بوونە بۆ ئەوان.}

ئەم کتێبەی {ڕێبەری خوێنەر} دوای کتێبی {خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا} دێت هەمان بەشەکانی کتێبەکەیە: **خاچ، کڵێسا، جەنگ، شت ومەکەکان، مەشق پێکردن، سەرکەوتن.**

وە ئەم لایەنانە لە ڕووی بیرۆکەیی و ڕۆحی و کردارەکی وەردەگرین.

کتێبی {خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا} بکەرەوەو پێشەکیەکەی بخوێنەرەوە.

**با دەست پێ بکەین:**

ب-١ بە ووشەکانی خۆت پەندەکان ١٠: ٢٥ بنووسەرەوە.

ب-٢ بۆچی هەندێ مەسیحی باوەڕیان وایە وا دەزانن کە ژیانی باوەڕدارێتی سەرکەوتوو ژیانێکی بێ کێشەو گرفتە؟

ب-٣ یۆحەننا ١٦: ٣٣ بخوێنەرەوە ﴿ ئێوە لە جیهاندا تەنگانە دەچێژن. بەڵام وورەتان بەرز بێ، من بەسەر جیهاندا زاڵبووم!﴾ بەلای تۆوە ئەم ئایەتە چی ئەگەیەنێ و بە مانای چی دێت؟

ب-٤ نهێنی سەرکەوتن و زاڵبوون کامەیە و چی یە؟

ب-٥ باسی هەندێ {ڕەشەبا} بکە کە هاتوونەتە سەر ژیانت:

ب-٦ پێنج وانه به بیری خۆت بهێنەرەوە کە دەتوانی بە شێوەیەکی زۆر باش فێر بیت لێوەی لە ڕێگەی {چەوسانەوە} وە:

- 
- 
- 
- 
- 

ب-٧ شیکردنەوە بکە لەسەر ئەوەی کە چۆن {هێزو پتەوی مەسیح ڕادەگەیەنرێ لە ژیانماندا}.

ب-٨ کتێبی پیرۆز ئەوەمان فێردەکات کە چۆن خودا مەبەستی بنەڕەتی هەیە لە ژیانی ڕۆڵەکانیدا؛ وە ئەو دەیەوێت شێوەمان بگۆڕێت بۆ شێوەی ﴿ ڕۆڵەکەی﴾ مانای چی یە ﴿شێوەی ڕۆڵەکەی﴾ بەلای تۆوە؟ سەیری {مەرقۆس ١٠: ٤٥ } بکە.

ب-٩ کامانەن ئەو شێوە باشانەی کە لە نموونەی {خزمەتکاری جەنگاوەردا} هەیە؟

ب-١٠ چۆن مانای {باوەڕ} شی دەکەیتەوە بۆ باوەڕدارێکی نوێ؟

ب-١١ چۆن ڕوونکردنەوە دەکەیت لە بەرامبەر وەڵامی شوانە {ڤێتنامیەکە} کە لە سێ لایەندا ئامادە باش بوو:

- لایەنی فیکری.
- لایەنی کردارەکی.
- لایەنی ڕۆحی.

# وانەی یەکەم

# ڕزگارکارە بێ هاوتاکەمان

**{عیسای مەسیح وەک خۆیەتی. دوێنێ و ئەمڕۆ و تاهەتایە}**

عیبرانیەکان ١٣: ٨

١-١ سێ لایەن شی بکەرەوە کە تایبەتە بە عیسای مەسیحەوە کە کەسایەتیەکی بێ هاوتایە:

- عیسای مەسیح ـــــــــــ ـــــــــــ لە مێژووداو لە کتێبی پیرۆزداو لە کڵێسادا!
- عیسای مەسیح ـــــــــــ شارستانیەتە!
- عیسای مەسیح ـــــــ ـــــــ لە خودادا!

ا- خزمەتکار ـــــــ

١-٢ پێنج خەسڵەت ی عیسای ناسیری لە ئیشایا ٥٢: ١٣- ٥٣: ١٢ بدۆزەرەوە کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن ئامادەبوو ببێتە {خزمەتکار}

-
-
-
-
-

١-٣ پوختەی کەفارەتمەندانەی ئازارەکانی خزمەتکار لەم بەشە کورتەدا تایبەتە بە خوداوەند عیسای مەسیح وەکو خزمەتکاری بێ هاوتا.

تێبینی ئەو چەمکە سەرەکیانە بکە کە لە بنەمای ئەم قەسیدەیەدا دەیناسینەوە:

- دەست پێدەکات و کۆتایی پێ دێت بە ـــــــــــ خزمەتکار لە هەردوو بڕگەی یەکەم و پێنجەم ی {کۆتایی}.

- چیرۆکی ـــــــــــــــ خزمەتکار دەخوێنینەوە لە بڕگەکانی دووەم و چوارەم.
- بەڵام بەشی ناوەڕاست بە ووردی واتای کەفارەتمەندانەیی ـــــــ دەخاتە ڕوو ئەمەش لە ئایەتی ناوەڕاستی بەشی سێ یەم دەبینینەوە کە بیرۆکەی سەرەکی لەخۆدەگرێت: {**بەڵام ئەو لەبەر یاخی بوونەکانمان بریندداربوو لەبەر تاوانەکانمان وردووخاش کرابوو تەمێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو بە برینەکانی ئەو چاك بووینەوە.**}
- ـــــــــــــــ ئەو هەمیشە نهێنی سەرکەوتنە

---

٤-١ کتێبی خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا باس لە {سێ جۆر لەخاچدان } دەکات هەر سێ جۆرەکە شی بکەرەوە:

- بینین ١٧: ٤ وە ١٩: ٧-١٠ وە ٥: ٦
- غەلاتیە ٢: ٢٠
- غەلاتیە ٦: ١٤

---

**ب – خوداوەند ـــــــــــــــ**

**پرەنسیپی ژمارە (١)**

ئازار کاکڵەو ناوەڕۆکی مزگێنی یە {ئینجیل}ە

بەبێ لەخاچدان هەڵسانەوە نیە

**پرەنسیپی ژمارە(٢)**

ئێستا ئەو هێزی هەستانەوەی پێشکەشی من و تۆ کردووە

بەڵام ئەم هێزە نایەت تەنها لەدوای لەخاچدان نەبێت

١-٥ فیلیپی ٣: ١٠،١١

{ئەوەی مەبەستی منە ناسینی مەسیح و هێزی هەستانەوەیەتی، هەروەها بەشداری بکەم لە ئازاری، وەك ئەو بم لە مردنی، تاکو گەر ببێ بگەم بە ئاستی هەستانەوەی لە نێو مردووان.} ئەم ئایەتانە شی بکەرەوە بۆ کەسێك کە باوەڕدارێکی نوێ یە.

......................................................................................................................................

**{گەر بێتو مەسیح لە نێو مردووان هەڵنەستابێتەوە، ئەوسا باوەڕتان بەتاڵ دەبێ و ئێوەش هێشتا لە گوناهەکانتان دان.}** (١ کۆرنسۆس ١٥: ١٧)

١-٦ بۆچی باوەڕەکەمان بەتاڵ دەبێ ئەگەر مەسیح هەڵنەستابێتەوە لە نێو مردووان؟

......................................................................................................................................

**ج- پادشا ــــــــــــ**

{هەرچۆن واتای تەواوەتی خزمەتکاری ئازار چەشتوو کە لە ئیشایا ٥٣ هاتووە ناتوانرێ تێ ی بگەین مەگەر پاش هەستانەوەی عیسای خوداوەند لە نێو مردووان، بەم شێوەیە دەتوانین دروێنەی پڕ لە شادی کە لە ئیشایا ٥٤ هاتووە دوای لەدایك بوونی کڵێسا لە ڕۆژی پەنجاهەمین ببینینەوە. دڵخۆشیەکە بە هۆی دروێنەی ڕۆحی بوو، ئەویش پەیوەستە بە مزگێنی کە تیایدا کڵێسا دەگات بە هەموو شوێنێکی جیهان بە هۆی مزگێنی دان بە ووشەکانی خودا {ئینجیلی پیرۆز} پاتریك جونستون.

١- تەواوکردنی ــــــــــــ هاتوو لە ئیشایا ٥٤ {هاواری خۆشی بکە ئەی نەزۆکەکە، ئەوەی منداڵی نەبووە، بکەوە ناو هاواری خۆشییەوە ئەی ئەوەی ژانی نەگرتووە، چونکە کوڕانی ژنە تاقوتەنیاکە زیاترن لەوەی مێردارەکە، خوداوەند فەرمووی.} (ئیشایا ٥٤: ١)

٢- عیسای خوداوەند قووتابیەکانی ڕاسپارد بە نێردراوێتی ــــــــــــ ــــــــــــ وەکو دوایین ئەرك پێش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان.

**٧ {هەموو دەسەڵاتێکی زەوی و ئاسمانم پێ بەخشراوە} ئەم ئایەتە چی واتایەك ئەگەیەنێ بۆ تۆ لە ئەمڕۆدا؟**

**برامان ئەندرۆ دەڵێت (کاتێ عیسای خوداوەند دەسەڵاتەکەی ڕاگەیاند خاکی جەنگمان ناسی هەروەها ئامانجەکانی جەنگی ڕۆحی دیاریکرد، شوێنکەوتوانی خۆی نارد بۆ خاکی دوژمن بۆ بانگهێشت کردنی مرۆڤ ئەوانەی شەیتان بە گوناهە دیلی کردوون. لە ژێر هەر ناوو ناونیشانێکدا بێ ڕۆشنبیری بێت یاخود زمانەوانی یان تەنانەت فەرمانڕەوایی!)**

---

## د- ڕێگای خاچ لە ئەمڕۆدا:

تاکەکانی کڵێسای چەوساوە لەسەرتاسەری جیهان زۆر لە مێژە تێگەیشتوون لە نرخی ڕاستەقینەی خاچ ی مەسیح. قەشە/ ئالین یوان لە وولاتی چین دوور لە خێزانە گەورەکەی نزیکەی ٢٢ ساڵ کاتی لە زیندانادا بەسەربردبوو بە هۆی باوەڕەکەیەوە، وا ڕاهاتبوو هەمیشە باسی لە ئازارەکانی دەکرد کە تووشی هاتبوو لە ماوەی ئەوساڵانەی کە لە زیندان بەسەری بردبوو، بەڵام هەموو جارێ بەم شێوەیە کۆتایی دەهێنا بە قسەکانی {بەڵام ئەم ئازارانە بەراوورد ناکرێ بە خاچ}.

بەناوبانگ ترین خزمەتکار لە چین کە جەماوەرێکی زۆری هەیە قەشە (وچمان نی) یە کە لە سەرەتای حەفتاکاندا شەهید کرا. لەم دواییانەدا یەکێك لە هاوکارانی لە خزمەتدا ووتی: (ئەگەر ئێمە بە خۆمان دەڵێین باوەڕدارین بە مەسیح یاخود ئێمە شوێنەکەوتووی مەسیح ین – ئەوا لەسەرمانە ئەو ڕێگایەمان کە پیایدا دەڕۆین بپشکنین. چونکە مەسیح ڕێگای خاچ ی گرتەبەر لەبەرئەوە پێویستە ئامادەبین ئێمەش وەکو ئەو بین).

> نێرراوێکی هیندستانی بە ناوی (سادهۆ سوندار سینج) لە دەفتەری ڕۆژانەیدا نوسیوویەتی (ئاسانە بمریت لە پێناوی مەسیح،بەڵام قورسە بژیت لە پێناویدا. چونکە مردن تەنها پێویستی بە کاتژمێرێك یان دوو کاتژمێر کات هەیە بەڵام بۆ ئەوەی بژیت لە پێناوی مەسیح دا بە واتای ئەوە دێت کە هەموو ڕۆژێك بمریت)

١-٨ چی جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینیت لەم دووخانەیەی خوارەوەدا لەبارەی ئازارو چەوسانەوە هەروەك چۆن لەم دوو بڕگەیەی خوارەوە هەیە؟

| | |
|---|---|
| باوەڕداران لە ئەمریکای باکوور پێیان خۆشە لێوەرگرتن لە ڕۆما ٨: ٢٨ وەربگرن<br>{ئێمە دەزانین لە هەموو شتێکدا خودا لە پێناوی خێرو چاکەی ئەوانە کاردەکات کە خۆشیان دەوێ، ئەوانەی بە پێ ی مەبەستی خۆی بانگی کردوون.} | باوەڕداران لە چین پێیان خۆشە لێوەرگرتن لە ڕۆما ٨: ٣٦ وەربگرن<br>{... ئێمە لە پێناوی تۆدا هەموو ڕۆژێك دەمرین وامان لێهاتووە بە وێنەی مەڕ بۆ سەربڕین} |

بە دڵخۆشیەوە چەوسانەوە قبوڵ بکە وەك نهێنی سەرکەوتن چونکە دیارنەبوونی تەنگانە وە بوونی خۆشگوزەرانی و بردنەوە لە هەموو شتێکدا نهێنی سەرکەوتن نیە (١کۆرنسوس ٤ وە ٢کورنسوس ٤، ١١)

١-٩ جیاوازی نێوان:
ڕێگای خاچ و ڕێگای ڕۆشنبیری و ژینگە
ڕوون بکەرەوە.

**پرسیاری پێشنیارکراو بۆ گفتوگۆ:**

١- له ڕۆشنایی قەسیدەی خزمەتکاری ئازارچەشتووەوە، چۆن واتای مردنی عیسای خوداوەند و هەستانەوەکەی ڕوون دەکەیتەوە بۆ کەسێکی دیکە؟

٢- چۆن مردنی عیساو هەستانەوەکەی دڵنیابوونت دەداتێ لە خۆشەویستیەکەی و لێخۆشبوونەکەی بۆت؟

٣- واتای ئەمانە چی یە:

أ- کە واز لە خۆت بهێنی و خاچەکەت هەڵبگری و هەموو ڕۆژێ دوای عیسای خوداوەند بکەویت؟ (لۆقا ٩: ٢٣)

ب- چۆن دەڕۆیت بە {ڕێگای خاچ}دا لەو ناوچەیەی کە پەیوەندیت پێوەی هەیە لە جیهاندا؟

٤- (هێزی هەستانەوە) کە لە ڕۆحی پیرۆزەوە پێمان دراوە چۆن هەمیشە بەکاری دەهێنین؟

٥- دەستەڵاتی مەسیح و بەڵێنی ئامادەبوونی لەگەڵماندا چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر گوێ ڕایەڵیمان بۆ دوایین نێرراوێتیمان؟

# وانەی دووەم

## بانگەوازە بێ هاوتاکەمان

{چونکە بۆ ئەمە بانگکراون، لەبەرئەوەی مەسیحیش ئازاری چەشت لە پێناوی ئێوە و نموونەی بۆ بەجێ هێشتن، تا بەدوای هەنگاوەکانی بکەون.}

١ پەتروس ٢: ٢١

ووشەکانی خودا بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێ کە باوەڕداران لە گریمانەی تووشبوون لە هەموو هۆکارەکانی ئازاردا بەدەر نابن کە تووشی هەموو مرۆڤێك دەبێت، ئەمەو جگە لەو چەوسانەوەیەی کە بارووددۆخ سەپاندوویەتی بەسەریاندا لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی ئاشکرایان لە پەیوەنی کردنیان بە مەسیحەوە.



باوەڕداران بەمەسیح ئازار دەچێژن و بەشداری دەکەن لە ئازاری مەسیح (١ پەتروس ٢: ٢١- ٢٥ وە کردار ١٤: ٢٢)

- **{هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بە لەخواترسی بژین لە عیسای مەسیح، دەچەوسێنەوە.}** (٢تیموساوس٣: ١٢)
- **{چونکە بۆ ئەمە بانگکراون، لەبەرئەوەی مەسیحیش ئازاری چەشت لە پێناوی ئێوەو نموونەی بۆ بەجێ هێشتن،تا بەدوای هەنگاوەکانی بکەون.}** (١پەتروس٢: ٢١)
- **{گەر جیهان ڕقی لێتان بۆوە، ئەوە بزانن پێش ئێوە ڕقی لەمن بووە.... بەڵام ئەمەتان هەموو پێدەکەن لە پێناوی ناوی من، چونکە ئەوەی منی ناردووە ئەوان نایناسن}** (یوحەننا ١٥: ١٨ — ٢١).
- **{... بەڵکو کاتێ دێت ئەوەی دەتانکوژێت وا بیر دەکاتەوە خزمەتی خودای کردووە}** (یوحەننا ١٦: ٢).

أ- بیرۆکەو چەمکە بڵاوەپێکراوەکان ________________

١-٢ شەش چەمکی هەڵە لەبارەی ئازارەوە باس بکە:

وشەیەك لەم وشانە هەڵبژێرە:

شکست، بترسین، سەرنج ڕاکێشە، پیرۆزی، سزا، غەم

- ئازار ________ گوناهەیە
- پێویستە کە ________ ئازار چەشتووەکان
- ئازار بەلای زۆربەی باوەڕدارانەوە ________
- ئازار ________ تایبەتی خۆی هەیە
- پێویستە ________ لە چەوسانەوە
- ئازار نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ________

٢-٢ کامەیە ئەو چەمکە هەڵە بلأوەکراوانە بە بۆچوونی تۆ؟ وە ئەوەش کە هەڵێدەبژێری هۆکارەکەی ڕوون بکەرەوە:

........................................................................................................................................

## ب- کتێبی پیرۆز چی دەڵێت لە بارەی ________

٣-٢ کتێبی پیرۆز حەوت {هۆکار} دیاری دەکات بەلانی کەمەوە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی خودا ڕێگەدەدات بە ئازار. هەر یەك لەم شایەتانەی خوارەوە بخوێنەرەوەو واتای ڕوون بکەرەوە هەروەها مەبەست لە ئازار ڕوون بکەرەوە:

وشەیەك لەم وشانە هەڵبژێرە:

مەبەستەکانی، پیرۆزی، لووتبەرزی، پاك بکاتەوە، بەشێوەی ڕۆحی یەکبگرین،

- ١پەتروس ١:٦، ٧ وە ٥:١٠ تا باوەڕکەمان ________.
- ٢کورنسوس ١٢: ٧ -١٠ تا ________ لابەرێت.
- عیبرانیەکان ١٢: ٣ -١٠ تا ژیانمان زیاتر________ بێت.
- فیلیپی ١: ١٤ تا هێزی ________ بدرێ بە خەڵکی دیکەش
- ١کورنسوس ١٣: ١٢ تا ________ بزانین کە ئێستا نایزانین.
- یوحەننا ١٧: ٢٣ وە کردار٢: ٤٢- ٤٧ تا________ لەگەڵ خۆیدا.
- کردار ٨: ١-٤ تا ________ زۆربێت.

٤-٢ ترتلیان دەڵێت: {ناكرێ مرۆڤ بترسێ لە ئازار لە كاتێكدا كە سەر بە كەسێكە ئەو كەسە خۆی پیاوی ئازار بووەو ئازار چەشتوە}. ڕای خۆت شی بكەرەوە لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدا بوویت یان ڕایەكەت جیاوازە و پێچەوانەی ئەم دەستەواژەیەیت

**ئازار لە چوارچێوەی خواستەكانی خودا مەبەست و واتای تایبەتی خۆی هەیە:**
چونكە ئامانجی بنەڕتی خودا ئەگەر چی لەڕێگەی چەوسانەوەدا بێت یاخود لە ئازادیدا بێت، ئەوەیە ئێمە بگۆڕێین بۆ وێنەی ڕۆڵەكەی (اپەتروس ١: ٦، ٧ وە ٢كورنسوس ١٢: ٧- ١٠ وە عیبرانیەكان ١٢: ٣- ١٠ وە فیلیپی ١: ١٤ وە ١كورنسوس ٣: ١٢ وە یوحەننا ١٧: ٢٣ وە كردار ١٨: ١- ٤ وە ڕۆما ٨: ٩)

٥-٢ هەشت پرەنسیپ دیاری بكە كە كتێبی پیرۆز لە بارەی ئازارەوە فێرمان دەكات:

وشەیەك لەم وشانە هەڵبژێرە:
ڕێگەدەدات، ئازاردەچێژن، مەبەستی، كرداری خراپ، ئاسمانی، ئازاری، سەركەوتن، ئازارچەشتن، واتا

- باوەڕداران ______
- خودا ______ هەیە لە ئازار
- لەچوارچێوەی خواستی خودادا ئازار ______ ی هەیە
- پێویستە ئازار نەدرێین لەبەر ______.
- ______ لەپێناوی ڕاست و دروستی و پیرۆزیدا
- ئازار تێڕوانینەكانمان ئاراستە دەكات بەرەو شكۆمەندی ______.
- خاڵی هاوبەش لە نێوان ئازار چەشتووەكاندا ئەوەیە كە ئەوان بەشدارن لە ______ مەسیح دا
- دەكرێ ئەزموونی ______ لە نێوەندی ئازاردا بێت.

خودا ڕێگە دەدات بە ئازار چونكە بە بێ خاچ هەستانەوە نیە. هێزی هەستانەوە دراوە پێمان. بەڵام هەستانەوە هەمیشە بەدوای خاچ دا دێت (اپەتروس ٢: ١٩ وە ٣: ١٧- ١٩ وە ١كورنسوس ١٥: ١٩).

دوای ئەوەی کە لە چین هەڵهاتبوون پرسیاریان لە شوانێك کرد کە مامەڵەی سەربازەکان چۆن بوو لەگەڵتاندا لە زینداندا وەڵامی دایەوە و ووتی سەربازە ئێشکگرەکان {مامەڵەیان جوان بوو} هەرچەندە لە ڕووخساریدا دیاربوو ئەشکە زۆر درابوو بەڵام ئەوەی کە پرسیاری زۆری لێ دەکرد ناچاری دەکرد کە وەڵامی تەواوی بداتەوە ووتی {مامەڵەیان لەگەڵدا کردین بەو شێوەیەی پێشبینیمان دەکرد: کە گەورەکەمیان کوشت}.

یەکێك لە وەرگێردراوە ڕاڤە کراوەکان بۆ نامەی یاقوب ۱: ۲، ۳ ئەوەیە: {برایانم خوشکانم، کاتێ تاقیکردنەوەو تەنگانەو ناخۆشی جیاجیا توشتان دەبێ، وای دابنێن دەرگایەکە بۆ خۆشی تەواوەتی. وە متمانەتان هەبێت کە تاقیکردنەوەی باوەڕتان خۆڕاگری بەرهەم دێنێت}.

٦-٢ پۆڵ ئیستابروك دەڵێت: **(قبوڵکردنی ئازار نهێنی سەرکەوتنمانە نەك دووربوون لە ئازار یاخود کاتە خۆش و هێمنەکان)** پیاچوونەوە بکە بەسەر هەشت خاڵەکەی کە کتێبی پیرۆز پێشکەشی دەکات لەبارەی ئازارەوە پاشان ئەوە شی بکەرەوە کە بۆچی دەگونجێت یاخود ناگونجێت لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەی کە پێشتر باسکرا.

٧-٢ لەناو ئەزموونی خۆتدا. ئەوە باس بکە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن هەندێ کەس هەن دەگەڕێن بەدوای چەوسانەوەدا، بە گێلایەتی بەرامبەر بە کلتوری کۆمەڵگەو فەرهەنگی دەورووبەر، وە ڕاوێژی تۆ چیە کە پێشکەشیان دەکەیت گەر بکرێ سێ بابەت باس بکە وەك ڕاوێژ؟

-
-
-

ئازار مەچێژە بەهۆی خراپەی خۆتەوە کە ئەنجامی ئەدەیت. پێویستە ئێمەی باوەڕداران بە مەسیح هۆکاری چەوسانەوەمان کاری خراپی خۆمان نەبێت. چونکە ئازارچەشتن لە پێناوی ڕاست و دروستی خۆشی و شانازیە بۆمان (۱ پەتروس۲: ۲۰ وە مەتتا ۵: ۱۱-۱۲)

٨-٢ لەم بڕگانەی كتێبی پیرۆز كە لەخوارەوە هاتووە هێمای هەڵە بەژێر ئەو دەستەواژانەدا بهێنە كە پێناسەی **(فشار)** یاخود**(چەوسانەوە)** دەكات بەلای تۆوە؟ كە چۆن پۆڵسی نێرراو مامەڵەی لەگەڵ فشارو چەوسانەوە كرد؟

{[٢٣] یان خزمەتكاری مەسیح؟ من لەوان زیاتر (وەك شێتێك قسەم دەكرد) زۆر زیاتر ماندوو بووم، بەندیخانەم زیاتر چەشتووە، زۆر زیاتر داركاری كراوم، چەندین جار مردنم بە چاو بینیوە. [٢٤] جوولەكەكان بە قامچی پێنج جار قامچیان لێداوم، [٢٥] هەروەها سێ جار داركاری كراوم،جارێك خەڵك بەردبارانیان كردووم، سێ جار لە كەشتیدا بووم و شكاوە كەشتیەكە، جارێكیان شەو و ڕۆژێكی تەواو لەناو ئاوی دەریا ماومەتەوە. [٢٦] بەهۆی گەشتكردنی زۆرم هەمیشە كەوتوومەتە مەترسی ڕووبارو مەترسی دزو جەردە، هەروەها مەترسی گەلەكەم و مەترسی میللەتان، مەترسی لە شارەكان و مەترسی لەدەشت و دەرو مەترسی لە دەریاو مەترسی لە برایانی درۆزن. [٢٧] زۆر تووشی زەحمەت و ماندووبوون و شەونخونی زۆربووم، هەروەها برسێتی و تینوویەتی و ڕۆژووگرتنی زۆر، هەروەها سەرماو ڕووتی. [٢٨] ئەمانەش هەمووی لەلایەك، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەبێت زیاترخەم لە هەموو كۆمەڵە باوەڕدارەكان بخۆم. [٢٩] جا كێ هەیە لاواز بێ و من لەگەڵیدا لاواز نەبم؟ یاخود كێ هەیە بكەوێتە گوناهەو من لەخەفەتدا بۆی نەسووتێم؟ [٣٠] گەر بێتوو شانازی بە خۆم بكەم ئەوا شانازی بەدەرخستنی لاوازیم دەكەم. [٣١] خودای باوكی عیسای خوداوەندمان دەزانێت درۆ ناكەم ئەوەی تا هەتایە پیرۆزە، [٣٢] ئەو پارێزگارەی لەلایەن هارتسی پادشاوە بۆ شاری دیمەشق دانرابوو، چاودێریەكی زۆری خستبووە سەر شاری دیمەشق بۆ گرتنم، [٣٣] بەڵام منیان خستە ناو سەبەتەو لەپەنجەرەی شوورەی چواردەوری شارەكەوە منیان شۆڕكردەخوارەوە، ئیتر بەوشێوەیە رزگارم بوو لەدەستی.

[١] پێویستە شانازی بكەم، هەرچەندە هیچ سوودی نییە، بەردەوام دەبم لەسەر بینین و ئەوشتانەی خوداوەند بۆم ئاشكرا دەكات. [٢] من پیاوێك دەناسم لە مەسیحدا بوو، پێش چواردە ساڵ فڕاندیان بۆ سێ یەم تەبەقەی ئاسمان ئایا بەلەشەوە بوو یاخود بێ لەش؟ نازانم! خودا دەزانێت. [٣] هەروەها دەزانم ئەو پیاوە بۆ بەهەشت فڕێندرا، بەلەشەوە بوو یاخود بێ لەش؟ نازانم! خودا دەزانێت. [٤] لەوێ گوێ ی لەقسەیەك بوو مرۆڤ نابێ بیڵێ و ناتوانێ باسی بكات. [٥] سەبارەت بەو پیاوە شانازی دەكەم، بەڵام سەبارەت بەخۆم شانازی ناكەم، تەنها بەلاوازیەكانم شانازی دەكەم. [٦] گەر بێتوو بمەوێت شانازی بە خۆمەوە بكەم،

بێ مێشکی نیە، چونکە من ڕاستی دەڵێم، بەڵام من دەترسم لەوەی یەکێك وا لە من بکات زیاتر لەوەی دەمبینن و لێم دەبیستن. [7] تا لووت بەرز نەبم بەوشتە گەورانەی خودا بۆی ئاشکرا کردووم، دڕکێکم لێدرا لە لەشم، وەك لە نێرراوی شەیتان بێت، تا ئازارم بداو خۆم هەڵنەکێشم. [8] بۆ ئەم مەبەستە سێ جار لە خودا پاڕامەوە ئەوەم لە کۆڵ بکاتەوە، [9] بەڵام خودا پێ ی ووتم: {بەرەکەتی منت بەسە، چونکە توانای من لەلاوازی تەواو دەبێت.} لەبەر ئەوە بە دڵشادیەوە شانازی بەلاوازی خۆم دەکەم، هەتا توانای مەسیح بێتە سەرم، [10] جا لەپێناوی مەسیح، ڕازی دەبم بەرگەی لاوازی و سووکایەتی و ناخۆشی و چەوسانەوەو ماڵوێرانی بگرم، چونکە هەرکاتێ لاواز بم بەهێز دەبم. } (٢ کورنسوس ١١: ٢٣- ١٢: ١٠).

٢-٩ بۆچوونەکان چیە لەبارەی (هاووڵاتی) کە بژی لە ووڵاتی خۆیدا وە (ڕێبوار) یاخود (گەشتیار) کەسەردانی ووڵاتێکی دیکە دەکات؟ چۆن جیاوازی بۆچوونەکان دەکەیت؟

.......................................................................................................................................................................

**ج- ــــــــــــــ وە چەوسانەوە لە کاتی ئێستادا {بڕوانە کتێبی خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا}**

**سیناریۆ:**

تۆ باوەڕدارێکی چەسپاووپتەوی لە نێو ژینگەیەکی داخراو و بەرهەڵستیدا دەژی. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵ دەدەیت خۆشەویستیت بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە هاوکات زۆرینەی خەڵکی لە کۆمەڵگەکەت بە توندی ڕەتت دەکەنەوەو ڕقیان لێتە بە هۆی ئایینەکەتەوە {باوەڕکەت} کە جیاوازە لە ئەوان. زیاد لەوەش تۆ لەماڵەکەتدا کۆبوونەوەی نهێنی باوەڕداران سازدەدەیت. وای دابنێ ڕۆژێ لەڕۆژان بەیانیەك ژمارەیەك لە دراوسێکانت کۆدەبنەوەو گەلەکۆمەت لێ دەکەن و بە توندو تیژیەوە هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەت، لە پڕێکدا پۆلیس دەگاتە لاتان و گوێ لەهەردوولاتان دەگرێت،وەهێزی پۆلیس بڕیار دەدەن کە بتبەن بۆ بنکەی پۆلیس {وەدەشزانی کە لەوێ دارکاری دەکرێیت} یان ڕووبەڕووی تەنگژەیی دراوسێکانت دەبیتەوە. کامیان هەڵدەبژێریت؟ وە بۆچی؟

## چالاکی بەکۆمەڵ بۆ کۆمەڵەکەتان:

١- ئەو ئایەتانەی کە لەبیرتەو باس لە چەوسانەوەو ئازار دەکات (لەسەرپارچە کاغەزێك) بینووسە.

٢- لیستێك ئامادە بکە ناوی کەسایەتیەکانی کتێبی ی لەخۆبگرێت (بۆ نموونە داود، یوسف، ئەیوب، دانیال... هتد) وە چۆن هەر کەسایەتیەك لەوان مامەڵەی لەگەڵ فشارو چەوسانەوەدا کرد؟

## پرسیارە پێشنیار کراوەکان بۆ گفتوگۆ:

١- ئایا پێویستە باوەڕدار بە مەسیح بکەوێتە ئازارو چەوسانەوەوە زیاتر لە خەڵکی بێ باوەڕ بە مەسیح؟

٢- ئایا تۆ ڕازیت بە هەندێ لەو چەمکە هەڵانەی کە لەبارەی چەوسانەوەوە هەیە؟ بە کامیان؟

چەوسانەوە هۆکار نیە بۆ
پەکخستن و وەستانی شایەتیدان و
مزگێنی دان بە ووشەکانی خودا
(ئینجیل)
(کردار ٥: ٢٩، ٨: ١)

٣- کام لە فێرکردنەکانی کتێبی ی لەبارەی ئازارەوە کە لەسەرەوە باسمان کرد پێشتر بیرت لێ نەکردبۆوە؟

٤- فێرکردن لەبارەی ئازارەوە چۆن دەگونجێ لەگەڵ فێرکردنی کتێبی ی کە دەڵێت خودا خۆشی دەوێین وە ڕێگە نادات بە هیچ ڕووداوێك ئەگەر بۆ چاکەی ئێمە نەبێت؟

٥- ڕاوبۆچوونت چی یە لەسەر پێناسەکەی برامان ئەندرۆ لەبارەی چەوسانەوەوە کە دەڵێ (دوای هەموو هەوڵەکانت بۆ ئەوەی ببیتە هاوڕێ ی خەڵکی هاوکات تووشی ئازارو چەوسانەوە دەبیت)؟

٦- چۆن دەتوانین هاندانمان هەبێت بۆ ئەو باوەڕدارانەی زۆر بەسەختی تووشی ئازار بوونە لەناوچە داخراوەکانی جیهان؟ وە چۆن دەتوانین لێیانەوە فێربین؟

کاتێ تێڕامان دەکەین لەسەر ئەم ڕاستیانەی کە لەکتێبی پیرۆزەوە هاتووە لەبارەی ئازارەوە، ئەوا دووان لەو ڕاستیانە بنەمان و پێویستە باوەڕدار تێ ی بگات:
یەکەم: دەبێت دڵنیا بین کە ئێمە بەپێ ی خواستی خودا ئازار دەچێژین. ئەگەر جەختمان لەسەر ئەم ڕاستیە کردەوەو داکۆکیمان لێ کرد ئەوکات ئێمە ڕازی دەبین بەهەر ئازارێك کە تووشمان دەبێ.
دووەم: دەکرێ دروستکراوێکی لاوازی وەکو ئێمە ئەزموونـدار بێت لەسەرکەوتن لە بارودۆخێکی وەهادا. ئەگەر خۆتت هاندا بەم دووخاڵە. ئەوا دوژمن ناتوانێ باوەڕەکەت بڕوخێنێ هەرچۆنێك تیربارانت بکات! بەردەوام لە یادت بێت عیسای خوداوەند زیندووە لە نێوەندی گەلەکەیدا!

# وانەی سێ یەم

# وەڵامدانەوەی ناخۆشیەکان

**{وەڵامی خراپە بە خراپە مەدەنەوە،هەروەها جنێو بە جنێو، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای پیرۆزی بکەن و بزانن ئێوە بۆ ئەمە بانگکراون، تاکو ببن بە میراتگری پیرۆزی.}**

۱ پەتروس ۳: ۹

**أ- کاردانەوەی کتێبی ی لەبەرامبەر ــــــــــ**

**بەڵکو ئێمە دەم بەسوپاس دەبین چونکە خودا خواستی لە ژیانماندا هەیە وە ئەو دەستنیشانمان دەکات بە هێزی هەستانەوەکەی.**

۳-۱ یەکێك لە فەیلەسوفە داناکان دەڵێ ۲۰٪ ی ژیان بریتی یە لە کردار وە ۸۰٪ ی بریتی یە لە کاردانەوە (بەرپەرچەکردار). کتێبی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە بۆ باوەڕداران کە چۆن وەڵامی چەوسانەوەو ئازاری کردەیی بدەنەوە. هەریەك لەم کاردانەوانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە کە واتای چی دەگەیەنێ:

| |
|---|
| ووشەیەك لەم ووشانەی خوارەوە هەڵبژێرە: |
| سەیر نەبێ بەلاتەوە، دەستبگرن، سوپاس،سەرچاوە، دڵخۆش،شەرم، متمانەت، مامەڵەبکە |

- ــــــــــــــــ ئازار (۱ پەتروس ٤: ۱۲، ۱۳)
- ــــــــــــــــ (مەتتا ٥: ۱۱، ۱۲)
- دەم بە ــــــــــــ بن لە نوێژدا (فیلیپی ٤: ٦)
- ــــــــــــــــ ی ئازار هەڵسەنگێنە (اپەتروس ٤: ۱٥- ۱۹)
- ــــــــــــــــ مەکە لە ئازار (اپەتروس ٤: ۱٦)
- ــــــــــ لەگەڵ ئازار وەك چۆن مەسیح مامەڵەی لەگەڵدا کرد (مەتتا ٥: ۳۸-٤۸)
- ــــــــــــــــ لەسەر خودا دابنێ (اپەتروس ٤: ۱۹)
- ــــــــــــــــ بەیەکەوە و یەکگرتوو بن (اکورنسوس ۱۲: ۲۰-۲۷)

**ئەگەر باوەڕدار زانی ئازار لە پێناوی عیسای مەسیحی خوداوەند شتێکی نائاسایی نیە،وە هەموو باوەڕداران لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست دەبنەوە، ئەوکات دڵی هاندەدرێت.**

۲-۳ چۆن عیبرانیەکان سیپارەی ۱۱ ئەو هەڵە سەپێنراوانە ڕەتدەکاتەوە و دووردەخاتەوە کە گوایە گەر باوەڕی تەواو هەبێت دەتوانی ئازارو چەوسانەوە پەراوێزبکەیت؟

---

**ب- شێوازی مامەڵەکردنی ئەوباوەڕدارانەی کە ئامادەنین ووت ووێژ لەبارەی ـــــــ بکەن**

۳-۳ جگە لەو وولاّتانەی کە باوەڕداران تیایدا تووشی چەوسانەوە هاتوون، کلّێسا بەشێوەیەکی گشتی سستی و لاوازی پێوە دیارە لەبەرامبەر چەوسانەوەدا. بۆچی پێت وایە کە باوەڕداران ئەم کاردانەوەیان هەیە کە لەخوارەوە هاتووە؟

- ڕۆشن و ڕازاوە: (ـــــــــــ دەکرێ کە ـــــــــــ ئەمە لێرە)
- ساویلکەیی: (ئیتر ڕوونادات ـــــــــــ)
- ڕەتکردنەوە: (بەدڵنیایی خودا ـــــــــــ نیە)
- وەلانان: (کاتی ـــــــــــ نیە لەم دۆخەدا)

> (سەرکەوتنی ڕۆحی بەباوەڕ دەبێت) چونکە باوەڕ دەمانپارێزێت لە شکست بە هۆی ئازارەوە (۱پەتروس ٤: ۱۹).

**زۆرینەی کەسەکان بۆچوونیان وایە دەڵێن تا دەستوور ڕێگە بدات بە ئازادی ئایین و دەبینین کلّێساکان بلاّوەی کردووە بە پانی و درێژایی وولاّتدا ئەوا چەوسانەوەی زۆرو فراوان ناکرێ ڕووبدات لێرە.**

---

**ج- شێوازی وەڵامدانەوەی ئەو باوەڕدارانەی کە ______ لەگەڵ چەوسانەوەی کردەیی.**

٣-٤ ئەوباوەڕدارانەی کە ئامادەنەبوونەهێشتا ئەو وەڵامە یەکەمینە کامەیە کە بەکاری دەهێنن کاتێ ڕووبەڕووی چەوسانەوە دەبنەوە؟ دەستەواژە کتێبیەکان چی یە لەبەرامبەر هەر وەڵامێکدا؟

| وشەیەك لەم ووشانە هەڵبژێرە: |
| --- |
| یەك دەگرێت، یاخی بوون، گۆشەگیردەبن، هەڵدێن، هەڵدەگرن، خۆیان دەشارنەوە، |

- ڕەتی دەکاتەوە: باوەڕەکەی ڕەتدەکاتەوەو ______ لەگەڵ دوژمن
- خۆی دەشارێتەوە: ______ لەباوەڕەکەی و ______
- یاخی دەبێت: بێ هیوایی پاڵیان پێوەدەنێ کە ______ ڕووت و ڕەجاڵی لێدەرچێت
- تۆڵە دەستێنێ: چەك ______ و بەکاری دەهێنن لە پێناوی پاراستن؟
- هەڵدێت: ______ (وا دەزانن کە هەڵهاتن یەکەمین چارەسەرە).

**سەرکەوتنمان لە نێوەندی چەوسانەوەدا ڕادەوستێت لەسەر هێزی مەسیح، وەزاڵبوونی تەواوەتیمان هەر بەئەوە.**

---

**د- شێوازی مامەڵەکردنی ئەو باوەڕدارانەی کە ئامادەکراون لەگەڵ چەوسانەوەی کردەیی**

٣-٥ ئەم کاردانەوەیانەی خوارەوە ڕوونبکەرەوە وە بزانە کە کتێبی و داناییە یان چۆنە؟ باسێکی کتێبی دیاریکراو بنووسە کە یارمەتی هەر کاردانەوەیەکی کردەیی دەکات.

| لەم ووشانە هەڵبژێرە |
| --- |
| هەڵهاتن، دانیان بەخۆیاندا گرت، مافەیاساییەکانیان، |

- ______ (کاتێ زانیان ئەوە خواستی خودایە) کردار ٨: ١-٤)

نموونەی کتێبی:

- چەوسانەوە بەڵام کۆچیان نەکرد (ووتەکان ٣٢: ٣٥ وە زەبوورەکان ٤٣: ١)

نموونەی کتێبی:

- وە داوای ________ کرد (کردار ٢٢)

نموونەی کتێبی:

**بەڵام ئەم ئاراستەیەی سێ یەم خاڵێکی ناخۆش لەخۆدەگرێ ئەویش ئارەزووکردنی دادوەریە بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکی. چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ جەوروستەمدا بەشێکە لە بانگەوازی باوەڕداران بەمەسیح، وە ئەوانەی دەریدەخەن کە نارازین بەرامبەر بە ستەم و جەور خۆیان دەخەنە هێڵی پێشەوەی چەوسانەوە.**

بژی بۆ عیسا نەك بۆ خۆت. چونکە خاچ هەمیشە نهێنی سەرکەوتنە. وە خوداوەند عیسا خۆی پێشڕەومانەو ئێمەش شوێنی خاچەکەی دەکەوین (بینین ١٧: ١٤ وە ١٩: ٧-١٠ وە ٥: ٦).

لیژنەی ئازادی ئایینی کەسەر بە یەکێتی ئینجیلی جیهانی یە سەبارەت بە کڵێسا کە تووشی چەوسانەوە دەبێت یاخود ماڵی باوەڕدارێك کە تووشی چەوسانەوە دەبن ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەی هەیە

- وایان لێ بکەین هەست بە بوونمان بکەن.
- تۆمارکردنی ڕووداو وە ئاگادارکردنەوەی باوەڕداران لێ ی لە هەموو شوێنێکی جیهان.
- پێشکەش کردنی یارمەتی ماددی.
- بەرگری کردن.
- ئاگادارکردنی شوان و ئەندامەکان لەمافە یاساییەکانیان و فێرکردنیان لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت.
- پێشکەشکردنی لیستی (ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراو) ی تایبەت بە پەیڕەوکردنی ئازادی ئایینی.

٦-٣ ئایا ڕازیت لەسەر ئەو ئاماژانەی پێشوو یاخود ناڕازیت؟ بۆچی؟ ئایا کەم و کووڕی تیایە؟

### هـ- کورتە:

پێنج ڕێگەت هەیە دەکرێ خوداوەند بەکاری بهێنێ لەکێشەوچەوسانەوەکان لە ژیانتدا. ئەوە شی بکەرەوە کە چۆن خودا هەریەك لەوانە بەکاردەهێنێ لەژیانی ڕۆژانەتدا؟ یەکێك لەم ووشانەی ناو لیستەکەی خوارەوە هەڵبژێرە بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ شایەتەکانی کتێبی پیرۆز کە لەخوارەوە هاتووە:

| |
|---|
| هەڵتسێنێتەوە – بتپشکنێ – بتپارێزێ – ووتووێژت لەگەڵدا بکات – ئاراستەت بکات |



ئێمە لەڕێگەی کێشە و چەوسانەوەکانەوە فێردەبین (٢کورنسوس ١: ٢-٧ وە یاقوب ١: ٢-٤)

خودا کێشەوچەوسانەوەکان بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی ________ (پەندەکان٢٠:٣٠)

خودا کێشەوچەوسانەوەکان بەکاردەهێنێ بۆئەوەی ________ (یاقوب١:٢، ٣)

خودا کێشەوچەوسانەوەکان بەکاردەهێنێ بۆئەوەی ________ (زەبوور ١١٩: ٧١، ٧٢)

خودا کێشەوچەوسانەوەکان بەکاردەهێنێ بۆئەوەی ________ (پەیدابوون٢٠:٥٠)

خودا کێشەوچەوسانەوەکان بەکاردەهێنێ بۆئەوەی ________ (ڕۆما٥:٣، ٤)

### سیناریۆ:

وای دانێ تۆ وەکو عەبدوڵا لە ووڵاتێکدا دەژیت چێژ وەردەگریت تا ڕادەیەك لە ئازادی لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕداران کەمینەن و قێزەونن لەبەرچاوی کۆمەڵگە، ئینجا ڕژێمێکی نوێ دەستەڵات دەگرێتە دەست کە توندڕەوەو دژ بە باوەڕدارانە وە هەڕەشە دەکات

بەشێوەیەك کە سنوور دابنێ بۆ باوەڕداران، دەستپێکی پیلانەکانی ئەوەیە دەکەوێتە هاندانی توندڕەوەکان ی ناوخۆ بە ناڕاستەوخۆ و بەشێوەی نافەرمی کە هەڵسن بەسووتاندنی لانەی کڵێساکان، وە باوەڕداران دەردەکەن لەکارەکانیان. چۆن دەبێت وەڵامیان بدەیتەوە؟ ڕێگەچارەی گونجاو کەلەبەردەستدا بێت کامەیە؟ چیت پێویست دەبێت بۆ جێ بەجێکردنی ڕێگەچارەکەت؟ ئەو ڕێگەچارە هەڵبژێرراوانەی کەلەبەردەستی عەبدوڵا بوو گفتوگۆی لەسەربکە، کام بڕیار پێویست بوو وەریبگرێ کە باشترین بڕیاربوو بە پێ ی ووشەکانی خودا.

## پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:

١- لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا لەوانەیە هەستکردن بە ڕووخان بەدی بکرێت تیاتدا، ئەو هەڵوێستەی کە پێویستە بۆ باوەڕدار کامەیە؟

دوژمنەکەتان خۆش بوێت
دەبێت نوێژ بکەین لە پێناو
ئەوانەی دەمانچەوسێننەوە و
ناوسراوبین کە یەکتریمان خۆش
دەوێت.
(مەتا ٥: ٤٤، یۆحەنا ١٣: ٣٥،
اکۆرنسۆس١٣

٢- چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵ بەرهەڵستی توندا وەکو چۆن مەسیح مامەڵەی لەگەڵداکرد؟

٣- چۆن دەکرێ ئازارەکانمان گەشە بە هاوبەش ی کردنمان بکات لەگەڵ مەسیحدا وە تێگەیشتنمان بداتێ لە ئازارەکانی لە پێناوی ئێمەدا؟

٤- ئایا پێویستە لەسەر باوەڕداران بەمەسیح بۆ پاراستنی خۆیان و خێزانەکانیان و کارەکانیان باوەڕەکەیان بشارنەوە؟

٥- چۆن هەندێ لەباوەڕداران خۆیان دەبنە هۆکار بۆ تووشبوونیان بە چەوسانەوە کە هیچ پێویست نیە؟ ئایا لەو ناوچەیەی تیایدا دەژیت نموونەیەکی لەم جۆرە هەیە؟

٦- ئایا شیاوە بەتەواوەتی کە چەك هەلگری بۆ پاراستنی خۆت و خێزانەکەت؟ کتێبی پیرۆز لەم بارەیەوە چی فێرکردنێکی هەیە؟ ئەم بابەتە لەگەڵ هەر یەك لە باوەڕدارانی کۆمەڵەکە بەشداری پێ بکەو گفتوگۆی لەسەربکەن.

٧- ئایا کتێبی پیرۆز جیاکردنەوەی هەیە لە نێوان ئەرکی شارستانی و ئەرکی کەسێتی تایبەت بە چەك هەلگرتن؟

ئەم بابەتە لەگەڵ هەموو باوەڕدارانی کۆمەڵەکە بەشداری پێ بکەن وە گفتوگۆی لەسەر بکەن بەپێ ی ڕاوێژوەرگرتن لە بەلگە کتێبی یەکان.

# وانەی چوارەم

# سادەیی کڵێسا

**(ئەو سەری لەشە،واتە سەری کۆمەڵەی باوەڕداران، سەرەتاونۆبەرەی زیندووبوونەوەی دوای مردنە، تا لەسەرووی هەموو شتێک بێت.)**

کۆلۆسی ١: ١٨

١-٤ {کڵێسا} کامەیە بە پێ ی ئەم شایەتانەی کتێبی پیرۆز کە لەخوارەوە هاتووە:

- ١کورنسوس ٣: ٩
- ١کورنسوس ٢: ١٣، ١٧
- عیبرانیەکان ٣: ٦
- بینین ١٩: ٧-٩
- بینین ٢١: ٢، ٩
- ئەفەسوس ٥: ٢٢، ٢٣
- مەتتا ١٦: ١٣-١٨

کڵێسا قەوارەیەکی ڕۆحی یە نەك تەنها تەلارێك یان لانەیەك یاخود ڕێکخراوێك بێت

٢-٤ ئەوەی کە پەیوەندی دەکات بە {کڵێسا} وە کێ یە بە پێ ی ئەم شایەتانەی خوارەوە:

- ١پەتروس ٢: ٥، ٩
- عیبرانیەکان ٤: ١٦

**أ- ناوەڕۆك: مەرجە بنەڕەتیەکانی ـــــــــــــ**

٤-٣ ئەو سێ داواكاریەی داوا دەكرێ لەهەر كڵێسایەك وەپێویستە بوونی هەبێت لە هەر كڵێسایەكدا كامانەن؟

- یۆحەننا ٣: ١- ٧ وە ٢كورنسوس ٥: ١٧

______________ بە مەسیح.

- ١پەتروس ٢: ٥ وە ١كورنسوس ١٢: ١٢ وە مەتتا ١٨: ٢٠

دووان یان زیاتر ______________

- ئەفەسوس ٢: ٢٢ وە ١كورنسوس ١٢: ٢٥، ٢٦

دەستگرتن بە ______________ وە ______________

**ب- ئەرك و فەرمان: مەبەست لە كڵێسا:**

٤-٤ ڕۆحی پیرۆز چیت لێ داوادەكات كە هەڵسیت بەكارەكانی ئەو یاخود بگۆڕێیت بەئەو لەهەر ڕۆڵێك لەم ڕۆڵانەی خوارەوە؟

١- **شایەتیدان و مزگێنی دان:** ئەگەر بەڕاستی مەسیحمان وەكو خوداوەندو ڕزگاركار ناسی ئەوا لەناخماندا ئارەزووی بەشداری پێكردنی خۆشەویستەكانمان لەم ئەزموونە جوان و چاك و پیرۆزە دەبینینەوە. لەگەڵ كێ دا بەباشی پەیامی ڕزگاربوون بە عیسای مەسیح بەشداری پێ دەكەیت.

- هەنگاوە كرداریەكان:

٢- **بە قووتابی كردن:** ئێمە بەرپرسیارین كە چاودێری خەڵكی بكەین لەفێركردنیان لەبارەی كتێبی پیرۆز وژیانی باوەڕدارێتی بەمەسیح. بەقووتابی كردنت لەگەڵ چ باوەڕدارێكی نوێ دایە لە ئێستادا؟

- هەنگاوە كرداریەكان:

٣- **خزمەت:** دەتوانی بەهاندان یاخود کارێکی چاکە بەرامبەر بە هاوڕێکەت کە واقی وورماوە ببیتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆی کە بتوانێ بەرهەڵستی دوژمنی پێ بکات. ئەمڕۆ چۆن هەڵدەستی بە خزمەتکردنی کەسێك؟

- هەنگاوە کرداریەکان:

٤- **ژیانی هاوبەش:** گرنگە کە باوەڕداران کاتیان هەبێت پێکەوە لە هاوبەشیکردنی ژیانی ڕۆحی و هاندانی یەکتر وە ژیانی هاوبەشیان هەبێت لەگەڵ یەکتر
چۆن {ژیانی هاوبەش} جێ بەجێ دەکەیت؟

- هەنگاوە کرداریەکان:

٥- **پەرستن:** کتێبی پیرۆز بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێ کە پێویستە باوەڕداران خوداوەند بپەرستن، وە هۆکاری ئەم گرنگیە باس دەکات، بەڵام زۆر باسی شێوازی پەرستن ناکات. چەمك و تێگەیشتنی کتێبی بۆ {پەرستن} کامەیە؟

- هەنگاوە کرداریەکان:

**ج- شێوە: نموونەی کڵێسای یەکەمین:**

٤- ٥ فشارە بابەتیەکان دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ کڵێسا لە داهێنانی ڕێگەی نوێ بۆ مزگێنی دان و خوداپەرستی. هەندێ لەو ڕێگە داهێنراوانەی پەرستن باس بکە لەهەر یەك لەووشەکانی خوداو ئەو ناوچەیەی ئێستا تیایدای.

٤- ٦ جیاوازی نێوان کڵێسای ئورشالیم و کڵێسای کورنسوس شی بکەرەوە (١کورنسوس ٦: ١-٨ وە ٢کورنسوس ٨: ٦، ١٠، ١١، وە ٩: ١٥

| کڵێسای ئورشالیم | کڵێسای کورنسۆس |
| --- | --- |
| | |

د- ئەرکەکانی کڵێسا:

تێڕامان بکە لە (ڕاوکردن) بۆ ساتێك یارمەتیت دەدات بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و ئەرك و شێوەی {کڵێسا}

- **ناوەڕۆکی ڕاوکردن:** (ڕاوکردنی ماسی)

بەلای کەمەوە ڕاوکردن ئەم داواکاریانەی هەیە.

پێویستمان بە دوو شت ئەبێت:

کەسی ڕاوچی تا هەڵسێت بە ڕاوکردن – وە ماسی ، چونکە ماسی بەبێ بوونی ڕاوچی تەنها لەسروشتی خۆیدا دەبێت، وە بەبێ بوونی ماسی (ڕاو) بوونی نیە، تەنها کەسێك دەبینرێ لە قەراغی ئاوەکە!

- **ئەرکی ڕاوکردن:** مەبەست لێ ی: ئەوەیە کە ماسی بگرین.
- **شێوەکانی ڕاوکردن:** جۆری زۆرە هەرچۆن بتەوێت،چونکە یەك شت تەواودەکات: تەواوکردنی مەبەستەکەیە کە گرتنی ماسی یە، لەوانەیە بە قولاپ یان تۆڕ یان نارنجۆك یان تەزووی کارەبا... هتد ڕاوبکەیت، ئێمە جەخت لەسەر یاساکەی ناکەینەوە بۆ تەنها ساتێك بەلآم بنەماکە ئەوەیە: ئایا ئەم نموونەیە ئەرکەکە تەواودەکات وە دەگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکدا؟

هەمان پرەنسیپ جێ بەجێ دەبێت بەسەر ناوەڕۆك و ئەرك و شێوەكانی كڵێسادا:


- **ناوەڕۆكی كڵێسا:** بەلای كەمەوە ئەم داواكاریانەی هەیە: باوەڕداران كۆببنەوە لە ناوی خوداوەند عیسای مەسیح دا.

> چێژ وەگرە لە نەرم و نیانی ڕۆحی لەژێر ڕابەرایەتی ڕۆحی پیرۆزدا — كەی هەڵدێیت وە كەی دەمێنیتەوە وە كەی داوای كاری پەرجوو سەرسووڕهێنەر دەكەیت لەخودا (كردار ۹: ۲۳ — ۳۰ وە ۱۳: ۱۰، ۱۱ وە ۱٦: ۲۲- ۲٤ وە ۱كورنسوس ۹: ۲۲).


**ئەركی كڵێسا:** تەواوكردنی پێنج شت:
مزگێنی دان (مەتتا ۲۸: ۱۹) بەقووتابی كردن بۆ مەشق پێكردن و چاودێری كردنی ئەوانەی مزگێنی یەكەیان دەدەینێ (مەتتا ۲۸: ۲۰)، خزمەت: خزمەتی خەڵكی دەكەین تا خۆشەویستی خودا ببیننەوە (مەتتا ۲۲: ۳۹ وە ئەفەسوس ٤: ۱۲) هەروەها ژیانی هاوبەش پێكەوە (ئەفەسۆس ۲: ۱۹ وە غەلاتیە ٦: ۱۰) هەروەها خوداپەرستی.

**شێوەكانی كڵێسا:** جۆراوجۆرە هەرچۆن دەتەوێت. لەلانەی كڵێسا،لەكێلگە، لەماڵدا، وە لەڕۆژی یەك شەممەدا یاخود ڕۆژی دووشەممە. ئێمە جەخت ناكەینەوە لەسەر نەریت {تقلید} بۆ تەنها ساتێكیش بەلام بنەما ئەوەیە كە: ئایا ئەم نموونەیە كارەكە تەواو دەكات و ئەركەكە تەواودەكات وە دەگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆكدا؟
٤-۷ لەسەر ئەم وێنەیەی خوارەوە ناوەڕۆك و ئەرك و شێوە یاخود (شێوەكانی) تایبەت بە كڵێساكەت شی بكەرەوە.

## ناوەڕۆك وە ئەرك وە شێوەكانی ڕاوكردن



## ناوەڕۆك و ئەرك و شێوەكانی كڵێسا



## هـ- كڵێسای سەرکەوتوو

٤-٨ پێداچوونەوە بکە لەسەر (هۆکارەکانی کڵێسای سەرکەوتوو) ئەوەی کە ڕابەرانی کڵێساکانی ئاسیا باسیان لێوەکرد ڕیزبەندیان بکە لە ١-١٠ بەوپێ یەی کە لەسەر کڵێساکەی تۆ جێ بەجێ دەبێت:

( ١ ) بەهێزترین هۆکاری کڵێساکەمان – (١٠) زۆرترین پێویستی بۆ چاکسازی:

(   ) کڵێساکەمان ڕۆژانە ئەزموونداره لە هێزی ڕۆحی پیرۆز (تۆبەکردن).

(   ) کڵێساکەمان ئەزموونداره لە ژیانی هاوبەشی جەستەی مەسیح (ساکاری).

(   ) کڵێساکەمان شارەزایە لە کتێبی پیرۆز وە دەتوانێ بەکاری بهێنێ (ئامادەکردن).

(   ) کڵێساکەمان تێڕوانینەکەی سووربوونە بۆ شایەتی دان(مزگێنی).

(   ) کڵێساکەمان پەیوەستە بە خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان (خزمەت).

(   ) کڵێساکەمان لەناوخۆدا پشتگیری یەکتری دەکەن و نەکەوتۆتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی دەرەکی و بیانیەوە (بەخشین).

(   ) کڵێساکەمان خاڵەکانی هێز و لاوازی بەرهەڵستی دەزانێت (جیاکاری) التمییز.

(   ) کڵێساکەمان ئازایەو ئامادەیە کە شایەتی بۆ ناوی مەسیح بدات تەنانەت لە کاتی چەوسانەوەشدا (باوەڕ).

(   ) کڵێساکەمان پەیوەستە بە بەشداری پێکردنی بەرپرسیارێتیەکان. (ڕابەرایەتی بە پێ ی نموونەی کتێبی).

(   ) کڵێساکەمان نوێژ دەکات (پاڕانەوەی هەیە-پەرستن-ڕۆژوو).

## سیناریۆ: تاقیکردنەوەی کڵێسا:

٤-٩ بۆچوونت وایە کە کڵێساکەت لەتوانیدا هەیە مامەڵە لەگەڵ چەوسانەوە بکات بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر ئەگەر چی کڵێساکەت بچوکەو (تقلیدی) نیە؟ وە بۆچی؟

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ**

١- جۆری ئەو (پەیوەست بوون و پابەندبوونە) کامەیە کە پێویستە لەنێوان باوەڕداراندا هەبێت؟

٢- یەکێك لە ڕابەرەکان بەم شێوەیە پێناسەی مزگێنی دان دەکات دەڵێت (پێشکەشکردنی پەیامی مزگێنی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا گوێگر لەبەردەم دوو هەڵبژاردندا ڕادەگرێت یان مەسیح قبوڵ دەکات یاخود ڕەتی دەکاتەوە) تۆ ڕازیت بە ئەم بۆچوونە؟ ئایا خێزانەکەت باوەڕی هێناوە بەهۆی مزگێنی یەوە؟

٣- باشترین ڕێگە کامەیە بۆ هاندانی هاوڕێ باوەڕدارەکانت لەسەر مزگێنی دان؟

٤- چۆن مزگێنیٰ دەدەیت لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەستەلأتداران کاری مزگێنی دانیان قەدەغەکردووە؟ وە چۆن هەڵدەستیت بەم کارە کە بابەتی ڕۆحی لەبەر دەستتدا نەبێت و فەراهەم نەبێت لەلات؟

٥- گفتوگۆ بکە لەسەر باشەو خراپەی وەرگرتنی یارمەتی دارایی لە باوەڕدارانی شوێنێکی دیکەوە.

٦- جۆری ئەو ڕابەرە کامەیە کە کۆمەڵەکەت پێویستی پیٰ یەتی؟ وە ئامادەکاری پێویست و داواکاریەکانی ئامادەکاری بۆ ئەم خزمەتە کامەیە؟

٧- وێنەو شێوەی جۆرەها نمایشی جیاواز هەیە کە لەسەرەوە باسیان لێوەکرا بۆ تاقیکردنەوە کە ڕووبەڕووی باوەڕداران بە مەسیح دەبنەوە. گفتوگۆ بکە لەسەر هەر نموونەیەك و پرسیارێك.

٨- گفتوگۆ بکە لەسەر ئەو دە خاڵەی کە ڕابەرانی ئاسیا باسیان کرد لەبارەی کڵێسای سەرکەوتووەوە. ئایا ڕازیت بەوە. ئایا دەتەوێت خاڵێکی دیکە زیاد بکەیت لەسەر ئەو خاڵأنە؟ ئەولایەنەی کە خاڵی لاوازە لە کۆمەڵەکەتدا کامەیە؟

# وانەی پێنجەم

## شکۆدارکردنی مەسیح بە ڕێگەی جیاواز

**اهەروەها هەموو شتێکی لەژێر پێ یەکانی داناوە، کردوویەتی بەسەری هە موو شتێک بۆ کۆمەڵی باوەڕداران، کە لەشی مەسیحەو تەواوویەتی، ئەوەی هەموو شتێک تەواودەکات لە هەموو شتێک.ا**

ئەفەسوس ١: ٢٢، ٢٣

لەوانەی پێشوودا بینیمان کە زۆرترین شێوە بەربڵاوەکان لە کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا بۆ دەربرینی باوەڕی کڵێسا نموونەی دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی یە. دواتر ئەم نموونەیە زۆر ئاسانە دەستەڵاتی دیکتاتۆری و لەناوبەر لەناوی بەرێت، هەروەها ئەم نموونەیە خۆڕاگر نابێت لە کۆمەلگە بەرهەڵستیەکاندا وە لەوانەیە نەگونجێت لەگەڵ فەرهەنگ و ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری هەندێ شوێندا. پاشان با پێکەوە تێڕامان بکەین لەسەر هەندێ هەڵبژاردەی پێشنیارکراو لەبەردەم تۆو کۆمەڵەی باوەڕداران ئەگەر کەوتنە ژێر ڕکێفی کەسانێك یاخود ڕژێمێك کە هەوڵ بدات کۆمەڵەی باوەڕداران لەناوبەرێت.

**أ- شێوەکان ـــــ لەنێوان کڵێسای ناوخۆیی و دەستەڵات**

١-٥ پێگەی هێز (+) وە لاوازی (-) شی بکەرەوە لە ئەم نموونانەی خوارەوە بۆ کڵێسای ناوخۆ:

١- **کڵێسای** ________________ (نموونەی کڵێسای دامەزراوەیی (ڕێکخراوەیی) لە چین)

(+) (-)

٢- **کڵێسای** ________________ (نموونەی ئەسیوپیا و پۆلاند و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و میانمار بۆرما وە کۆلۆمبیا)

(+) (-)

٣- **کڵێسای** ________________ (نموونەی (کڵێسای نێومالآن) وە (کۆمەڵەی بچووك) وە کڵێسای خێزان لە چین)

(+) (-)

٤- **کڵێسای ئازاد** ____________ (نموونەی نیپاڵ)

(+) (-)

لەسەرمانە کە ئاگاداربین کەسێك ڕەتنەکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی بەشێوازێکی جیاواز لەشێوازی ئێمە خزمەتی خوداوەند دەکات.

٢-٥ ئەم كەسايەتيانەی خوارەوە چۆن مامەڵەیان كرد لەگەڵ تەنگژەیی و فشارەكاندا:

**سامۆئیل:** (١ سامۆئیل ١٦: ١- ٥)

**ئیلیا:** (١ پاشایان ١٧: ١ وە ١پاشایان ١٧: ٣)

**ئەستێر:** (ئەستێر ٧: ١- ٤)

**دانیال:** (دانیال ٣، ٦)

**خوداوەند:** (یۆحەننا ٨: ٥٩ وە ١١: ٥٤)

**پەترۆس و یۆحەننا:** (كردار ٤: ١٩، ٢٠)

**پۆلس:** (كردار ٩: ٢٣- ٣٠ وە كردار ١٦: ٢٢-٢٤ وە كردار ١٣: ١٠، ١١ وە ١كورنسوس ٩: ٢٢).

**كڵێسای یەكەمین:** (عیبرانیەكان ١١)

**هەموو ئەمانە نیانی بێ شوماری كڵێسا و تاكەكانی باوەڕداران ڕوون دەكاتەوە لە نموونەی كتێبی یدا لە ڕێگەی كاردانەوەیان بەرامبەر بە فشارەكان.**

٣-٥ ئایا ڕەوایە كە درۆ بكەیت لە پێناوی ڕزگاركردنی ژیانی كەسێك؟

## و- ـــــــــــ لەنێوان ئەندامەكانی جەستەی مەسیح

**٤-٥ گۆڕانی كڵێسا چۆن ڕوودەدات لە وولاتی كوت و بەندكراوی ئازادی بۆ كڵێسایەكی(نادامەزراوەیی) لەوانەیە لە ڕاستیدا زۆرترین ئازادیش بەدەست بهێنێت؟**

**سیناریۆ:**

وای دانێ تۆ شوانی و بەرپرسی کۆمەڵەیەکی باوەڕدارانی (کڵێسا) یەکی بچووکی لە نێو کۆمەلگەیەکی خێڵەکی یاخود گوندنشین، وە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لەسەرکردەی بزووتنەوە سەرکەش و یاخی بووەکان هەڕەشەت لێ دەکات کە ئەگەر چالاکی کڵێسا ڕانەگریت ماڵەکەت کە (شوێنی خزمەت و کۆبوونەوەکانتانە) دەسوتێنن تۆ چی دەکەیت؟ وە باوەڕدارانی دیکەی کۆمەڵەکەت چی کارێك بکەن؟

---

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- لەنێوان ئەو چوار هەڵبژاردەیەی کە پێشنیارکراوە لەبەردەم کڵێسای ناوخۆدا ڕابەرانی کڵێسا ناتوانن بەشداری بکەن تەنها لە سێ هەڵبژاردەدا نەبێت لە چوارەکە، بۆچی؟

٢- لەنموونەی کتێبی ی بۆ نیانی، کامەیە کۆت و بەندە پابەتیەکان (پێداچوونەوە بکە لەسەر کردار ١٥: ٢٩)؟ وە کامەیە ئەو کۆت وبەندانەی کە لەدروستکراوی مرۆڤە لەسەر نیانی؟

٣- بۆچی پێویستە ئەوە بزانین کە هەندێ لە باوەڕداران مامەڵەکردنیان جیاوازە لەگەڵ چەوسانەوەدا لە هەندێکی دیکە لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ڕێگەو شێوازەکەیان تەواوە؟

٤- ئەم پرەنسیپەی خوارەوە کە یەکێك لە کۆمەڵەکانی باوەڕدارانی وولاّتی چین بەکاری دەهێنا گفتوگۆی لەسەربکە:
**(هەموو خوشك و برایانتان لە مەسیح دا خۆش بوێ. بەلاّم تەنها متمانەتان بەوانە هەبێت تیایاندا کە خۆڕاگرن لە کاتی تەنگژەو فشاردا).**

٥- پێویستە کاردانەوەو بەرپەرچەکردارمان چی بێت کاتێ شکست دەهێنین لە دەستگرتنمان بە ڕاگەیاندنی باوەڕەکەمان بە مەسیح؟ پەترۆس چی کرد دوای ئەوەی عیسای مەسیحی خوداوەندی ڕەتکردەوە (مەتتا ٢٦: ٦٩- ٧٥)؟ ئایا بوو بە باوەڕدارێکی کارامەو کاریگەر دوای ئەوە؟

## چالاکی کۆمەڵەکەتان :

داوا بکە لەهەریەك لە کۆمەڵەکە کە ئەو خشتەیەی خوارەوە پڕ بکاتەوە بۆ کۆمەڵەکەی خۆی لە کلێسادا.

بەراوورد بکە لە نێوان خاڵی هێز و خاڵی لاواز . پاشان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر لەلایەك و بەراوورد لەنێوان هەل و هەڕەشە لە لایەکی دیکەوە ڕوون بکەرەوە .

| | |
|---|---|
| **خاڵی هێز** | **خاڵی لاواز (ناوخۆیی)** |
| **هەل** | **هەڕەشەکان (دەرەکی)** |

## وانەی شەشەم

## بارودۆخی کارەکانی کڵێسا

---

**(بۆ فلیمۆنی هاوکاری خۆشەویست، هەروەها بۆ خوشکە ئەپفییەی خۆشەویست و ئەرخیپۆسی هاوڕێمان لە تێکۆشان و بۆ ئەو کۆمەڵە باوەڕدارەی لە ماڵەکەتدایە)**

**فلیمۆن ١: ١، ٢**

---

**أ- ڕاگەیاندنی ______________ لە کڵێسا**

> براماﻥ ئەندرۆ کە ناسراوە بە(قاچاخ بەری نامەی خودا)دەڵێت سەبارەت بە بابەتی چەوسانەوە گوێم لە وەڵامی دووجۆر لە ڕابەرانی کڵێسا بووە نەک سێ، جۆرێکیان ووتوویەتی (نابێت ئەمە ڕووبدات لێرە)جۆرەکەی دیکەیان ووتوویەتی (وای بۆ دەچووین کە ئەمە ڕوونەدات لێرە).

١-٦ ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی کڵێسای (ڕێکخراو یاخود دامەزراوەیی) چی یە لە (جیهانی ئازاد)؟

---

**ب- وێنە دەرەکیەکان بۆ ڕاگەیاندن لەبارەی ______________**

٢-٦ چۆن دەکرێ ئاهەنگەکانی بووك و زاوا، پرسەی ماتەمگێریی و تەرم ناشتن، وە لەئاوهەڵکێشان بەکاربهێنین وەك ئامرازێك بۆ شایەتیدان و مزگێنی دان لە (جیهانی ئازاد) وە (کۆمەڵگە داخراوەکان ئەوانەی ئازادی تیایدا کۆت و بەندکراوە)؟

- **ئاهەنگەکانی گواستنەوە:**
- **مەراسیمی پرسەوماتەمگێریی:**
- **لەئاوهەڵکێشان:**

## ج- ــــــــــــــــــ كڵێساكانی نێوماڵان

كڵێسای یەكەمین كەنیشت و شوێنی كۆبوونەوەو گۆڕەپانی لێكۆڵینەوەو هۆڵی كراوەو قەراغ ڕووبارو كەشتی و چەندین شوێنی دیكەی بەكاردەهێنا. پەیمانی نوێ ئاماژە بە پێنج لە (كڵێسای نێوماڵان) دەكات و دیاریی دەكات لەوانەیە زیاتریش بووبێت

- ڕۆما ١٦: ٣-٥
- ڕۆما ١٦: ٢٣
- ١كۆرنسۆس ١٦: ١٩
- كۆلۆسی ٤: ١٥
- فلیمۆن ١: ٢

**خاڵە باشەكان و لاوازەكانی كڵێسای نێوماڵان:**

ئەم لیستەی خوارەوە وەرگیراوە لە لێكۆڵینەوەی ئامادەكراو كە بەهۆی هاوڕێ یەكەوە ئەنجامدراوە سەبارەت بە هاوسەنگی لە نێوان خاڵی باش و لاوازیی كڵێسای نێوماڵان لەبەرامبەر كڵێسای دامەزراوەیی و ڕێكخراوەیی دا

**خاڵە باشەكانی كڵێسای نێوماڵان ك**

- خزمەتكاری زۆر لەبەرامبەر بیروكراتی دا: كڵێساكانی نێوماڵان بۆ هەر ئەندامێك (پلەی باوەڕدار) وە (ڕابەرایەتی و خزمەتكاری) تیایدا فەراهەم كراوە لەبەرامبەردا كڵێسای بیروكراتی كە خزمەتكردن تەنها بۆ كەمینەیەكی كەمە وەكو (خزمەتكار) وە (شوان).
- ژیانی هاوبەشی گەرم وگوڕی پڕ لە خۆشەویستی بەرامبەر بە پەیوەندی دوور لە كەسێتی: كڵێسای نێوماڵان (ژیانیهاوبەشی پێكەوە بەستراو لەگەڵ ژمارەیەكی كەم پێشكەش دەكات وەكو كۆمەڵە لەبەرامبەر كڵێسای گەورە كە پەیوەندیان بە ئەندامەكانیان دیاریكراوەوسنووردارە.
- فەراهەم بوونی پارەی بەردەست لەبەرامبەر پارە بۆ لانەو تەلار: كڵێسای نێوماڵان لانەو تەلاری نیە وە پارە لەهەندێ شتی دیاریكراودا خەرج دەكات یاخود لەوانەیە هەر پارە خەرج نەكات وە پێویستی بە بڕێكی كەم پارەی بەردەست هەبێت

تاکارەکانی ڕاپەڕێنێت لەبەرامبەردا کڵێسای گەورە کە پێویستی بە بوودجەی گەورە هەیە بۆ لانەو ڕاپەڕاندنی کارەکانی.

- باوەڕدارانی چەسپاووپیرۆز لەبەرامبەردا باوەڕدارانی باوەڕدارانی تەنها بەناو: لە نێوکڵێسای ماڵان باوەڕداران پیرۆزن لەبەرامبەردا کڵێسای گەورە کە باوەڕداری زۆری تێدایە تەنها بەناو باوەڕدارن.
- بەکارهێنانی بەهرە ڕۆحیەکان بە تەواوی لەبەرامبەر پسپۆڕی: کڵێسای نێوماڵان هاندانی هەیە بۆ بەکارهێنانی هەموو بەهرە ڕۆحیەکان بە تەواوی لە خزمەتکردندا لەبەرامبەر نموونە تقلیدیەکان بۆ فێرکردن کە لێپێچینەوەی هەیەو ئەرك و فەرمانەکانی بەهرە ڕۆحیەکان سنووردار دەکات.
- قەوارەی ئەندامێتی لە بەرامبەر قەوارەی ڕێکخراوەیی: کڵێسای نێوماڵان حەزدەکات بە دروستکردنی قەوارە (ئەندامێتی یەکان) زیاتر لەبەرامبەر ئەو کڵێسایانەی داوای ڕێکخستن دەکەن زیاتر.
- خۆڕەس ی لەبەرامبەر ڕیزبەندی: کڵێسای نێوماڵان حەز بە خۆڕەسی و هەمە جۆری دەکات وە ئەندەمەکانی بەشدار پێ دەکات لە دروستکردنی پەیوەندیەکان لەبەرامبەردا ئەو کڵێسایانەی ڕیزبەندیووردی هەیە لە چالاکیەکانی و پرۆگرامەکانی لەگەڵ کەمێك لە هەمەجۆری (التنوع).
- برۆ لەبەرامبەر وەرە: کڵێسای نێوماڵان حەز بە چوونە دەرەوە دەکات بۆ ئەوەی بگات بە بێ باوەڕان بەو شێوەیەی کە دەژین چونکە قەوارەی (برۆ) ی هەیە لەبەرامبەردا کڵێسا تقلیدیەکان قەوارەی (هاتن) یان هەیە بۆ ناو لانەو تەلار کە خەڵکی ئامادە بکەن بۆ ناو لانەو تەلارەکە وە مزگێنی دانەکە بەشێوەی ڕووبەڕوو بوونەوە بەکاردێت.

**خاڵە لاوازەکانی کڵێسای نێوماڵان:**

- پەیڕەوکردنێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەرکە پیرۆزەکان: لەوانەیە ململانێ ی کڵێسای ماڵان ئەوە بێت پێشینەیەکی تقلیدی هەبێت لە پەیڕەوکردنی ئەرك و فەرمانەکان جگە لەوەش کاریگەری بوونی کەم و کوڕی ڕابەرایەتی، لەبەرامبەردا کڵێسای تقلیدی ئارەزوومەندە لە پارێزگاری کردنی فەرمانەکان.
- شڵەژان بەهۆی بارودۆخەوە: لەوانەیە کڵێسای ماڵان بەهۆی شڵەژانی بارودۆخەوە ململانێ بکرێ بۆ مزگێنی دان و بکەوێتە ئەو جۆرە مەترسیەوە لەبەرامبەردا کڵێسای تقلیدی ئەوەی نیە.

- لادەر (لەڕێ دەرچوو): لەوانەیە کڵێسای ماڵان بۆچوونی کەسێتی یاخود بیروباوەڕی هەڵەی بە ئاسانی تێدا دروست بێت بەڵام لەبەرامبەردا کڵێساکانی دیکە کە فێرکردنەکانیان کتێبی یە ئەمە تیایدا قورس دەبێت.
- فێرکردنی دیاریکراو: کڵێسای ماڵان هەربابەتێکی بەلاوە باش و گرنگ بێت بەئەوە ئامۆژگاری دەکات لەبەرامبەردا کڵێساکان حەز بە سیستەم دەکەن بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاریەکان.

ئەم لاوازیی یانەی سەرەوە لە وولاتانی داخراوو ئازادی تیایدا بەندکراو دا هەیە زیاتر لە وولاتانی ڕۆژئاواو پێشکەوتوو.

## د- ______ کڵێساکان (کۆمەڵە بچوکوکان)

**کڵێسای تەندروست باشترین کڵێسایە لەکاتی ئاسوودەیی هەروەها لە کاتی گرژی و ئاڵۆزیشدا، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بەوەیە بزانین کە کڵێسا دەبێت لەوپەڕی تەندروستیدا بێت کاتێ هەڵدەستێ بە جێ بەجێکردنی ئەو پێنج ڕۆڵەی کە بینیمان لە کڵێسای یەکەمین لە (کردار ۲: ٤۲-٤۷).**

٦-٣ چۆن کۆمەڵە بچوکەکان یارمەتی کڵێسا دەدات لەبەدەستهێنانی ئەمانەی خوارەوە؟

- هەریەکەیان خزمەتی ئەوی دیکە دەکات (غەلاتیە ٥: ١٣)
- هەریەکەیان ئەوی دیکە قبوڵ دەکات (ڕۆما ١٥: ٧)
- هەریەکەیان لەئەوی دیکە خۆش دەبێت (کۆلۆسی ٣: ١٣)
- هەریەکەیان بە ماچی پیرۆز سلاو لەوەی دیکە دەکات (ڕۆما ١٦:١٦)
- هەریەکەیان کۆڵی ئەوی دیکە هەڵدەگرێت (غەلاتیە٦: ٢)
- هەریەکەیان دڵسۆزە بۆ ئەوی دیکە (ڕۆما ١٢: ١٠)
- هەریەکەیان ڕێز دەگرێت لەوی دیکە (ڕۆما ١٢: ١٠)
- هەریەکەیان ئەوی دیکە فێردەکات (ڕۆما ١٥: ١٤)
- هەریەکەیان ملکەچ دەبێت بۆ ئەوی دیکە (ئەفەسوس ٥: ٢١)
- هەریەکەیان ئەوی دیکە هاندەدات (اتسالۆنیکی ٥: ١١)

گرتنەبەری سیستەمی کۆمەڵەکان بە تەنها یارمەتی بەردەوامیی نادات، بەڵکو هەروەها یارمەتی گەشەکردنیش دەدات. وای لێ دێت ئامادەکردنی زانستخوازان و مەشق پێکردنیان گرنگیەك و پێویست بوونێك دەبێت گەر کڵێسا بیەوێت گەشە بکات لە کاتەکانی گرژی و ناخۆشی و هەروەها لە کاتەکانی ئاسوودەیی و خۆشی دا.

٤-٦ باشە و خراپەی کڵێسای کۆمەڵە بچوکەکان ڕوون بکەرەوە.

**باشەکان:**

**خراپەکان:**

**سیناریۆ:**

**بەتەنهایی لەگەڵ کڵێساکانی ماڵان لە چین**

| وشەیەك لەمانە هەڵبژێرە |
| --- |
| تەنگژەیی، هەفتە، ئارام، کتێبی ی، (بەشێوازی نێو زیندان) ئەو شوێنانەی کە پێ ی نەگەیشتووی |

- گۆرانیە ڕۆحیەکان بە دەنگێکی ________
- بڕگەکان کۆپی بکە ________
- بەشداری ئەزموونەکانی ________ بکە
- ئایەتێکی دیاریکراو وەرگرە بۆ خۆت تا پێ ی بژیت بە درێژایی ________
- نوێژ بکە ________
- نوێژ بکە لە پێناوی ________ کەپەیامی مەسیح ________ لە وولاتەکەتدا.

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

**ئایا شیوعیەکان هەڵسان بە لەناوبردنی کڵێسا لە چین و ئەسیوپیا یان هەڵسان بە گۆڕینی شێوەی؟**

**گفتوگۆ بکە لەبارەی هۆکارەکان لەگەڵ کۆمەڵەکەت.**

**٢- پێشتر بیرت کردۆتەوە لە (ژیانی هاوبەشی باوەڕدارێتی) بە شێوەیەکی پێشکەوتوو تر لەم وانەیە؟**

**ئایا ئەم جۆرە ژیانی هاوبەشیەت تاقیکردۆتەوە؟**

**٣- پێویستە چی بکات ئەو کۆمەڵەیەی کە ژمارەیان وای لێ هات لە کۆبوونەوەدا لە ماڵدا جێگەیان نەبێتەوە؟**

**٤- شەیتان چۆن هەلەکە سەما دەکات و جاڕ بۆچی لێدەدات لە پەرتەوازەکردنی باوەڕداران؟ ئایا دەبێت ئەم نەخشەو پیلانە هەڵگەڕێتەوە لە دژی خۆی؟ چۆن؟**

**٥- ئایا هەستاون بەهیچ (ڕاستکردنەوەیەك) لە پەیڕەوکردنی کڵێسای سیستەمی کە بگونجێت لەگەڵ هەڵوێستی ئێستادا؟ گفتوگۆ بکەن لەم بارەیەوە.**

# وانەی حەوتەم
# خێزانی باوەڕدار بە مەسیح

«هەموو کوڕەکانت دەبن بە قووتابی خوداوەند و ئاشتی کوڕانت زۆر دەبێت.»

ئیشایا ٥٤: ١٣

## أ- ———— کتێبی ی لەسەر خێزان

| |
|---|
| خێزان یەکەیەکی بنەڕەتیە لە دروستکراوەکانی خودا هەر لەسەرەتاوە – پاشان یەکێتی خێزان بنەمای پەیوەندیەکەیەتی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا. |

١-٧ بۆچی یەکێتی خێزان زۆر زۆر گرنگە بەلای خوداوە؟

## ب- ———— خوداوەند بۆ خێزان

٢-٧ لە نێوان دە ڕاسپاردەکەدا دەبینین شەش ڕاسپاردەیان چارەسەری پەیوەندیەکان دەکات لەنێوان کەسایەتیەکاندا، وە لەنێوان ئەم شەش ڕاسپاردەیەشدا سێ ڕاسپاردە دەبینینەوە ئامانجی پاراستنی خێزانە.

- ڕێزی دایك و باوكت بگرە
- داوین پیسی مەکە
- چاومەبڕە ژنی نزیکەکەت

(دەرچوون ٢٠: ٧- ١٧)

تاکەکان چی دەتوانن بکەن بۆ یارمەتیدانی بەهێزکردنی خێزانەکان؟

ج- ـــــــــ لەبەردەم خێزانی باوەڕدار بەمەسیح.

٣-٧ ئەوە ڕوونبکەرەوە کە چۆن ململانێ یەکانی خوارەوە کاریگەری دەبێت لەسەر باوەڕداران لە (کۆمەڵگە ئازادەکان) وە لە دەوڵەتە گشتگیریەکان.

- کات
- فێرکردن
- هۆکاری پەل کێشکردن – ڕاکێشان
- ئایینده: خوێندن و دامەزراندن
- مادده:

................................................................................................................................

د- خێزان ـــــــــــــــــ بۆ کڵێسا

٤-٧ ئەگەر خێزانی باوەڕدار بەمەسیح لە ناوەڕۆکیدا یەکەیەکی ئامادەکراو بێت وەکو شانە ئەوا چۆن لەرێگەی ئەم کردانەی خوارەوە وێنەی کڵێسایەکی بچووکی دەبێت؟

- بەیەکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی پیرۆز دەکەن
- پیرۆزکردنی ڕۆڵەکان بۆ خوداوەند
- پەیرەوکردنی پێنج ڕۆڵەکەی کڵێسا
- پێشکەش کردنی نموونەی نوێژ

................................................................................................................................

## هـ ـــــــــــ کڵێسا بۆ خێزان

٥-٧ چۆن دەکرێ ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بۆ بەهێزکردنی خێزان جێ بەجێ بکرێت لە کڵێسا کەتدا؟

- پێشکەش کردنی فێرکردنی ڕاست و دروستی کتێبی ی لەبارەی خێزانەوە بۆ هەموو باوەڕدارێك؟

- پێشکەش کردنی ڕاوێژی تایبەت بە لاوان و ئەو ژنانەی ژیانیان پێشکەش دەکەن بە خوداوەند، بۆ وەلانانی بڕیاری هەڵەو هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

- فەراهەم کردنی پەیوەندی خێزانی باوەڕدارێتی بە مەسیح بۆ ئەو باوەڕدارانەی بێ بەش کراون لە خێزان لە چوارچێوەی کۆمەڵەی باوەڕداراندا.

- جەخت کردنەوە لەسەر تێکۆشانی کڵێسا لە فێرکردنی مەسیح لەبارەی یەکێتی خێزان.

- هاندان و یارمەتیدانی تاکەکانی خێزان بۆ گواستنەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی پێنج ڕۆڵەکەی کڵێسا بۆ نێوەندیان.

**سیناریۆ:**

- هەواڵێك دەگاتە کۆمەڵەکەت باس لەوە دەکات کە یەکێك لە خێزانە باوەڕدارەکان بە کاتێکی زۆر ناخۆشدا دەڕوات. چونکە باوکەکە هەڵناسێ بە ئەرکەکانی خۆی وەك ڕابەرێکی ڕۆحی لەبەرامبەر هۆکاری کێشەکانی ژن و مناڵەکانی خۆی.
- وای لێ دێت پەیوەندیەکانی نێوان ئەندامەکانی ئەو خێزانە زۆر خراپ دەبێت، دەنگۆی ئەوە هەیە کە ڕەنگە جیابوونەوە ڕووبدات گەر دۆخەکەیان بەرەو باشبوون نەچێت. دەبێت تۆ چی بکەیت لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا بەهاوبەشی بۆ یارمەتیدانی ئەم خێزانە؟ چۆن دەتوانی پەیوەندیەکانی دەرەوە وا لێبکەیت یارمەتیدەر بێت بۆ چاك کردنی ئەم دۆخە؟

- یەکێك لەو هێرشانەی کە شەیتان بەکاری دەهێنێ دژ بەهەر کۆمەڵەیەکی باوەڕدار ئەوەیە هەوڵ دەدات دڵسۆزی ڕۆڵەکان بە دەست بهێنێت. دوژمن دەزانێت کەم کەس لە ئێمە چاودێری و مەشق و ڕاهێنان پێشکەش بە ڕۆڵەکانمان دەکەین کە زۆر پێویستیان پێ ی هەیە، وە ئەو باش دەزانێت کە بە ئاسانی دەتوانێ هێرش بکاتە سەریان. وە ئەمڕۆ زۆر لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی مەسیح هەوڵ دەدات دڵسۆزی ڕۆڵەکان بۆ ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. زۆرجار شیوعیەکان خەلات دەدەن بە ڕۆڵەکان لەبەرامبەر گواستنەوەو پێدانی هەواڵی باوك و دایکیان بۆ ئەوان، وە ئەم کێشەیە زۆر قورسە، ئەمەش زیاتر قورستر دەبێت گەر منداڵەکان تەمەنیان بچووکتر بێت. یەکێك لە خێزانەکان لە وولاتی چین باوەڕەکەیان شاردەوە لە منداڵەکانیان تاوەکو دەرنەکەون! هێزی باوەڕی منداڵەکانت تا چەندە؟
- یەکێك لە ڕێگەکانی دیکە کە شەیتان بەهۆیەوە هێرش دەکاتە سەر خێزانەکان بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆڵەکان بە شێوەیەکی تایبەت کەمکردنەوەی هەلی خوێندنە، ئەو هەلەش تەنها بدرێت بە بەشێکی کۆمەڵگە نەك هەموان. وە ئەگەر کوڕان و کچان لایەنگیری گەرم و گوڕی دەستەلات نەبن هەلیان نادەنێ بۆ خوێندن، وە ئەو کات بێ بەش دەبن لە بەردەوام بوونیان لە خوێندن. لە زۆر کۆمەڵگەی دیکتاتۆری ئەم ڕێگەیە سەرکەوتنی بۆ دیکتاتۆرەکان بەدیهێناوە و پاڵی بە زۆر گەنج و لاوەوە ناوە کە باوەڕی باووباپیرانیان ڕەتبکەنەوە. لەیەکێك لە دەوڵەتانی ئەفریقیا دەستەلاتداران هەوڵ دەدەن هەندێ تقالیدی بت پەرستی زیندوو بکەنەوە بۆ زیادکردنی ڕێژەی لایەنگرانی سیاسی بۆ خۆیان وە لاوان تووشی فشار دەبنەوە بە ئامانجی بەشداری پێکردنیان لە پەرستنی ڕۆحە پیسەکان، گەر ڕەتی بکەنەوە ئەوا ڕووبەڕووی چەوسانەوەی توند دەبنەوە، وە ئەگەر خۆیان بدەنەدەست فشارەکە ئەوا باوەڕەکەیان لەدەست دەدەن. ئایا ڕۆڵەکانتان دەتوانن ڕووبەڕووی ئەم جۆرە فشارە ببنەوە؟ ئایا خۆت دەتوانی ڕووبەڕووی بیتەوە؟
- لەهەندێ وولات سەرۆك خێزان بیروباوەڕ دەسەپێنێ بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا و دەبێت باوەڕیان پێ ی هەبێت. ئەو کوڕەی یان ئەو کچەی یان ئەو ژنەی کە باوەڕی هێنا بەمەسیح چی بکات لەبەرامبەر ڕێزی خێزانەکەی لەگەڵ ئەوەی ڕازی نەبێت بەلاوازی لەباوەڕی بەمەسیح؟

## پرسیاره پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:

١- گۆرانی بێژ دەڵێ (جیهان دوژمنی خودایە) ئەو فشارانە کامەیە کە تۆ دەیبینیت لەم جیهانە نوێ یەدا لەسەر خێزانەکەت و شایەتیدانیان بۆ خوداوەند؟

٢- گفتوگۆ بکە لەسەر ئەوئامرازانەی کە دەکرێت خێزان وەك یارمەتی وەریگرێت کە رۆڵەکانی پێ بپارێزێت وە باوەڕەکەیانی پێ چەسپاو و دامەزراو بکات لە کاتێکدا ئەوان لە خوێندنگەی بێ باوەڕان دەخوێنن و بیروباوەڕی دروستکراویان پێشکەشکەن دەکەن.

٣- ئایا کوڕان و کچانی کۆمەڵەکەت لەچینی لاوان دەبینیتەوە کە دوورکەوتبێتنەوە لەباوەڕ؟ چی وایان لێ دەکات و چی ڕایاندەکێشێت بۆ لای خۆی؟

٤- چی دەکرێت پێشکەشی بکەیت بە کۆمەڵەکەت بە بۆچوونی خۆت بۆ هاندانی خێزانەکەت و بەهێزکردنیان؟

---

خوشکە پیرال پێشتر موسڵمان بوو لە دورگەیەکی بچووك لە باشووری فلیپین پیرال ئەو کات دەیتوانی بە زمانی عەرەبی نوێژ بکات، هاوکات سەری سووڕما لە ڕێزو خۆشەویستی دراوسێکەیان. پیرال باوەڕی هێنا بە مەسیح ئێستا خزمەتی خوداوەند دەکات هەرچەندە ئێستا دەچەوسێتەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چاودێری کڵێسایەك دەکەن زۆرینەیان لە پێشینەی موسڵمانن. کە خێزانەکەیان دەبینن پڕە لە خۆشەویستی، منداڵی دراوسێکانیان دێنەماڵیان و چێژ وەردەگرن لە یاری کردن لەگەڵ منداڵەکانی پیرال وە زۆریان پێ خۆشە کە بێن بۆ ماڵی پیرال چونکە ئەزموون وەردەگرن لە کەشێکی جیاواز، وەخۆشەویستیەکی زۆر وەردەگرن لەمامەڵەکردن لەگەڵیاندا هەلی بەردەوام هەیە بۆ منداڵانی دیکە کە بەشداری بکەن لە خۆشەویستی خودا لە ڕێگەی بەشداری کردنیان لەگەڵ پیرال. ئەم جۆرە ماڵە خەڵکی دیکە ڕادەکیچشێ بۆ مەسیح.

# وانەی هەشتەم

# دوژمنەکەت بناسە

**ئەوەی گوناهە بکات ئەوە لەشەیتانە، چونکە شەیتان لەسەرەتاوە گوناهی کرد، دەرکەوتنی ڕۆڵەی خوداش بۆ تێکدانی کرداری شەیتانە.)**

١ یوحەننا ٣: ٨

٨-١ لەهاوینی ١٩٩٨ لەناوەڕاستی چین کۆنگرەیەك بەسترا ڕابەرانێك کۆبوونەوە تیایدا نوێنەرایەتی ١٠ ملیۆن ئەندامیان دەکرد لە کڵێسای ماڵاندا. ئامانج لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەبارەی کێشە سەرەکیەکان کە ڕووبەڕووی کڵێساکانیان دەبێتەوە. ڕابەران کێشەکانیان ڕیزبەندکرد بە پێ ی گرنگیەکان وە گەیشتنە شێوازەکانی چارەسەر. چۆن تۆ گرنگترین سێ کێشە ڕیزبەند دەکەیت کە ڕووبەڕووی کڵێسا دەبێتەوە لە ناوچەکەت:

-١

-٢

-٣

٨-٢ کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ململانێ لە ژیانی باوەڕداریتی لە چوار سەرچاوەوە دێت. کامانەن؟

- مەرقوس ٧: ٢٠ - ٢٣
- یۆحەننا ١٦: ٣٣
- یاقوب ٤: ٤ وە ١یوحەننا ٢: ١٥- ١٧
- ئەفەسوس ٦: ١٠-١٢ وە ١پەتروس ٥: ٨

أ- ـــــــــــ دوژمنەکەمان

یەکێك لە خراپەترین پیلانەکانی شەیتان ئەوەیە نایەوێت ئێمە جیاکاری بکەین لە ڕاستێتی بوونی ئەو وەك خۆی کە هەیە

٣-٨ چۆن شەیتان مەبەستە بنەڕەتیەکانی لەبەرامبەر باوەڕداران بەدەست دەهێنێت ڕوونبکەرەوە؟

..............................................................................................................................

ب- ـــــــــــ دوژمنەکەمان

٤-٨ بینووسەرەوە چۆن ئەم نازناوانە یارمەتیمان دەدات تێگەیشتنمان هەبێت کە (کێ یە شەیتان)؟

- (سەرۆکی هێزی هەوا) ئەفەسوس ٢: ٢
- (گەورەی ئەم جیهانە) یوحەننا ١٤: ٣٠
- (خوداوەندی ئەم جیهانە) ٢کورنسوس ٤: ٤

..............................................................................................................................

٥-٨ ئەگەر شەیتان تەنها بتوانێ لاسایی خودا بکاتەوە بەڵام نەتوانێ بەڕاستی هیچ شتێك دروست بکات، کەواتە ئامانجە درێژخایەنەکەی شەیتان چی یە؟

..............................................................................................................................

ج- ـــــــــــ دوژمنەکەمان

٦-٨ چۆن شەیتان پیلانە خراپەکاریەکانی جێبەجێ دەکات وەك دوژمنی خودا لە نێو کڵێسا و خێزانی باوەڕداراندا؟

- شەیتان وەکو
- شەیتان وەکو ـــــــــــ

ئەو ووشەی خودا ساختە دەکات.

ئەو شکایەت دەکات لەباوەڕداران.

- شەیتان ـــــــــــە

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- هەندێ جار خەڵکی بەشێوەیەك ڕەفتاروهەڵس و کەوت دەکەن هەروەك بڵێ ی کاریگەری زۆری خراپەکاری شەیتانی لەسەر بێت. چۆن بزانین کە شەیتان بوونەوەرێکی ڕاستەقینەیە؟ گرنگی ئەم چەسپاندنە چی یە؟

٢- چۆن وەڵامی ئەوانە بدەینەوە کە دەڵێن: (ئەگەر خودا بوونی هەیە، بۆچی ڕێگە دەدات خەڵکی بێ دیفاع و بێ تاوان قوربانی بوومەلەرزە و زریان، یاخود ڕووداو کارەساتە سروشتی یەکانی دیکە بن؟)

٣- ئەو ڕوخسارە کامەیە کە خراپەکار دەمامکی چاکە دەپۆشێت بۆ فریودان بەڵام لە کۆتاییدا تێکدەشکێت و لەناودەچێت؟

٤- یەکێکیان ووتی: (شەیتان ناتوانێ ئازاری باوەڕدار بدات) ئایا ڕازیت بەم ووتەیە؟ لەبارەی ئەم بابەتەوە چی فێردەبین لە نامەی (عیبرانیەکان ١١: ٣٢-٣٩)

٥- گفتوگۆ بکە لەبارەی هەریەك لەو ڕێگایانەی شەیتان کە لەم بەشەدا هاتووە. ئایا یەکێك لەو ڕێگەیە لەناوچەکەتدا دەبینیتەوە؟

٦- (ژیان عەقڵە ڕۆح کۆنترۆڵی دەکات) ڕوما ٨: ٦
ئەگەر ژیان بریتی بێت لە هەڵبژاردن و کۆنترۆل چۆن دەکرێ ڕێگەیەکی کتێبی ی هەڵبژێرین تا وەڵامدانەوەمان هەبێت بۆ ئەو شتانەی کە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەدان؟

# وانەی نۆیەم

# پیلانەکانی دوژمن

(چاوکراوە بن و ئێشك بگرن، چونکە شەیتانی دوژمنتان وەك شێرێکی بە نەڕەنەڕ لەدەوروپشتتان دەسووڕێتەوە، دەگەڕێ بە دوای یەکێك تا بیخوات. بەربەرەکانی بکەن و چەسپاوبن لەباوەڕ، بزانن خوشك و براکانیشتان هەمان ئازار دەچێژن ئەوانەی وا لەجیهانن.)

١پەتروس ٥: ٨، ٩

## أ- ______ شەیتان

٩-١ ئەم نموونانەی خوارەوە چۆن بەڵگە لەسەر شێوازەکانی شەیتان پێشکەش دەکات؟

- کۆمەڵە ئایینیەکان ئەوانەی چەکدارن هێرش دەکەنە سەر باوەڕداران بە ڕاستەوخۆیی وە کاری توندو تیژی و دوژمن کارانە دژ بە باوەڕداران ئەنجام دەدەن.

- گۆشەگیر کردنی کەسی باوەڕدار. ئیتر ناتوانێ پەیوەندی بکات بە ئەوانەی کاریگەریان لەسەر ژیانی هەیە یاخود ئەو کەسانەی کە دەتوانن گەشە بە باوەڕەکەی بکەن.

- پەخشکردنی ڕۆحی جیابوونەوە و ململانێ لەنێوان باوەڕداران،لە نێو یەك کۆمەڵەدا.

## ب- ______ دەرەکیەکانی شەیتان لە پەیمانی نوێ دا

٩-٢ پێنج پیلانی دەرەکی (کۆمەڵەکان) ڕوون بکەرەوە کە شەیتان بەکاری دەهێنێ لە دژی کڵێساکانی پەیمانی نوێ. ڕوونی بکەرەوە چۆن دەست پێ دەکەن یان کاردەکەن کۆمەڵە هاوشێوەکان ئەمڕۆ لە ناوچەکەتدا:

- ______ کردار ١٢: ٢
- ______ مەتتا ٢٦: ٣-٤ وە کردار ٢: ٣٦ وە کردار ٥: ٤٠ وە کردار ٧: ٥٤- ٥٩
- ______ کردار ١٦: ١٩ وە کردار١٩
- ______ کردار ١٧: ٥
- ______ مەتتا ١٠: ٣٥، ٣٦

## ج- پیلانە دەرەکیەکانی دیکە

٣-٩ چۆن ئەم پیلانانەی خوارەوە دەکرێ خزمەتی باوەڕداران ئیفلیج بکات لە ناوچەکەتدا؟

- گۆشەگیری و ململانێ
- نیشتمان چێتی
- فەلسەفەی جیهان ی
- دەمارگیریی ئایینی

❖ ئەو یاسایانەی گۆڕینی ئایین قەدەغە دەکەن

❖ نێوەندی پەرستن ی تۆمارکراو یاخود لەژێر کۆنترول دا بێت

❖ ترساندن و تۆقاندن لە پەرستن دا

❖ فشاری ئابووری – هەلی کار بە گەندەڵی و بێ دادوەریی

❖ شەهیدبوون (شەهیدێکی سەرراست ئەو دەیتوانی هەڵبێت لەمردن ئەگەر باوەڕەکەی بە عیسای مەسیح ڕەت بکردایەتەوە) ئایا باوەڕدارێك کە قوربانی دەستی تیرۆریستان بێت یاخود جەنگ یاخود ململانێ ی ناوخۆ، وە بکوژرێت بە شەهید هەژمار دەکرێت؟

❖ دڵدانەوە و ئارەزووکردن

❖ ئایدۆلۆژیەت (شیوعیەت) کۆمۆنیستی

٩-٤ چۆن شیوعیەکان (کۆمۆنیستەکان) ئەم چوار شێوازەیان بەکار هێنا دژ بە باوەڕداران

- وەك یەکبوون (التحیید)
- هەڕەشەکان
- گێڕانەوەی خوێندن
- دروست کردنی بیانوو (درۆ و دەلەسەکان)

**شەپۆلە نوێ یەکان لە ____________**

**٩-٥ باوەڕدارانی ئەمڕۆ لە هەموو سەرانسەری جیهان ڕووبەڕووی پیلانی فێڵاویی دوژمن دەبنەوە بە ڕێگەو شێوازی نوێ. لەناوبردنی ئابووری شی بکەرەوە کە چۆن دژی باوەڕداران بەکاردێت لەسەر نموونەی ئەم وولاّتانەی خوارەوە:**

- **باج ی زۆر لەسەر هەناردەی کتێبی پیرۆز – پیرۆ.**
- **بێ بەش کردنی کڵێساکان لەیارمەتی ئابووری کە پێیان بگات – بەنگلادیش.**
- **نارەحەتی و قورسی زۆر لەبەردەم نوێکردنەوەی ڤیزەی چوونە ناوەوەو مانەوەی نێرراوان – ئەندونیسیا.**

---

**د- کردەی چەوسانەوە**

٩-١ جیم کننجهام پێناسەی چوار قۆناغ دەکات بۆ چەوسانەوە کە هەموویان پەیوەستن بەیەك ئامانجەوە کە دوژمنەکەمان هەوڵی بۆ دەدات ئەویش: مردن و لەناوچوون. ئەگەر (ژیان بریتی بێت لە کۆنترۆل) ڕوونی بکەرەوە کە چۆن دەکرێ هەر قۆناغێك کاریگەری هەبێت لە خزمەتەکەتدا (لۆقا ٦: ٢٢ وە ڕۆما ٨: ١٧).

- **قۆناغی یەکەم: ترساندن (ڕقیان لێت دەبێتەوە)**

بەهۆی ئەوەی کە (باوەڕت) پێ ی هەیە – وە بەمەش دەکرێ گاڵتەت پێ بکرێ و فێڵت لێ بکرێ.

**بینین و هیوات با لەسەر ڕێگەی تەندروستدا بێت.**

- **قۆناغی دووەم: دەورگرتن – دەورەدان (دوورت دەخەنەوە)**

بەهۆی ئەوەی (قسەی لەسەر دەکەیت) پێ ی دەدوێیت بەمە دەکرێ بێ دەنگت بکەن وە بتکەوێنن.

**تا شایەتی دانەکەت و باوەڕەکەت بدۆڕێنن.**

- **قۆناغی سێ یەم: یەخەگرتن – بەرۆك گرتن (شەرمەزارت دەکەن)**

بەهۆی ئەو (کارەی) کە دەیکەیت وە بەمە دەکرێ کۆنترۆل ت بکەن وە ڕاوت بنێن.

**تا خۆشەویستیەکەت تێك بشکێت.**


- **قۆناغی چوارەم: وێران کردن – (ڕەتت دەکەنەوە)**

بەهۆی ئەوەی کە (هەی) وە بەمە دەکرێ لاتبەرن وە وێرانت بکەن.

**بۆ تێکشکاندنی هەوارەکەت و کاریگەریەکانت.**

## دەوڵەتانی چەوسانەوە

له ئامادەکردنی جیم کننجهام م- ٢٠٠٣




**{خۆزگەتان پێ دەخوازرێ کاتێ خەڵك ڕقیان لێتان دەبێتەوە، جیاتان دەکەنەوە، جنێوتان پێ دەدەن، بە بەدکار ناوتان دەبەن، لە پێناوی ڕۆڵەی مرۆڤ. شادومان و دڵخۆش بن چونکە پاداشتتان مەزنە لە ئاسمان، باووباپیرانیان بەو شێوەیە هەڵس وکەوتیان کردووە لەگەڵ پێغەمبەران } لۆقا ٦: ٢٢، ٢٣ تەماشای ڕۆما ٨: ١٧ بکە.**

٩-٧ لەوانەیە هێرش کردنە سەر باوەڕداران ڕوودبات لەهەر قۆناغێك لەو قۆناغانەی پێشوودا، بەلاّم نەخشەو پیلانی سەرتاو کۆتایی دوژمن لەیەك شتدا دەمێنێتەوە کە مەبەستێتی ئەویش مردنە. بینووسەرەوە کە چۆن دەکرێ چەوسانەوە چواردەوری وولاتێك بدات لە ڕێگەی:

- زانیاری هەڵبەست و چەواشەکاری؛
- جیاکردنەوە؛
- چەوسانەوە؛

**سیناریۆ:**

دەسەڵات ڕایدەگەیەنێ کە یاسایەك دەردەکات، لە ماوەی یەك ساڵدا هەڵدەستێ بە داخستنی هەموو ئەو کڵێسایانەی کە دروست بوونە بەبێ مۆڵەتی فەرمی. لەسەروو ئەوەشەوە کۆبوونەوەی باوەڕداران لە ئوتێل و شوێنە گشتی یەکان قەدەغە دەکات. وای دانێ تۆ چاودێریی یەکێك لە ئەو کڵێسایانە دەکەیت کە دروست بووە بەبێ مۆڵەتی فەرمی. ئەوکارانە چین کە پێویستە پێ ی هەستی بۆ بەردەوام بوونی کڵێساکەت لە خزمەتەکەیدا؟

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- بەبۆچوونی تۆ هۆکار چی یە لە پشت گەشەکردنی کڵێساو هێزی کڵێسا – وە زۆرجار زۆربوونی ژمارەی – لە دەوڵەتە شیوعیەکان؟

٢- بۆچی قورسە بۆ کڵێسا سیستەمیەکان ڕاگرتنی (ژاوەژاو) یاخود ئاژاوە؟ چۆن کۆمەڵەی باوەڕداران (باوەڕدارە ڕاستەکان) ئامادە دەبن مامەڵە لەگەڵ (ژاوەژاو) بکەن چۆن دەتوانی پارێزگاری لە ڕۆحی متمانە و یەکێتی بکەیت لە نێوان باوەڕداران لە کەشێکدا کە پڕ بێت لە فێڵ و فریودان؟

٣- کڵێسای یەکەمین چۆن ڕووبەڕووی چەوسانەوەو پەرتەوازەیی و بەش بەش بوون بوونەوە؟

٤- کۆمەڵە بەشداری پێ بکە لەئەگەری ڕووداوەکان، پاشان گفتوگۆ بکەن پێکەوە لەسەر شەش پیلانە دەرەکیەکانی شەیتان کە بەکاری دەهێنێ. چی دەتوانن بکەن لە ڕووی ئەم شێوازانە، کام لەو شەش پیلانە بوونی هەیە لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تۆ دەژیت تیایدا؟ ئەو هەڵوێستانە کامەیە کە پێویستتانە پێ ی بگەن تا خودا لەڕووی ڕۆحیەوە بەڵێنتان بداتێ پێکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن؟

# وانەی دەیەم

# جەنگی ناوخۆ

ئجا ملکەچی خودا بن و بەرهەڵستی شەیتان بکەن تا لێتان هەڵبێت!

یاقوب ٤: ٧

## أ- دوژمنی ناوخۆ

١٠-١ تا ڕادەیەك ئاسانە نەخشەو پیلانە دەرەکیەکانی شەیتانی دوژمنمان کەبەکاری دەهێنی بیناسینەوە، بەلآم نەخشە ناوخۆیی یەکانی زۆر فێلآویی یە لەهەندێ حالەتدا لەوەدەستهێنانی ئامانجەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت. ڕوونی بکەرەوە کە چۆن لە ژیانتدا مامەلە دەکەیت لەگەڵ هەموو پیلان و نەخشەکانی ئەو نەگریسە:

### ١. تاوان

١٠-٢ چۆن تاوان دەبێت بە چەکێکی کاریگەر؟

١٠-٣ چۆن مامەلە دەکەیت لەگەڵ تاوانێکدا کە دانت پێدا نەهێناوە؟

١٠-٤ ئەم ڕێگایانە ڕوون بکەرەوە کە دژ بە تۆمەتبارکردنەکانی شەیتانە (بڕوانە بینین ١٢: ١١)

- خوێنی بەرخەکە
- ووشەی شایەت
- خۆشەویستی خۆبەخشین

٢- **هەستی درۆ بەتاوان:** (حوکم بەسەردان و پێوەری مرۆڤەکان)

١٠-٥ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیار: چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵ ئەوانەی کە پرسیار دەکەن: (بۆچی دەستەڵات گوێ ڕایەڵ نابێت)؟

١٠-٦ ڕووخسارە دەرەکیەکان لە پەرستن: چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەیتەوە کە پرسیار دەکەن بە گومانەوە: (ئایا دەکرێ دوو کەس یان سێ کەس کۆبوونەوە ئەنجام بدەن لەژێر دارێکدا لە یەکێك لە ڕۆژەکانی هەفتە تۆ بڵێ ی ئەو کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی ڕاستەقینە بێت؟

هەڵوێست لەبەرامبەر دەستەڵات: کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە بەرپرسیارێتیمان لەبەرامبەر دەستەڵاتدا ئەمانەیە:

- ملکەچی
- گوێ ڕایەڵی یاساکان
- کاری چاکە
- ڕێزگرتنی هەریەك لە نێودەستەڵاتدا
- ئاشتی لەگەڵ خەڵکی و خۆشەویستیت بۆیان
- نوێژکردن لە پێناوی هەموو ئەوانەی لە دەستەڵاتدان
- دانی باج
- بە هیچ شێوەیەك خراپ نەبیت بۆیان

١٠-٧ (یاخی بوونی مەدەنی) کامەیە؟ چۆن ئەمانەی خوارەوە زیاتر لە خەڵکی گوێ ڕایەڵی خودا بوون؟ (کردار ٤: ١٩، وە کردار ٥: ٢٩)

- شدرخ و میشخ و عەبدنغو

- دانیال

- پەتروس و یوحەننا

- پوڵس

٢- **ترس:** (بەڵگەی درۆیە وا خۆی دەردەخات گوایە ڕاستە)

ترس پشت دەبەستێ بە هەست پێکردن.

٨-١٠ چۆن شەیتان (ترس) بەکاردەهێنێ تا فشار و چەوسانەوە زیاتر بکات لەژیانی ڕۆژانەتدا؟ چۆن (خۆشەویستی پڕ و تەواو) ترس فڕێ دەداتە دەرەوە؟

٩-١٠ چۆن دەتوانی ئەمانەی خوارەوە بەکار بهێنی دژ بە (ترس)؟

- فیلیپی ٤: ٦، ٧ وە کردار ٢٧: ٢٣-٢٥

- عیبرانیەکان ١٠: ٣٢-٣٩

- ڕۆما ٨: ٢٨

- لۆقا ١٢: ٤، ٥

- مەتتا ١٠: ٢٨

١٠-١٠ چۆن دەتوانی ئەمانەی خوارەوە تێك بشکێنی:

- ترس لە کاتی قەیرانەکان

- ترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و گوناهە

١١-١٠ پیتەکانی چینی کە بەکاردێت لە نووسینەوەی ووشەی (قەیران) دوو پیت لەخۆ دەگرێ: یەکەم بەواتای (بڤە) یاخود مەترسی وە دووەم بە واتای (هەل). کاتێ جەخت دەکەینەوە لەسەر (بڤە) یاخود (هەل) چی ڕوودەدات؟

### ٤- تێکەڵەی بیروباوەڕەکان

**١٠-١٢ (ئەنجامی کۆتایی بۆ سەرکەوتن لە کۆمەڵگەکانی ئازاد وای لێ دێت چەند یاسایەك دەردەچن گۆڕینی ئایین قەدەغە دەکات وە شایەتیدانی باوەڕداران قەدەغەدەکات)** ئایا تۆش پێت وایە یان نا؟ وە بۆچی؟

لە ئۆکتوبەری ١٩٩٩ چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز وە پێکهاتوو لە ١٠ هەزار کەس لە تایەفە جیاوازەکان لە ڤاتیکان لە ڕۆما لە ناو کۆبوونەوەی پاپای ڕۆماو دەلای لاما و یەکێك لە زانایانی ئیسلامی کە بە دەبل یو دی محەمەد ناودەبرێ. ووتەبێژ بەناوی ئایینی هیندۆسەکان ووتی: (تێبینیمان کرد کە نوێنەری هەموو ئایینەکان لەسەرەتاوە ڕێککەوتن لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە پێ ی دەووترێت چەند ڕاستیەکی جیهانی هاوبەش هەموو ئایینەکانی جیهان کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەم ئایینانە ڕێگەی جیاواز دەگرنە بەر بۆ هەمان ئامانج، وە ئەوەی مایەی هاندانە ئەوەیە ئێمە کەس نابینینەوە ڕەخنە لەسەر ئەم بیرۆکەیە بگرێت!)

### ٥- مەزهەبی ماددی:

ئەمەیان ڤێڵاویی ترین ڕێگەی شەیتانە کە دەیەوێت باوەڕداران بکەونە ناوی، لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەموو ئەو شتانەی کە جیامان دەکاتەوە لە بێ باوەڕی تیاماندا هەبێت وەکو باوەڕدار بە مەسیح، لەگەڵ ئەوەشدا دڵمان هەر بەتەواوی لەلای پارەو ماددە هێشتا مابێتەوە.

١٠-١٣ یەکێك لە ڕابەرانی کڵێسا لە ڕۆمانیا – ئەو ووڵاتەی پێشتر لە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی شیوعی و ئێستا ئازاد – دەڵێت (ئەزموون فێری کردم کە ٩٥٪ لە باوەڕداران ئەوانەی ڕووبەڕووی چەوسانەوەی دەرەکی دەبنەوە، دۆخەکە ڕەتدەدەن زۆر بە سەرکەوتوویی. لەکاتێکدا ٩٥٪ لە باوەڕداران ئەوانەی ڕووبەڕووی ئەزموونی خۆشگوزەرانی دەبن دەدۆڕێن!) بۆچی ئەم دەستەواژەیە ڕاستە؟ چۆن دەتوانی زاڵ بێت بەسەر ماددیەتدا؟

١٠-١٤ یەکێك لە سەرچاوەکانی کێشەو ململانێ ی ماددی لە کڵێسا بەخشینە بە دڵفراوانی کە باوەڕدارانی ڕۆژئاوا و نێرراوەکانی پێشکەشی کڵێسای نێومالآنی دەکەن. کۆمەڵێك لە کڵێساکانی ئەوروپا هەڵسان بە پێشکەشکردنی ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ یەکێك لە ڕابەرانی کڵێسای ماڵان تا کۆلێژێکی نهێنی تایبەت بە لاهوت ی پێ دامەزرێنێت، بەڵام سێ

بەشی ئەو برە پارەیەی لە ئامانجی داواکراو بەکارهێنا و باقیەکەی حەپەلوش کرد. سەرپەرشتیارو چاودێری ئەم ڕابەرە ووتی: (کەم کەس لێرە دەتوانن بەرهەڵستی ئەم جۆرە ئارەزوو کردنە بکەن، لە کاتێکدا کە بەردەوام و بەدرێژایی ژیانمان لە هەژاریدا ژیاوین. بەڵام پێویست ناکات ڕابەر بخرێتە ئەم جۆرە دۆخ و هەڵویستەوە، چونکە پارەکەی ڕاستەخۆ بە شێوەی کەسێتی درابوویە بەبێ هیچ چەسپاندن و بەڵگە و بەرپرسیارێتی یەك).

ڕابەرانی کڵێسا لە چین داواکاریەکیان ڕووبەڕووی باوەڕدارانی ڕۆژئاوا کردبۆوە: (بەڕێزان تکاتان لێ دەکەین پێش ئەوەی پارە پێشکەش بکەن نوێژی بۆ بکەن، وە هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئەو نێرراوە ناسراوانەوە پێشکەشی بکەن کە مێژووەکەیان پڕە لە پەیوەندی لەگەڵ کڵێسای نێو ماڵان وە هەروەها نزیك بن لە هەنگاوەکانی کڵێسای ماڵان، وابکەن کە بەخشینی کەسێتی زۆر سنووردار بێت بە پێ ی توانا).

**ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدای یان نا؟ بۆچی؟**

**ب- کورتە:**

> هەموو هێرشەکانی شەیتان لە دوولایەنی سەرەکی لە هەڵس و کەوتیدا دەسوورێنەوە: فێڵ و ترساندن

**سیناریۆ:**

وای دانێ تۆ لە وولاتێکی داخراودا دەژیت، وە پێویستت بە پارەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کووڕیت هەیە لە کتێبی پیرۆز و شت و مەکی مەشقی ڕۆحی. ڕۆژێك کەسێکی ڕۆژئاوایی سەردانی کۆمەڵەکەت دەکات کە کەسێکی ڕووخۆش و خۆشەویستە، پرۆژەی پێشکەشکردنی بڕێکی زۆر پارەی خستە بەردەمت بە مەرجێك کۆمەڵەکەت یەکبگرێت لەگەڵ تایەفەکەیدا لە ڕۆژئاوا. وە ئەو بەڵێنت دەداتێ کە زۆر لەوە زیاتر پارە بدات ئەگەر توانیت کڵێسای نوێ دامەزرێنی.

أ- ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە ڕابەرانی کڵێسای ناوخۆ دەتوانن بیگرنەبەر بۆ پاراستنی هەریەك لە ئایندە و ئەوەی کە پارەکە دەدات؟

ب- پێویستە پارە بدرێ بە کێ؟ ئایا بە تاك یان لیژنە؟

ت- ج- ئەو هەنگاوانەی کە فەرم ین و دەبێت کاری بۆ بکرێ کامانەن؟

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- چۆن دەتوانی تاوانی ڕاستەقینە جیا بکەیتەوە لە تاوانی درۆ؟

٢- ئەگەر دانت نا بە گوناهەکەتدا، چی ڕوودەدات لەتاوانی ڕاستەقینە؟

٣- ئەو شتانەی کە لەدەرەوەی چوارچێوەی دەستەڵاتی حکومەتی مەدەنیدایە کامانەن؟

٤- ئایا ئەو وێنەیەی ژیانی هاوبەشی کڵێسای یەکەمین پێشکەشی کرد دەکرێت بەدەست بێت لەناوچەکەتدا؟ کام وێنەیە دەکرێت بەدەست بێت بە لای تۆوە؟

٥- لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا گفتوگۆ بکە لەسەر ئەو پێشنیارانەی پێشوو کە باسکران لەژێر ناونیشانی زاڵ بوون بەسەر ماددەدا. چۆن دەکرێ جێ بەجێ بکرێ لە بارودۆخی ئێوەدا؟

# وانەی یازدەهەم

# جەنگی ڕۆحی

**(چونکە ئەو چەکەی شەڕی پێ دەکەین جیهانی نییە، بەڵکو چەکی خودایە، توانای لەناوبردنی هەموو قەڵایەکی پتەوی هەیە)**

٢کورنسوس ١٠: ٤

١-١١ (کاتێ ئێمە وەکو باوەڕداران سەرقاڵ دەبین بە جەنگی ڕاستەقینەوە، زۆر مەترسیدارە گەر چاو ببڕینە سەر هێزی خراپەکار، بەڵکو زۆر گرنگە کە چاوببڕینە سەر خودای زیندوو) بۆچی بۆ ئەمڕۆمان ئەم دەستەواژەیە زۆر گرنگە؟

٢-١١ (جەنگی ڕۆحی زیاتر شێوەی لە جەنگی لات و شەقاوە (سەرسەری) دەچێت نەك جەنگی تقلیدی) هەندێ لەو نموونانەی کە ڕاستێتی ئەم دەستەواژەیە ڕوون دەکاتەوە باس بکە. (ئەفەسوس ٢: ٦ وە ٢کورنسوس ٤: ١٨).



**چەکە ڕۆحیەکان بەکارامەیی بەکاربهێنە تا لەژیانتدا بەرووبوومی ڕۆح بەرهەم بدات**

**(ئەفەسوس ٦: ١٠- ٢٠ وە غەلاتیە ٥: ٢٢)**

**أ- پێناسەی ــــــــــــ ڕۆحی**

٣-١١ ئەگەر ستراتیژیەتی بنەڕەتی شەیتان کە دەیگرێتەبەر ئەوە بێت (پەرش و بلاو پێکردن و داخستن) بێت چۆن چۆنی دەتوانێ ئەمە بکات؟

## ب- جەنگی ڕۆحی لەسەر ئاستی ________

١١-٤ ئەمڕۆ چۆن کەسێك وای لێ دێت بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی خراپەکارەوە؟

- ڕۆما ٣: ٩-١٢
- کردار ١٩: ١٨، ١٩
- مەرقۆس ٩: ١٧-١٨
- ژمارە ١٤: ١٨

لە مەرقۆس ١: ٢١-٢٨ خوداوەندمان عیسای مەسیح نموونەی کەسێکمان دەداتێ کە ڕۆحە پیسەکانی تێدابوو وە ئازاد بوو لە ئەشکەنجەی ئەو ڕۆحە پیسانە.

## ج- جەنگی ڕۆحی لەسەر ئاستی ____________

١١-٥ چی هەواڵێکمان دەداتێ ئەو باسەی کە لە کردار ١٦: ١٦-٢٣ هاتووە لە ڕۆڵ بینینمان لە جەنگی ڕۆحی دا؟

## د- جەنگی ڕۆحی لەسەر ئاستی شار یاخود ئاستی ______________

١١-٦ مەتتا ١٢: ٢٩ بخوێنەرەوە چە ئەگەیەنێ ووتەکەی خوداوەند عیسای مەسیح وە واتای ئەوە چیە کە ئەگەر بتەوێت کەسێك ئازاد بکەیت گرنگە کە یەکەم جار هێزەکەی ببەستیتەوە؟

## هـ- چۆن ـــــــــــــ جەنگی ڕۆحی

١١-٧ ئەوە ڕوون بکەرەوە چۆن بەکاری دەهێنی (یان دەتوانی بەکاری بهێنی) بەشەکانی کتێبی ی هاتوو لە خوارەوە دژ بە شەیتان:

- پاڕانەوە: ئیشایا ٦٢: ٦، ٧
- خۆشەویستی خودا: بینین ١٢: ١١
- ڕۆژوو: ئیشایا ٥٨: ٦
- پەیوەندی بەگوڕوگەرم لەگەڵ خودا: زەبوورەکان ٨٤: ١-٤
- بەرهەڵستی: یاقوب ٤: ٧
- مزگێنی دان: کردار ١٦: ١٦-٤٠

---

**سیناریۆ:**

١- ئایا بە تەواوی مەترسی جەنگی ڕۆحی دەزانیت؟ چی دەتوانیت بکەیت لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا تا زیاتر هۆشیاربیت لەم بارەیەوە؟

٢- هەست بە بوونی سەربازە ڕۆحیە خراپەکارەکان دەکەیت لە ناوچەکەتدا؟ ئایا ئەوانی دیکەش لە ناو کۆمەڵەکەتدا هەستی پێ دەکەن وەکو تۆ؟
تا چەند ئەمە یارمەتی ژیانی نوێژتان دەدات لەناو کۆمەڵەکەتاندا؟

٣- ئەگەر شەیتان بەڕاستی دوژمنێکی دۆڕاوە و شکست خواردووە، ئیتر بۆچی پێویستە بەرهەڵستی بکەین و جەنگ لەگەڵ هێزەکانیدا بکەین؟

# وانەی دوازدەهەم

# تەگبیرو پیلانی خودا: چەکی تەواوەتی

---

(خۆتان چەکداربکەن بە چەکی تەواوی خودا، تا بتوانن بەرامبەر پیلانەکانی شەیتان خۆتان ڕاگرن.)

ئەفەسوس ٦: ١١

---

## چەکی خودا



### أ- چەکی بەرگری ڕۆحی:

هەر پارچەیەك لە چەکی ڕۆح یت بپشکنە وە ئەگەر ڕاستکردنەوەیەك هەیە دەتوانی بیکەیت، باسی بکە لە کاتێکدا (پارچەکان دەپۆشیت) بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمڕۆتدا زیاتر بگونجێت.

- کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری
- سپەری ڕاست و دروستی
- قەڵغانی باوەڕ
- پشتێنی ڕاستی
- پیلاوی مزگێنی ئاشتی

---

### ب- چەکی ڕۆحی هێرش بەریی:

- شمشێری ڕۆح (ووشەی خودا)

چۆن ووشە وەکو شمشێری لێ دێت ڕوون بکەرەوە.

- نوێژ: (ژیانێکە هەموو ساتێك لە ئامادەبوونی خودادایە)

بۆچی نوێژ بە (چەکێکی هێرش بەریی دادەنرێت)؟



ووشەی خودا لە دڵتدا پارێزگاری بکە و گوێ ڕایەڵی بە، باجەکەی هەرچیەك بێت (زەبوورەکان ۱۱۹: ۱۰۵ وە غەلاتیە ۲: ۲۰ وە ٦: ١٤ وە کردار ٥: ٢٩)

| چەکی خودا | ڕاستی بناسە لە... | خوێندنەوە کتێبی یە بنەڕەتیەکان |
|---|---|---|
| پشتێنی ڕاستی | خودا (عیسایمەسیح) گەورەیی و خۆشەویستی و دانایی و پیرۆزیەکەی. | ووتەکان ٤: ٣٩، زەبوورەکان ٢٣: ١ زەبوورەکان ١٨: ١-٣ |
| سپەری ڕاست و دروستی | ڕاست و دروستی کەسێتی یت لە خوداوەند عیسای مەسیح و خوێنی ڕژاوی لە جیاتی تۆ | زەبوورەکان ١٠٠: ٣، ڕۆما ٣: ٢٣-٢٤ وە ٦: ٢٣ وە غەلاتیە ٢: ٢٠-٢١ وە فیلیپی ٣: ٨-١٠ |
| پێلاوی مزگێنی ئاشتی | ئاشتی ناوخۆو ئامادەبوون.. بەهۆی پەیوەندیمان بە خوداوەند عیسای مەسیح ە | ڕۆما ٥: ١، ئەفەسۆس ٢: ١٤، یۆحەنا ١٤: ٢٧ و ١٦: ٣٣ و ٢٠: ٢١ |
| قەڵغانی باوەڕ | ژیان بە باوەڕەو.... و متمانەی بەردەوام لەخوداداو ووشەکانیدا | ڕۆما ٤: ١٨-٢١ وە عیبرانیەکان ١١: ١ وە ١پەتروس ١: ٦-٧ |
| کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری | بەڵێنەکانی خودا بە ڕزگاری ڕۆژانە و تاهەتایی لە عیسای مەسیح دا | ڕۆژانە: زەبوورەکان ١٦، ٢٣ وە عیبرانیەکان ١: ٣-٦<br>تاهەتایی: ٢کورنسوس ٤: ١٦-١٨ وە ١ تسالۆنیکی ٤: ١٧<br>وە ایۆحەننا ٣: ١-٣ |
| شمشێری ڕۆح ووشەکانی خودا | هێزی ووشەی خودا لە ڕووبەڕووبوونەوەی فێڵەکانی شەیتان و شکایەت کردنەکانی | عیبرانیەکان ٤: ١٢ وە مەتتا ٤: ٢-١١<br>وە ١پەتروس ٢: ١٥ وە زەبوورەکان ١١٩: ١١٠-١١٢ |

**سیناریۆ:**

هەریەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکە هەڵسن بە بینینی ڕۆڵی یەکێك لە پارچە یاخود ڕەگەزی چەکە مادیەکان وەکو جەنگاوەری ڕۆمانی وە چۆنیەتی بەکار هێنانی. ئەوەش نمایش بکەن کە چۆن بە نەبوونی هەر پارچەیەك لە چەکەکان کاریگەری لەسەر توانای جەنگاوەر کەم دەکاتەوەو لە جوڵاندن و بەکارهێناندا بەرگری کردنەکە لاواز و ئیفلیج

دەکات. پاشان هەستن پێکەوە بە فراوانکردنی چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ڕۆحی بۆ هەر یەك لە پارچە چەکەکان. کاتێك بەسەر بەرن لە نوێژکردن لە پێناوی پێویستیە ڕۆحیەکانی کۆمەڵەکەت و کڵێساکەت. هەروەها ئەو باوەڕدارانەتان لەبیر نەچێت لە نوێژەکەتاندا کە لەسەرانسەری جیهاندا دەچەوسێنەوە.

## چالاکی کۆمەڵە:

١- اساموئیل ١٧ بخوێنەرەوە، وە پرەنسیپەکانی جەنگی ڕۆحی باسکراو تیایدا لەم سیپارەیەدا دیاری بکە.

٢- ئەوە ڕوون بکەرەوە کە چۆن داوود لەم بەش کتێبی یەدا (لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی پەیمانی کۆندا نووسراوە) پشتی بەستووە بە هەموو بەشێك لە بەشەکانی چەکی تەواوەتی خودا کە ڕوونکراوەتەوە لە ئەفەسوس ٦.

## پرسیاری پێشنیارکراو بۆ گفتوگۆ:

١- پێکەوە گفتوگۆ بکەن لەبارەی جێ بەجێکردنی کردارەکی بۆبەکارهێنانی هەموو بەشێك لەبەشەکانی چەکی تەواوەتی خودا لە ژیانتاندا.

٢- چۆن جەخت بکەینەوە بە ڕێگەیەکی کردارەکی ئێمە پشت بە چەکی (تەواوەتی) خودا ببەستین؟

٣- ئەو وێنە دیارەی کە لە وێنەی چەکی جەنگاوەری ڕۆمانی دەچێت لە فەرهەنگی ئێمەدا کامەیە وە بتوانین بەکاری بهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگەی پاراستن و هێز لە جەنگی ڕۆحیدا؟ لە هیندستان وێنەی یاریزانی کریکت مان هەیە کە ڕووبەڕووی تیرئەندازی جووڵە خێرا و دەست وبرد دەبێتەوە. وە لە کەنەدا وێنەی گۆڵچی یاری هۆکی جلید دەبینین کە ئامادەیە بەربەستی ئەو جامە لاستیکیانە بکات کە وەکو مووشەك دەردەپەڕێت.

# وانەی سیازدەهەم

## تەگبیرو پیلانی خودایی: ڕۆحی پیرۆز

**(گەر بێت و ئێوەی بەدکار، بزانن ئاوها بە منداڵەکانتان شتی باش بدەن، کەواتە دەبێ باوکی ئاسمانی چەند باشترتان پێ بدات؟ کە ڕۆحی پیرۆزە دەیدات بەوانەی داوای لێ دەکەن.)**

**لۆقا ١١: ١٣**

خودا سێ ئامرازی هێرشبەریی داوە بە کلێسا تا شەیتانی پێ تێك بشکێنێ:
ڕۆحی پیرۆز و کتێبی پیرۆز و نوێژ

### أ- ــــــــــــ ڕۆحی پیرۆز

عیسای حوداوەند ووتی کە بەجێمان ناهێڵێ و بەتەنها نامێنینەوە بەڵکو یارمەتیدەر دەنێرێ تا لەگەڵماندا بمێنێتەوە تاهەتایە (یوحەننا ١٤: ١٦-١٨) پێ ی ووتین کە ڕۆحی پیرۆز شتمان فێردەکات و بە بیرمان دەهێنێتەوە (یوحەننا ١٤: ٢٦) هەروەها خوداوەند عیسای مەسیح بە ڕۆحی ڕاستی ناوی دەبات (یوحەننا ١٤: ١٧)

کاری ڕۆحی پیرۆز زۆر کردارەکیە، لەبەر ئەوە سوودبەخش دەبێت گەر گفتوگۆی لەبارەوە بکەین بە نمایشی ڕۆڵەکانی (دەورەکانی) و خەسڵەتەکانی:

ڕۆڵ یاخود خەسڵەتەکان بنووسە:

- ــــــــــ بۆئێمە (ئەفەسوس ١: ١٤)
- ــــــــــ (یوحەننا ١٤: ١٦)
- ــــــــــ (یوحەننا ١٦: ٨)
- ــــــــــ (یوحەننا١٤: ٢٦)
- ــــــــــ (یوحەننا١٤: ٢٦)

- ـــــــــــــ بۆ مەسیح (یوحەننا ١٥: ٢٦)
- ـــــــــــــ (یوحەننا ١٦: ١٣ وە ڕۆما ٨: ١٤)
- ـــــــــــــ (یوحەننا ١٦: ١٤ وە لۆقا ٢: ٢٦)
- مەسیح ـــــــــــــ (یوحەننا ١٦: ١٤)
- ـــــــــــــ دەدات (کردار ١: ٨)
- ـــــــــــــ تیاماندا (کردار ٤: ٣١)
- کە بۆلامان دێت ـــــــــــــ (یۆحەننا ١٦: ١٣)
- شایەتی دەدات ـــــــــــــ (ڕۆما ٨: ١٦)
- ـــــــــــــ (ڕۆما ٨: ٢٦)
- ـــــــــــــ (ڕۆما ٨: ٢٦)
- ـــــــــــــ ڕۆحی دەدات (اکورنسوس ١٢: ٤- ١١)
- ـــــــــــــ (تیتوس ٣: ٥)
- دڵنیامان دەکات لە ـــــــــــــ (ئەفەسوس ١: ١٣)
- تیاماندا ـــــــــــــ بە بەرهەم دێنێت (غەلاتیە ٥: ٢٢)

## ب- ـــــــ ڕۆحی پیرۆز

ڕووداوێك لە چین ڕوویدا بەم شێوەیە خاتوونێك کە بەرپرس بوو لە ئێشك گرتنی یەکێك لە (کووره یاخو چاڵە خەڵوزەکان) لە پڕ هەستی کرد کە ڕۆحی پیرۆز پاڵی پێوە دەنێ کە دەست بنێت بە دووگمەی (ئینزار) ئاگادارکەرەوە لەگەڵ ئەوەی هیچ هۆکارێك ی کردەیی نەبوو کە ئەمە بکات. هەرچەندە دۆخەکە زۆر هێمن بوو وە ئاسایی بوو بەلاَم ئەو گوێ ڕایەڵی ئەو چاکەیە بوو کە لە ناخیدا هۆشداری دایە. دەنگی ئینزارەکە بەردەوام بوو وە بوە هۆی چۆڵکردنی چاڵە خەڵوزەکە بە تەواوەتی لەلایەن کارگوزارەکانەوە. وە کاتێك هەموان هاتنە دەرەوە کارەساتێکی ترسناك دەستی پێکرد ئەویش ئەوە بوو پاش چەند ساتێك بوومەلەرزەیەك وای کرد ژێر پێیەکانیان هەمووی لەرزان و زۆربەی زۆری چاڵە خەڵوزەکە خاپوور بوو بە هۆی بوومەلەرزەکەوە. بەم شێوەیە بە هۆی هەستیاری ئەم خوشکە و ئامادەبوونی بۆ گوێ ڕایەڵی بوونی ڕۆحی پیرۆز هەمووان ڕزگاربوون لە مردن، لەسەروو ئەمەشەوە ٤٠٠ کرێکار لەو چاڵە خەڵوزە ژیانی خۆیان دا بە مەسیح دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە خودا چۆن بەکاری سەرسووڕهێنەر ڕزگاری کردن لە مردن، مردنێکی بێگومان.

(١٣) بۆنەیەك بنووسە كە تیایدا ڕۆحی پیرۆز بە ڕوونی ئیلهامی دابێت پێت تا بڕیارێكی دانایی لەبارەیەوە بدەیت.

---

## ج- ــــــــ تاكێتی بۆ چاكەی هەمووان

٣-١٣ لە ووشەكانی خودا چی دەتوانین بزانین لەبارەی ڕۆحی پیرۆزەوە؟

- ئەو ـــــــ (پەیدابوون ١: ٢)
- ئەو ـــــــ (عیبرانیەكان ٩: ١٤)
- نیشتەجێ دەبێت ـــــــ (١كورنسوس ٣: ١٦ وە ڕۆما ٨: ٩)
- ـــــــ بەجێ ناهێڵێ تاهەتایە (یۆحەننا ١٤: ١٦)
- ئامادەبوونی خۆی دەردەخات لە ـــــــ (غەلاتیە ٥: ٢٢، ٢٣)
- ئەو هێز دەدات بە ـــــــ (یاقوب ٤: ٧ وە لۆقا ٩: ١، ٢)

٤-١٣ ئەم بڕگە كتێبی یانەی خوارەوە چیمان فێردەكات لەبارەی ڕۆحی پیرۆزەوە؟

- ئەفەسوس ٤: ٧ و ١١- ١٢
- ١كورنسوس ١٢: ١ و ٧- ١١
- ١پەتروس ٤: ١٠

د- ———— ڕۆح

٥-١٣ غەلاتیە ٥: ٢٢- ٢٣ سێ کۆمەڵە پێشکەش دەکات کە هەریەکەیان سێ لە (بەرووبوومەکانی ڕۆح) لەخۆدەگرێت: بنووسە

- کۆمەڵەی یەکەم:

ئەویش نوێنەرایەتی لایەنێك دەکات لە ژیانی باوەڕداران بە مەسیح

- کۆمەڵەی دووەم:

ئەویش نوێنەرایەتی لایەنێك دەکات لە ژیانی باوەڕداران بە مەسیح

- کۆمەڵەی سێ یەم:

ئەویش نوێنەرایەتی لایەنێك دەکات لە ژیانی باوەڕداران بە مەسیح

٦-١٣ کام لایەنەیە کە تۆ پێویستت پێیەتی لە یارمەتیەکانی خودا لە ژیانتدا؟ بۆچی؟

**سیناریۆ:**

لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا پێداچوونەوە بکە لەبارەی کارو فەرمانەکانی ڕۆحی پیرۆز وە بەشداری یەکتر بکەن کە چۆن ڕۆحی پیرۆز ئەم فەرمانانە دەکات بە ڕاستی ژیانی ڕۆژانەتان. دەست بکە بە خوێندنەوەی لیستی ڕۆڵەکانی ڕۆحی پیرۆز بە شێوەیەك کۆمەڵەکەت گوێ یان لێ بێت، پاشان داوایان لێ بکە کە بدوێن لەبارەی ئەو هەڵوێستانەیان کە تاقیانکردۆتەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە ڕۆحی پیرۆز دڵنەوایی کردوون تیایدا. پاشان ڕۆڵی دووەم و سێ یەم بخوێنەرەوە... هتد. وە لەهەر ڕۆڵێکدا کە ڕۆحی پیرۆز پێ ی هەڵدەستێ داوا بکە و بلێ کێ تاقی کردۆتەوە دەستی بەرزبکاتەوە. وە دوای تەواوبوونی پێداچوونەوەی هەموو ڕۆڵەکان لەسەر ئەم شێوازە، بپرسە ئەگەر یەکێکیان دەیەوێت ئەزموونی دیاریکراوی خۆی بەشدار پێ بکات کە دێتەوە بیری لەو کاتەی تێڕامان دەکات لە لیستی ڕۆڵەکان با بەشداری پێ بکات. گفتوگۆ بکەن لەسەر هۆکاری نەبوونی ئەزموون ی کۆمەڵەکە بۆ هەموو ڕۆڵەکانی ڕۆحی پیرۆز، پاشان کاتێك بەسەربەرن لە نوێژکردن داوابکەن دڵتان کراوە بێت لەبەردەم ڕۆحی پیرۆز دا وە گەورەیی و پاشایەتی و سەرۆکایەتیەکەی قبوڵ بکەن لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانتان.

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- شەیتان زۆر بە توندی بەرهەڵستی بیرۆکەی بوونی قەوارەی خودای زیندوو کە خۆی ڕاگەیاندووە لە سێ (أقنوم) دا دەکات، چۆن ئەم بەرهەڵستیە دەکات لەوناوچەیەی تۆ دەژیت تیایدا؟ چۆن دەتوانیت یارمەتی ئەوانە بدەیت کە بەرهەڵستی ئەو بیرۆکەیەی خودا دەکەن وە هەروەها چۆن یارمەتی باوەڕداران دەدەیت لەسەر تێگەیشتنیان لەم ڕاستیە؟

٢- کامەیە ئەو ڕۆڵەی یاخود ڕۆڵەکانی ڕۆحی پیرۆز کە دەیبینیت بۆ خۆت گرنگیەکی تایبەتی هەیە؟

٣- کۆمەڵەکەت بەشدار بکە لە ئەزموونێکت کە ڕۆحی پیرۆز کاری کردووە لە ژیانتداو جێ دەستی دیارە؟

٤- پێداچوونەوە بکە لەسەر بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز. ئایا یەکێك لە کۆمەڵەکەدا دەبینیت هەندێ لەم بەهرانەی هەبێت؟ ئایا خۆت ئەم بەهرەیەت هەیە؟

٥- پێداچوونەوە بکە لەبارەی بەرووبوومی ڕۆحی پیرۆز. ئایا بە ڕوونی و ئاشکرا تیاتدا هەیە؟ وە هەروەها لە کۆمەڵەکەتدا هەیە؟ چۆن دەتوانین جەخت لە بوونی بەرووبوومی ڕۆحی پیرۆز لە ژیانمان بکەین ودڵنیا بین بوونی هەیە تیاماندا؟

## وانەی چواردەهەم

## تەگبیری خودا: کتێبی پیرۆز

**(لە پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە تێبگەن، کە هەموو ووشەیەکی کتێبی پیرۆز بە لێکدانەوەیەکی تایبەتی یەکێك ڕوون نابێتەوە، چونکە هەرگیز هیچ ووشەیەك بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو خەڵکی لەسەر دەستی ڕۆحی پیرۆز قسەی خودایان کردووە.)**

٢پەتروس ١: ٢٠، ٢١

### أ- سەرچاوەی سەرەکی ______

١-١٤ بۆچی باوەڕداران بە مەسیح پێویستیان بە کتێبی پیرۆز هەیە وەکو بەشێك لە چەکی ڕۆحی؟

٢-١٤ هەر ووشەیەك لەم ووشانە لە شوێنی گونجاو دابنێ بۆ تەواوکردنی دەستەواژەکانی لای خوارەوە:

| |
|---|
| ڕایدەگەیەنێ، پیلانەکەی، خۆی، پەیوەندی، ڕاگەیاندن |

کتێبی پیرۆز ______ خودایە لەبارەی خۆیەوە نوسراوە وە دەرخەری ئارەزوویەتی بۆ دروستکردنەوەی ______ لەگەڵ مرۆڤ. ئەوە تەنها ڕاگەیاندنی خودا نیە لەبارەی ______ وە بەڵکو هەروەها ڕاگەیاندنیەتی لەبارەی ______ بە ووردەکاری بۆ جیهان هەمووی. زۆر مەحاڵ بوو بۆ مرۆڤ تێبگەیشتنایە لە کەسایەتی خودای مەزنمان ئەگەر ______ لەبارەی خۆیەوە نەکردایە.

### ب- ______ ی ووشەی پیرۆز

٣-١٤ بۆچی شەیتان زۆر ڕقی لە کتێبی پیرۆزە؟

ج- ـــــــــــ ی ووشەی پیرۆز

٤-١٤ بۆچی دەستەڵاتداران و پیاوانی خاوەن بیری بەناو ئازادی ڕقیان لە کتێبی پیرۆزە؟

د- لەبەرکردن یاخود پۆشینی کتێبی پیرۆز

١- خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و لێکۆڵینەوەو تێڕامان تیایدا

٥-١٤ کاتێ کتێبی پیرۆز لەسەر ژیانمان جێ بەجێ دەکەین پێویستمان بەوەیە کە سێ پرسیاری سەرەکی بکەین:

أ- واتای چی یە ئەو لێکدانەوەیانەی کە بۆ دەقەکان دەکرا لەلایەن خەڵکی یاخود وەگرە یەکەمینەیەکان؟ ئەوان چۆن لە دەقەکە دەگەیشتن؟

ب- واتای چی یە ئەوەی کە لەدەقەکەدا لە خۆی گرتووە وە دەگونجێت لەگەڵ هەموو کات و سەردەمێکدا؟

ت- لەکوێ و چۆن دەتوانم ئەم پرەنسیپە جێ بەجێ بکەم؟

٦-١٤ بەڵگەیەك (ئایەتێك) هەڵبژێرە لە ووشەکانی خودا بۆ لەبەرکردن. ئەم شەش ڕێگەیەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ تێڕامان لەم ئایەتەدا کە لەبەری دەکەیت یاخود ئەو دەقە کتێبیی یە:

- دید بۆ دەقەکە! یاخود بیرکردنەوە لێ ی بە هۆشت و بیرتەوە.
- لێدووان بە دەقەکە! دووبارەکردنەوەی دەقەکە بە دەنگی بەرز وەهەرجارەو چاوبڕە سەر ووشەیەکی جیاواز.
- دەقەکە شی بکەرەوە! نووسینەوەی ئایەتەکە بە شێوازی خۆت بنووسەرەوە.
- وا لەدەقەکە بکە بۆ کەسایەتی خۆت بێت! ڕاناو یاخود ناوی کەسایەتیەکان بگۆڕە بۆ ناوی خۆت.
- نوێژ بکە بۆ دەقەکە! ئایەتەکە بکە بە نوێژ وەبەرزی بکەرەوە بۆ خودا.
- تێڕامان لەسەر دەقەکە بکە! وە ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکە:

◊ ئایا گوناهەیەك هەیە دانی پێدا بنێم؟
◊ ئایا بەڵێنێك هەیە وەریبگرم یاخود پێشکەشی بکەم؟
◊ ئایا ئاراستەیەك هەیە بیگۆڕم؟
◊ ئایا پێشڕەوییەکی تێدایە نموونەی لێ وەربگرم تا منیش ببم بە پێشڕەو بە هۆیەوە؟
◊ ئایا نوێژێکی تێدایە بەرزی بکەمەوە؟
◊ ئایا هەڵەیەکی تێدایە دوور بکەومەوە لێ ی؟
◊ ئایا ڕاستیەکی تێدایە بە ڕاستی بزانم؟
◊ ئایا شتێك هەیە پێویست بکات لە پێناویدا سوپاسی خودا بکەم؟

ئەو ئایەتە بنووسەرەوە کەلەبەرت کرد بۆ خۆت:

## ٢- لەبەرکردنی ———

٧-١٤ تاقیکردنەوە بکە لەسەر نوسینەوەی زۆر ترین بەشی زەبووری ١١٩ بە پێ ی (توانای خۆت) بەلەبەرکردن بینووسەرەوە.

یەکێك لە کڵێساکانی نێو ماڵان لە ڤێتنام بڕیاری دا کتێبی پیرۆز بدات بەوە باوەڕدارانەی کە لەناخیاندا ووشەکانی خودا لەبەر دەکەن و سوورن لەسەر بەکارهێنانی، پێوەریش ئەوە بوو دەقە کتێبی یەکان لەبەربکرێت. و بەم شێوەیە کتێبی پیرۆز بەختی ئەو کەسانە بوو کەلەبەر ١٧٦ ئایەتیان دەووتەوە لە زەبووری ١١٩ بەبێ وەستان!

................................................................................................................................

**سیناریۆ:**

کۆمەڵەکەت هانبدە لە ژوورێکدا بن بە بێ کتێبی پیرۆز. داوا لەهەر یەکێکیان بکە کە هەر ئایەتێکی کتێبی پیرۆزی لەبەرە بینووسێتەوە لەسەر کاغەز، پاشان کاغەزەکان کۆبکەرەوە. کامەیە ئەو بەشانەی کۆت کردۆتەوە لە کۆتاییدا؟ گفتوگۆ بکەن پێکەوە لەسەر کاریگەری ئەو ڕاهێنانە.

................................................................................................................................

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- ئایا پێشتر گوێت لە ڕەخنەیەك بووە کە ئاراستەی کتێبی پیرۆز کرابێت؟ چۆن پێویستە باوەڕدار وەڵامی ئەم جۆرە ڕەخنانە بداتەوە؟

٢- چۆن بزانین کە عیسای خوداوەند گرنگیەکی گەورەو مەزنی دەدا بە سیپارەکانی پەیمانی کۆن؟

٣- هەندێ هۆکاری ئاراستە بنووسە بۆ لەبەرکردنی ووشەکانی خودای پیرۆز؟

٤- زۆربەی پیلانەکان بۆ لەبەرکردنی دەقەکانی کتێبی ی، ئایەتە سەرەکیەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام بۆچی گرنگ نەبێت هەروەها لەبەرکردنی سیپارەکان بەتەواوی؟

٥- چۆن دەتوانی پارێزگاری بکەیت لە کتێبی یّکی پیرۆز گەر لە کۆمەڵگەیەکدا بوویت و دەستەڵاتداران بە بڕیارێك و فەرمانێکی کت و پڕ و لەناکاو کتێبی پیرۆزی قەدەغە کرد؟

# وانەی پازدەهەم

## تەگبیری خودا: نوێژ

**(بەردەوام بن لەسەر نوێژ کردن، ئاگادار بن لەکاتی نوێژ سوپاس بکەن،)**

کۆلۆسی ٤: ٢

**أ- ________ لە نوێژدا**

١-١٥ پێناسەیەکی نوێژ بنووسە کە دەتوانیت لەگەڵ باوەڕدارێکی نوێ بەشداری پێ بکەیت. (نوێژ ئەوەیە...

.............................................................................................................................

**ب- ________ نوێژ دەکەین**

٢-١٥ ئەم بەشانەی خوارەوە لە ووشەی خودا (کەی) وە (چۆن) نوێژ بکەین چیمان پێ دەڵێت؟

- بە ________ ستایش و سوپاسەوە و ________ خودا نوێژ بکە

(اهەواڵ ٢٩: ١-١٣).

- بە ________ دانپیانان / تۆبەکردن – نوێژ بکە (٢ هەواڵ ٧: ١٤)
- بە ________ پاڵنەرێکی پاك و پیرۆز نوێژ بکە (زەبوور ٦٦: ١٨- ٢٠)
- بە ________ نوێژ بکە (مەتتا ٦:٦)
- بە شێوەیەك نوێژ بکە هەروەك چۆن ________ فێری کردین نوێژ بکەین (مەتتا ٦: ٩)
- بە پێ ی ________ خودا نوێژ بکە (یوحەننا ١٥: ٧)
- بە ________ نوێژ بکە (ڕۆما ١٢:١٢)
- بە ________ نوێژ بکە (فیلیپی ٤: ٦)
- بە گرنگیدان و ________ نوێژ بکە (کۆلۆسی ٤: ٢)
- بە بەردەوامی و بێ ________ نوێژ بکە (اتسالونیکی ٥: ١٧)

- له ئاشتی دا نوێژ بکەو ــــــــــــ پاکت بەرز بکەرەوە (اتیموساوس ٢: ٨)
- کاتێ له ناخۆشیدایت یاخود ــــــــــــ نوێژ بکە (یاقوب ٥: ١٣- ١٦)
- کاتێ تۆ لەگەڵ ــــــــــــ له پەیوەندیەکی باشدایت نوێژ بکە (١ پەتروس ٣: ٧)
- بە ــــــــــــ نوێژ بکە (١ پەتروس ٤: ٧)
- بە پێ ی ــــــــــــ خودا نوێژ بکە (١ یوحەننا ٥: ١٤، ١٥)
- له ــــــــــــ نوێژ بکە ( یەهوزا ١: ٢٠)

## ج- چۆنیەتی و ناوەڕۆك ی ــــــــــــــــــــ

١٥-٣ لەژێر ڕۆشنایی ئەو نوێژەی کە خوداوەند له مەتتا ٦: ٩ -١٣

قووتابیەکانی فێرکرد شەش بەش دەبینین له نوێژی (نموونەیی) هەر بەشێکیان شی بکەرەوە هەروەك چۆن لەگەڵ باوەڕدارێکی نوێ شیکردنەوەی بۆ دەکەیت.

- ستایش:

**(ئەی باوکمان له ئاسمان با ناوت پیرۆز بێت....)**

- ئامانج:

**(با پاشایەتی تۆ بێت. با خواستت پەیڕەو بکرێ لەسەر زەوی هەروەك له ئاسمان)**

- یارمەتی خودایی:

**(نانی ئەمڕۆشمان بدەرێ)**

- لێخۆشبوون:

**(له گوناهمان خۆش بە)**

- خەڵکی تر:

**(... هەروەك چۆن ئێمە له گوناهی ئەوانە خۆش دەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن)**

- پاراستن:

**(مەمان خەرە تاقیکردنەوەوە بەڵکو ڕزگارمان بکە لەشەیتان)**

د- ________ دیکە بۆ نوێژ

## ١- بەڵێنەکان

١٥ -٤ پەیوەندی ئەم بەڵێنانەی خوارەوە بە نوێژەوە ڕوون بکەرەوە:

- هەر چیەك بەناوی منەوە داوا بکەن بۆتانی دەکەم، هەتا باوك لە ڕۆڵەدا شکۆدار بێت (یۆحەننا ١٤: ١٣)
- داوا بکەن، پێتان دەدرێ... بگەڕێن، دەدۆزنەوە... لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە (مەتتا ٧: ٧)
- بانگم بکە، وەڵامت دەدەمەوەو شتە مەزنەکانت پێ ڕادەگەیەنم، شتە پەی پێ نەبردووەکان کە نایانزانیت (یەرمیا ٣٣: ٣)

## ٢- بیستن:

١٥- ٥ بۆچی (بیستن لەلایەن خوداوە) بەشێکی گرنگە لە نوێژدا؟

## ٣- دیاریکردن و بۆچوون:

١٥- ٦ بۆچی گرنگە لە نوێژدا شتەکان (دیاری) بکەین؟

**تێبینی لەسەر ئەم داواکاریە (دیاریکراوانەی) خوارەوە لە نوێژدا کراوە بکە:**

- زەبوور ١٢٢: ٦ نوێژ بکەن لەپێناوی ئاشتی بۆ ________
- مەتتا ٥: ٤٤ نوێژ بکەن لە پێناوی ئەوانەی ________
- مەتتا ٦: ١٣ نوێژ بکەن بۆ ڕزگاربوونتان لە ________
- مەتتا ٩: ٣٧، ٣٨ نوێژ بکەن لە ________ باوەڕداران لە هەموو جیهان.
- مەتتا ٢٦: ٢١ نوێژ بکەن لە پێناوی سەرکەوتن بەسەر ________
- یوحەننا ١٧ نوێژ بکەن لە پێناوی پاك و پیرۆزی و یەکێتی ________
- ئەفەسوس ٦: ١٨ نوێژ بکەن لە پێناوی هەموو ________
- ٢ تسالونیکی ٣: ٢ نوێژ بکەن لە پێناوی ________ ڕابەرانی باوەڕداران.
- ١تیموساوس ٢: ١-٧ نوێژ بکەن لە پێناوی هەموو ئەوانەی لە ________

- یاقوب ١: ٥ نوێژ بکەن لە پێناوی ______ ڕۆحی.
- ١ یوحەننا ٥: ١٦ نوێژ بکەن لە پێناوی ئەو برایەی هەڵە دەکات بۆ ______

## ه- سروشتی دیاریکراوی نوێژ

٧-١٥ ئەو چوار ڕێگەیە کامەیە کە خودا (وەڵامی) نوێژ دەداتەوە بە هۆیەوە؟

| |
|---|
| وەڵام دەداتەوە: هەر کاتێ بەناوی ئەوەوە داوا بکەین<br>دوای دەخات: تا لەکاتی تەواوی خۆیدا وەڵامت بداتەوە (چونکە تەنها خۆیەتی سەرەتای ڕێگاکەو کۆتایی ڕێگاکە دەبینێت)<br>ڕەتی دەکاتەوە: ئەو وەڵام دەداتەوە بە (نەخێر) لەبەرئەوەی داوای شتێکی خراپی لێ دەکەیت.<br>وەڵامەکە پێش دەخات بە شێوەیەکی جیاواز وە چاکتر و باشتر: |

١٥- ٨ بە پێ ی ئەم بەشە کتێبی یانەی خوارەوە کامەیە پەکخستنەکانی وەڵامی نوێژ؟

- نوێژ بە ______ خۆویستی (یاقوب ٤: ٣)
- نوێژ بە بێ دانپیانان یەکەمجار بە ______ زانراو (یوحەننا ٩: ٣١)
- نوێژ کاتێ ______ ووشەکانی خودا (یەرمیا ١٤: ١٠- ١٣)
- نوێژ بە بێ وەڵامدانەوەی ______ خودا (پەندەکان ١: ٢٤- ٣٣)
- نوێژ بە بێ وەڵامدانەوەی کردارەکی بۆ ______ (پەندەکان ٢١: ٣)
- نوێژ لە کاتێکدا تۆ پڕیت لە ______ (وەکو کوشتن) (ئیشایا ١: ١٥)
- نوێژ کە تۆ خزمەتی ______ بکەیت (یەرمیا ١١: ١١ -١٤)
- نوێژ بە ______ (یاقوب ١: ٦، ٨)
- نوێژ بە بێ باوەڕی یاخود ______ (یاقوب ٢٧: ٨)
- نوێژ کە تۆ ______ (لۆقا ١٨: ٩- ١٤)
- نوێژ کاتێ تۆ دوژمنی ______ (زەبوورەکان ١٨: ٤٠، ٤١)

دکتۆر قەشە دەیڤید شو شوانی گەورەترین کڵێسایە لە جیهان، ئەم کڵێسایەش هەڵساوە بە سیستەمی کۆمەڵەکان، قەشە شو جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی نوێژ و وای دەبینێتەوە کە ئەو وەکو شوانی کڵێسایەکی گەشە کردوو لە کۆریا دەڵێ ناتوانم لە رۆژێکدا ٥ کات ژمێر نوێژ نەکەم. ئەو دوو جۆر نوێژ لە یەکتری جیا دەکاتەوە: یەکەم نوێژی(هاوبەشی یە) و دووەم نوێژی (داواکاری یە)   ئەمانەی خوارەوە هەندێ خاڵی تایبەتن بە نوێژی داواکاری:

- ئامانجی دیاریکراوی هەیە – یاخود جەخت لەسەر شتێك دەکاتەوە
- ووشەی سادە بەکاردەهێنێ
- هەموو هەستەکانی ناو دڵی دەجووڵێنێ
- بەردەوام دەبێت و بە بێ بێزاری و بە دانبەخۆگرتن و کۆڵنەدانی (لۆقا ١٨: ١- ٨)

٩-١٥ جیاوازی نێوان نوێژی داواکاری و نوێژی هاوبەشی بکەرەوە:

| نوێژی داواکاری | نوێژی هاوبەشی |
|---|---|
| | |

١٥- ١٠ یەکێك لەو وانە مەزنانەی کە لە کڵێسای چەوساوەوە فێردەبین نوێژکردنە لە پێناوی ئەوانەی دەتچەوسێننەوە. ئەو کەسانەی کە زۆر (دەتچەوسێننەوە) دیاری بکە و بنووسە و نوێژ بکە لە پێناوی ئەو کەسانە:

## و- رۆژوو

١١-١٥ لەهەر رِستە یاخود دەستەواژەیەکدا ماوەی نوێژ تەواو بکە. وە دەتوانی زیاتر لە چەندین جار ئەم ژمارانەی خوارەوە بەکار بهێنی:

**٤٠- ٢١- ١ ماوە(کات)**

- موسا لەماوەی ـــــــــ ڕۆژدا دوو جار ڕۆژووی گرت (دەرچوون ٣٤: ٢٨)
- دانیال بۆماوەی ـــــــ ڕۆژ بە شێوەی بەش بەش ڕۆژووی گرت (دانیال ١٠: ٣)
- یۆئیل بانگکرا بۆ ڕۆژووگرتن بۆ ماوەی ـــــــــ ڕۆژ (یۆئیل ١: ٢،١٤: ٢٠)
- عەزرا خۆی ئامادەکرد بۆ ـــــــ لە ڕۆژووگرتندا بێت (عەزرا ١٠: ٦)
- ئیلیا بۆ ماوەی ـــــــ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو (اپاشایان ١٩: ٨)
- ڕابەرانی کڵێسا لە ئەنتاکیا بە ڕۆژووبوون (کردار ١٣: ٢، ٣)
- عیسا بۆ ماوەی ـــــــ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو (لوقا ٤: ٢)
- پۆڵس و بەرنابا ڕۆژوویان گرت (کردار ١٤: ٢٣ و ٢٧: ٣٣).

## ئایا ڕۆژوو گرتن ـــــــ جیاوازی هەیە؟

١٥-١٢ جیاوازی چی یە لە نێوان:

- ڕۆژووی ئاسایی؟
- ڕۆژووی تەواوەتی؟
- ڕۆژووی بەش بەش؟

**ـــــــــ ڕۆژوو**

لە کتێبی ڕاپەڕین بەم زووانە – بانگی ئەمریکا کراوە تا نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن وە (داوای ڕووی خوداوەند) بکەن، دانەری ئەم کتێبە کە بیل برایت ە لە (لاپەڕە ٦٥) دا دەڵێ:

٥٠٪ لە کۆی ١٠٠ ملیۆن ئەمریکی ئامادە دەبن لە کڵێسا یەك شەممان و دڵنیا نین لە ڕزگاربوونیان... ٩٥٪ تیایاندا دەست لەملان نین لەگەڵ کەسایەتی و کارەکانی ڕۆحی پیرۆز... ٢٪ تەنها لە باوەڕداران لە ئەمریکا ئەوانەن بەشداری باوەڕەکەیان بە ڕێك و پێکی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا دەکەن.

١٥-١٣ ئایا دەکرێ بەمە بووترێ ڕاستی؟ پێمان بڵێن باوەڕدار بە مسیح و هاوکات بە درێژایی هەفتەکە لە (ژینگە سروشتی یەکەماندا) ڕەوشت و پرەنسیپ و شێوازەکانی ژیانمان وەکو گوریسی ئاڵۆزکاو و گرێ کوێرە بێت و بە دووڕوویی و نکۆڵی کردن و دووشێوە کەسایەتی بژین؟ ئەی چارە چی یە؟

(دکتور بیلی گراهام ووتی ٩٠٪ بەلانی کەم لە هەموو باوەڕداران بە مەسیح لە ئەمریکا (بە پێ ی توێژینەوەکەی) ژیانێکی دۆڕاو دەژین...) لە کتێبی ڕاپەڕین بەم زووانە) لاپەڕە ١٩٢

١٥-١٤ کلێسای چین کە باوەڕیان بە عیسای خوداوەند هێناوە بە پێ ی مزگێنی، نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دەبن، بەتەواوی خۆیان بۆ خوداوەند تەرخان کردووەو ئامادەن هەموو شتێکی خۆیان بخەنە مەترسیەوە: کار، لایەنی ئابووری، ئازادکردنیان لە زیندان، تەندروستی، خێزان، -وە ئەم شتانەش ئەوانەن ئێمەی ڕۆژئاوایی زۆر دەستی پێوە دەگرین — لە پێناوی نوێژ،ووشە، شایەتیدان، وە پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز. بۆچی؟

---

١٥-١٥ ئیشایا ٥٨ جۆری (ڕۆژووی ڕاستەقینە) ڕوون دەکاتەوە کە خوداوەند دەیەوێت، بە نەرم و نیانی و بەزەیی بۆ خەڵکی و گوێ ڕایەڵی بۆ خودا لە دژی زەبروزەنگ و جەورو ستەم — لەگەڵ خۆگرتنەوە لە خواردن.

**لایەنی جەستەیی لە ڕۆژوودا (بۆشاییەکان پڕ بکەرەوە)**

لەم ووشانە هەڵبژێرە: ئاسوودەیی، کێش، دەرهاویشتە، ژەهراوی بوون، ووزە

- یارمەتی دەرە لەکەم کردنەوەی ___________
- ___________ دەدات بە فسیۆلۆژی لە ئامێرەکانی جەستەدا.
- ڕێگە دەدات بە ڕزگاربوون لە ___________ ، ___________ وە پاکژکردنەوەی خوێن و دەزگای لیمفاوی.
- دووبارە گەڕاندنەوەی تەواوەتی ___________

**لایەنی ڕۆحی لە ڕۆژوودا (بۆشاییەکان پڕ بکەرەوە)**

لەم ووشانە هەڵبژێرە: ساکاری، جیاکاری، تەنها، نرخ

- کاتێکت هەبێت بۆ ئەوەی ___________ بیت لەگەڵ خودا (لەئامادەبوونیدا)
- ___________ کەسەکە لەبەردەم خوداوەندا لە نوێژدا.
- ئاستی جیاکاری لە هەستیاربوونی ڕۆحی و ڕاچڵەکان و ___________
- کاتێك بۆ گەڕاندنەوەی پشکنینی پاڵنەرەکانی مرۆڤ و ئامانجەکانی و ______

**سیناریۆ:**

تۆ ڕابەری کۆمەڵەیەکی هاوبەشیی ڕۆح یت و نیازت هەیە ڕۆژێك تەرخان بکەیت بۆ نوێژ و ڕۆژووگرتن. گفتوگۆ بکە لەسەر هەندێ ڕێگەی پێشنیارکراو کە دەگونجێت لەگەڵ تۆو کۆمەڵەکەتدا. کۆمەڵەکە بەشداری پێ بکە لە ڕێکخستنی ماوەکانی نوێژ کە بتوانن ئەو فێرکردنانەی باسمان لێوەکرد لەسەرەوە جێ بەجێ بکەن. ڕێگەبدەن بە بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز کە کاربکات لە داواکاریەکانی نوێژە دیاریکراوەکانتان.

---

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- چی یە ئەوەی دەتوانێ کاریگەری نوێژەکانمان پووچەڵ بکاتەوە؟

٢- مەبەستی پۆڵس چی یە کە دەڵێت (نوێژ بکەن بەردەوام)؟

٣- ئەو داواکاریانەی لە نوێژەکەتدا دەیکەیت کە دەتوانێ (تحدی) ململانێ ی باوەڕەکەت بکات؟ ئایا تۆ ئامادەیت ململانێ یەکان قبوڵ بکەیت؟

٤- ئایا ئەزموونت هەیە لەوەی نوێژت پێشکەش بە خودا کردبێ و وەڵامی دابێتی یەوە؟ ئەزموونەکەت بەشداری پێ بکە.

٥- چۆن پێویستە مامەڵە بکەیت لەگەڵ ئەو نوێژانەت کە (بێ وەڵام) بوون یاخود ئەو نوێژانەی وەڵامەکانیان بە ئارەزوو و بۆچوونی تۆ نەبوو بەڵکو جیاواز بوو؟

# وانەی شازدەهەم

## تەمێکردن لە ڕاست و دروستی

---

**(هەر یەکێك لەو یاریزانانەی مەشقی خۆ بەهێزکردن دەکەن، بۆ ئەوەیە تاجێکی لە ناوچوو بەدەست بهێنن. بەڵام ئێمە بە پێچەوانەوە لە پێناوی بەدەستهێنانی تاجێکی لەناو نەچوو.)**

١کورنسوس ٩: ٢٥

---

١-١٦ هەریەك لەم هەشت خۆزگانەی خوارەوە دوو جەمسەرن لە سروشتیاندا بە شێوەیەك (زانیاری) و (کردەیی) پێشکەش دەکات بەلای هەر یەك لەم خۆزگانەوە خودا چی دەوێت لە تۆ کە (بیزانیت) وە (کاری پێ بکەیت) بینووسەرەوە:

**خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی هەژارن لە ڕۆح، چونکە پادشایەتی ئاسمان بۆ ئەوانە (مەتا ٥:٣)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە لێوبەبارەکان، چونکە دڵنەوایی دەکرێن (مەتا ٥: ٤)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە دڵنەرمەکان، چونکە زەوی بۆ ئەوان بە میرات دەمێنێتەوە (مەتا ٥:٥)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینوەکان بۆ راست و دروستی، چونکە تێردەبن (مەتا ٥: ٦)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە دڵ پڕ لە بەزەییەکان، چونکە بەر بەزەیی دەکەون (مەتا ٥: ٧)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە دڵ پاکەکان، چونکە خودا دەبینن (مەتا ٥: ٨)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە ئاشتی خوازان، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبرێن (مەتا ٥: ٩)**

**خۆزگە دەخوازرێ بە چەوسێنراوان لە پێناوی ڕاست و دروستی چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە (مەتا ٥: ١٠)**

> مەترسە لە مردن (خۆشەویستی تەواو ترس فڕێ دەداتە دەرەوە) ١یۆحەننا ٤: ١٨ وە لۆقا ٩: ٢٣ وە غەلاتیە ٤: ١٦ وە بینین ١٢: ١١)

**چالاکی کۆمەڵە:**

١- داوات لێ دەکەم کە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی بچووک کاتێك بەسەر بەریت لە تێڕامان کردن لەو وانانەی ئەم بەشە کە سوودت لێ وەرگرت. قورسترین خۆزگە کامەیە لەلایەنی جێ بەجێکردنەوەوە لە ژیانتدا؟

٢- باوەڕدارانی کڵێسا نهێنی یەکانی کۆریای باکوور کە ئێستا هەن لە کۆبوونەوەکانیاندا لەپاڵ نوێژی نموونەیی دا پێنج پرەنسیپیان هەیە دەیڵێنەوە: (بڕوانە کتێبی خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا) گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەوەی کە چۆن ئەم باوەڕدارانە مەشق دەکەن لە ڕاست و دروستی.

٣- گفتوگۆ بکە لەبارەی ڕەگەزەکانی نوێژی ئاشتی کە دەگەڕێتەوە بۆ قەشە فرانسیس ئەسیسی (بڕوانە کتێبی خۆڕاگری لەبەردەم ڕەشەبادا)

٤- نارەحەتی و قورسی کردارەکی کامەیە کە ڕێگرە لەبەردەم جێ بەجێکردنی ئەم نوێژە؟ کام بەشە یاخود چەند بەشیان زۆر قورسە لە شێوازی ژیانتدا؟

٥- داواتان لێ دەکەم پێکەوە نوێژ بکەن بەم نوێژە. نوێژ بکەن لە پێناوی ئاشتی هەمیشەیی و دەست لەملانی نێوان نەژادە جیاوەزەکان و تایەفە ئایینیە بەرچاوەکانی نێو وولاّتتان، جگە لەوەش ئەو کێشەو گرفتانەی کە دەیبینن.

# وانەی حەڤدەهەم

# خۆشەویستی کردارەکی

---

**لرۆڵە بچووکەکانم، تەنها بە ووشەو زمان خۆشەویستی مەکەن، بەڵکو بە کردەوەو بە ڕاستی)**

۱یۆحەننا ۳: ۱۸

---

**ا- پێشەکی:**

**۱-۱۷ قەشە گریگ لوری دەڵێت: (باوەڕدارانی سەدەی یەکەم بیریان و نوێژیان و ژیانیان پێشکەش کرد لە پێناوی بێ باوەڕان) ئایا ئێمە ئەوە دەکەین ئەمڕۆ لە نێو کۆمەڵگەکانماندا؟ بۆچی دەیکەین یاخود بۆچی ئەوە ناکەین شی بکەرەوە!**

**ب- ــــــــــ وە ــــــــ لە کۆمەڵگەدا**

**۲-۱۷ عیسا ووتی: (ئێوە خوێ ی زەوین...) واتاو هێزی ئەم نموونەیەو ئەم پێناسەیە چی یە؟**

**۳-۱۷ خوێ چوار تایبەتمەندی هەیە — پاکژی، کەم خەرجی، بەکاردێت بۆ پاراستن و مانەوە، چێژی شیاو دەدات بە خواردن. چۆن دەتوانن باوەڕداران وەکو خوێ بن؟**

**٤-۱۷ عیسای خوداوەند باوەڕدرارانی بە ڕووناکی ناوبرد، چونکە ڕووناکی کارە خراپەکانی ناو تاریکی ئاشکرا دەکات، وە ڕێگا ڕووناك دەکاتەوە تا نەکەوین بەسەر کۆسپدا، وە کارەکانی تاریکی پووچەڵ دەکاتەوە، وە ترس فرێ دەدات و ڕاودەنێت وە بەرچاوڕوونی جیاکاری دەدات بە جیاکردنەوەی نێوان دۆست وە دوژمن، نێوان ڕاستی و هەڵبەستراو وە یارمەتی دەرە بۆ تەواوکردنی کار. چۆن دەتوانن باوەڕداران وەکو ڕووناکی بن؟**

توندڕەوە گێرەشێوێنەکان لە ئەندونیسیا ڕاهاتوون لەسەر کاری توندوتیژی و دزی و تێکشکاندن و سووتاندنی دوکان و شوێنە بازرگانیەکان کە موڵکی چینینەکانن و کڵێسا مەسیحیەکانە. جارێکیان ویستیان یەکێك لە کڵێساکان بسوتێنن، سەریان سووڕما لەوەی کە بینیان دراوسێ یەکی کڵێسا کە ماڵێکی موسڵمانە و خێزانی ئەو ماڵەش بەرگری یان کرد لە کڵێساکە لەم مشت و مڕەدا بوون یەکێك لە هێرش بەرەکان پرسیاری کرد لێیان: (بۆچی بەم شێوە توندە بەرگری دەکەن؟ خۆ ئەمە کڵێسایەکی مەسیحیە لە نێو ئەم کۆمەڵگەیە دا جێ ی نابێتەوە!) دراوسێکەی کڵێسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستە ئەمە کڵێسای مەسیحیە، بەڵام مەسیحیەکان مرۆڤی ئاسایی نین، ئەوان وەك ئێوە نین، ئەوان کەسانێکی چاکن وە ڕێزمان لێ دەگرن و زۆر (خێر) و چاکە پێشکەش بەم گەڕەکە دەکەن، ئێمە بە هۆی ئەم شوێنەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەین وە ڕێگەشتان نادەین دەست لەبەردێکی لانەکەیان بدەن). بەم شێوەیە هەموو گێرەشێوێنەکان شەرمەزاربوون و خۆیان شاردەوە.

چونکە کاریگەری لە کۆمەڵگەو جیهان لە ڕێگەی خۆشەویستی و دڵنیایی و هێمنی و جیاوازی لە شێوازی ژیان دەتوانی ڕێزی خەڵکی بەدەست بهێنی، هەروەها دەستەڵات. وە ئەم شایەتیەش وا لەخەڵکی دەکات بێن بەرەو مەسیح.

## ج- پێشکەشکردنی یارمەتی ———

٥-١٧ لە یاقوب ١: ٢٧ دەخوێنینەوە: **(دینداری پاك وبێگەرد لای خودای باوکمان ئەمەیە، مرۆڤ هەتیوان و بێوەژنان بەسەر بکاتەوە لەکاتی تەنگانەیان...)** ئەم ئایەتە ڕاڤە بکە وەك چۆن بۆ باوەڕدارێکی نوێ ی شی دەکەیتەوە.

٦-١٧ ١پەتروس ٢: ١٢ بخوێنەرەوە **(با ڕەوشتتان باش بێت لە نێو بێ باوەڕان، تاکو ئەوانەی بوختانتان پێ دەکەن و وەك بەدکار ناوتان دەبەن ستایشی خودا بکەن کاتێ کردەوە چاکەکانتان ببینن لە ڕۆژی بەسەر کردنەوە.)** ئەم ئایەتە بەراوورد بکە لەگەڵ ئەوەی لە ئەفەسوس ٢: ١٠ دا داهاتووە **(ئێمە کرداری خوداین، ئەو دروستی کردین لە عیسای مەسیح بۆ کاری چاکە، ئەوەی خودا لە پێشدا ئامادەی کردووە بۆمان تا لەسەری بڕۆین)**. کامەیە ئەو کارانەی کە دایدەنێ ی بە (کاری چاکە)؟ {پێشکەشکردنی خواردن، ئاو، جل و بەرگ، لانە، یارمەتی پزیشکی؟}

چۆن دەکرێ (شایەتی دان و نوێژ جیاوازیان هەبێت لەگەڵ (کاری چاکە)؟

١٧-٧ تەنها دووشت لەگەڵماندا دەڕوات بۆ ئاسمان:
نوێژەکانمان وە ئەو دەروونانەی کە بەرێوەمان بردن بۆ باوەڕ بە مەسیح. ئەگەر تۆ ئەم ووتەیە بە ڕاست دەزانیت، کەواتە ئامانج چی یە لە (یارمەتیدانی مرۆیی)؟

### د- پێشکەشکردنی ________ بۆ خەڵکی

١٧-٨ ڕێگەیەك ڕوون بکەرەوە کە بتوانی لێوەی ببیتە (خوێ) و ڕووناکی بۆ هەریەك لە:

- خودا
- خێزان
- خوشك و برایان لە مەسیحدا
- دراوسێ
- دوژمنان

### چالاکی کۆمەڵە:

١- گفتوگۆ بکە لەبارەی ململانێ باشەکان کە لەم وانەیەدا باسکراوە. باسی هەندێ بە دەستهێنان و بەزین بکە کە ئەزموونت هەیە تیایدا چ وەکو تاك چ وەکو کڵێسای ناوخۆیی کە پەیوەندی بە ئەم ململانێ یانەوە هەیە. هەوڵ دەدەیت جەخت لەسەر چی بکەیتەوە لە کاتەکانی داهاتوودا؟

٢- نوێژ بکە بە دانپیانان بە شکست، بەڵام سوپاسی خودا بکە لەسەر هەمووئەوەی کە لە تواناتدا یان توانای کڵێسا ناوخۆیی یەکەت هەیەو ئەنجامتاندا، وە نوێژ بکە لە پێناوی ئەو کارەی کە پێویستە بیکەیت لە ئاییندەدا. لیستێك بنووسە لە (سوپاس یان داواکاری) کە لە پێناویدا دەتەوێت نوێژی بۆ بکەیت:

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- ئەو باوەڕدارانەی کە پەیوەندیت پێیانەوە هەیە چۆن دەکرێ ببنە خوێ و ڕووناکی بۆ ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژین؟

٢- کامەیە ئەو دەمەبۆڵەو چەلەحانێ یەی کە خەڵکیی گێل دەکات و پێشکەشکردنی خۆشەویستی زۆر قورس دەکات؟

٣- لەوانەیە بووترێت خۆشەویستی دوژمنان شێوەی مەحاڵ لەخۆ دەگرێت. کەواتە ئەو هێزە بەردەستەی کە فەراهەم کراوە تا پەیڕەوی ئەم خۆشەویستی یەی پێ بکرێ کامەیە؟ ئایا دەکرێ لەیەك کاتدا دوژمنەکەت خۆش بوێ و هەروەها بەرهەڵستیشی بکەیت؟

# وانەی هەژدەهەم

# بەردەوامی وکۆڵنەدان و هاندان

---

**اواز لە کۆبوونەوەکانتان مەهێنن هەروەک هەندێکتان لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەن بۆ ئامادەبوون، لەمەش زیاتر چونکە دەبینن ڕۆژی خوداوەند نزیک بووەتەوە).**

عیبرانیەکان ١٠: ٢٥

---

## أ- بەردەوامی و کۆڵنەدان:

**١-١٨ بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕۆح بگرینە بەرو بەرووبوومەکانی ڕۆحمان هەبێت، لەسەرمانە خەسڵەتی بەردەوامی و کۆڵنەدانمان هەبێت. چیرۆکی ڕۆبەرت مۆریسۆن بخوێنەرەوە (هێڵێك بکێشە) بە ژێر ئەو کارلێکردانەی کە مۆریسون لە ڕێگەیەوە گەشەی کرد بە خەسڵەتی بەردەوامی و کۆڵنەدان لە ژیانیدا.**

ڕۆبەرت موریسون لە ناوچەیەکی هەژارنشین لە یەکێك لە شارە پیشەسازییەکانی سکۆتلەندا هاتە دونیاوە و گەورە بوو، مامۆستایانی قوتابخانەی یەك شەممان نا ئومێد نەبوون لێی وە دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر لە بەردەوامی و کۆڵنەدان موریسون عیسای خوداوەندی قبوڵکردو دوای کەوت. موریسون درێژەی دا بە دواکەوتنی خوداوەند تا بووە یەکەم نێرراوی پرۆتستانتی کە کتێبی پیرۆزی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی (چین) ی لەسەرووبەندی سەدەی نۆزدەیەم. بەلاَم ئەم کارە بەبێ ناڕەحەتی و قورسیی تەواو نەبوو. ئەم کارە پیرۆزە پێویستی بە ١٦ ساڵ کارکردن هەبوو لە بارودۆخێکی تەواو ناڕەحەت و قورسداز یارمەتیدەرە (چین) یەکەی کە ناوی (ئاکو) بوو ویستی خۆی ژەهرخواردوو بکات بۆ ئەوەی بەدوور بێت لەو ڕووداوانەی کە ئەگەر کارەکەی موریسون دەرکەوت یاخود پێیان زانی. بەلاَم دیاری یەك بۆ موریسون هاتەوە بۆ ماڵەوە ئەویش ئەوەبوو (ئاکو) خوداوەند عیسای مەسیحی قبوڵکرد وە بووە یەکەم باوەڕدار لە ژیانی موریسون دا وەکو بەرووبووم. پاشان ڕۆبەرت کوڕەکەی لەدەست چوو. پاشان ژنەکەی مرد وە لەگەڵ ئەوەشدا بە کۆڵنەدەری و بەردەوامی مایەوە، وە ئەمڕۆش هەر کەسێك دەتوانێت سەردانی گۆڕەکەی بکات کە لە تەنیشت گۆڕی کوڕەکەی و ژنەکەیەتی لە گۆڕستانی پرۆتستانتی کۆن لە (ماکاو).ئەو زنجیرەیەکی جۆراوجۆری بینی لە کۆڵنەدەری و بەردەوامی و هەوڵ و تێکۆشان. وە ئەم زنجیرەیە تا ئەمڕۆش بەهۆی زۆربەی خوشك و برایانەوە لە (چین) بەردەوامە.

## ب- هاندان



یەکتری هانبدەن بە دڵخۆشیەوە،لە کاتی چەوسانەوەدا پێکەوە بوەستن، بەهێزو چەسپاوبن پێکەوە لەکاتی چەوسانەوە، وە گەشە بکەن لە یەکێتی یدا (اکورنسوس ۱: ۱۰ و عیبرانیەکان ۱۰: ۲۵)

۲-۱۸ واتای تەواوەتی ووشەی (هاندان) بنووسە

تشاك سویندل دەڵێ: (کاتێ خەڵکی دیکە هاندەدەین ئەوا ئێمە زۆر نزیکتر دەبین لە کارەکانی ڕۆحی پیرۆز لە خێزانی خوداوەندا).

۳-۱۸ بۆچی هاندان هەمیشە شتێکی پێویست و ووزە بەخشە بۆ ژیانی باوەڕداران بە مەسیح؟

### پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:

۱- ئەو شتانە چی یە وەکو ئاماژەیەکن و یامەتیدەرتن لەسەر خۆڕاگری و کۆڵنەدان لە باوەڕەکەتدا؟

۲- ڕۆما ۱۵: ٤ بخوێنەرەوە و گفتوگۆ بکە لە جێبەجێ کردنی کردارەکی بۆ ئەم ئایەتە؟

۳- چۆن هەڵدەستی بە بینینی ڕۆڵی هاندەر بۆ خەڵکی دیکە؟

٤- ئایا دێتە یادت هاورێ یەکت هەبێت ئێستا پێویستی بە هاندان هەبێت؟

٥- هەڵوێستێك بهێنەوە یادی خۆت کە چۆن بەرەو خۆبەدەستەوەدانی دەبردیت. وە چۆن کەسێکی هاندەر یارمەتی دایت؟

٦- کەسانی کە بەشداری پێ بکە لەوەی کە کەسێك هانی دایت لە ژیانتدا وە چ کاریگەریەکی هەبوو ئەو هاندانە.

# وانەی نۆزدەهەم

# لێخۆشبوون و نیعمەت

**اگەر لەهەڵەی خەڵکی خۆشبوون، ئەوا باوکی ئاسمانیتان لەهەڵەکانتان خۆش دەبێت. ئەگەر لەهەڵەی خەڵکی خۆش نەبوون، ئەوا باوکیشتان لەهەڵەکانتان خۆش نابێت.)**

مەتتا ٦: ١٤، ١٥

## أ- پێناسەی ــــــــــ

نیشانە سەرەکی و گرنگەکانی باوەڕدار بە مەسیح خۆشەویستی و لێخۆشبوونە. خودای ئایینەکانی دیکە، شوێنکەوتووەکانی خۆی بانگ دەکات بۆ ئەوەی پێیان بڵێ (دوژمنانی ئایینەکەمان بکوژن) تەورات دەڵێ (چاو بە چاو ددان بە ددان) بەلاَم خوداوەند عیسای مەسیح دەڵێ (دوژمنەکانتان خۆش بوێ، نوێژ بکەن لە پێناوی ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن...)

لێخۆشبوون ئەوە نیە: ئەم ووشانەی خوارەوە بەکار بهێنە:
گێلایەتی بۆ خراپەکردن، ئاشتبوونەوە، لەبیرچوونەوە، تەوقەکردن، پێدانی هەلی لێبووردن، لێخۆشبوون

- لێخۆشبوون ــــــــــ نیە بە دەگمەن برینی قووڵی هۆش دەسڕێتەوە.
- لێخۆشبوون ــــــــــ نیە ئاشتبوونەوە لە نێوان دوو کەسدا دەبێت بەلاَم کەسی بێتاوان دەتوانێت لەو کەسە خۆش بێت کە خراپەی بەرامبەر کردووە بە بێ ئاشتبوونەوە.
- لێخۆشبوون ــــــــــ نیە وە لێخۆشبوون داوای پاکانە ناکات بۆ هەڵس و کەوتی خراپ یان بریندارکەر.
- لێخۆشبوون ــــــــــ نیە بەڵکو واتای مامەڵەکردنە لەگەڵ خراپەدا بە هەموو گرنگیەکەوە، بەو شێوەیە مامەڵی لەگەڵ مەکە هەروەك بڵێ ی شتێکی گرنگ نیە یان سزای تێدا نیە.

• لێخۆشبوون بیرۆکەیەکی لێڵ نیە لەبارەی (________)

ئەمە باشترین وێنەی دەربڕینە بۆ واتای لێخۆشبوون لە خراپترین شێوازی دەست بەسەرداگرتنی هەموو شتە ڕاستەکانی ژیان.

• لێخۆشبوون ________ نیە وە لێبووردن کاری یاسایی یە تەواو دەبێت بە ئازادکردنی تاوانبار وە سزای کارەکانی وەکو پاداشت لێ دووردەخاتەوە.

لێخۆشبوون ڕێککەوتنێکی کەسێتی یە ئەو کەسە ئازاد دەکات کە خراپەی بەرامبەر کردووەو لە دیلی خراپەکاری سەربەستی دەکات. وە ئەو لێخۆشبوونەی کە کتێبی پیرۆز داوای دەکات لەوە زیاترە کە تەنها لێبووردنێك بێت بە مەرجداری و دیاریکراوی بمێنێتەوە. ئەو لێخۆشبوونەی کتێبی پیرۆز بانگمان دەکات بۆ لێخۆشبوونی تەواوەتی بە شێوەیەك هەموو ئەو هەستانەی کە خراپ بیربکاتەوە لەبەرامبەر بسڕێنەوەو نەمێنێت، وە گەڕانەوەی پەیوەندی و کارکردن بۆ گەشەکردنی ئەو پەیوەندیانە.

---

## ب- نیشانەکان ________

> کوورتەی باس لێخۆشبوون کاری باوەڕە، کاتێ لەخەڵکی دیکە خۆش دەبم، ئەوا من زۆر متمانەم بە دادوەریی خودا هەیە نەك دادوەریی خۆم.

١٢-١٩ ئەو هۆکارە بنەڕەتیانە بنووسە کە لەپێناویدا لەخەڵکی خۆش دەبین:

• زەبوورەکان ١٠٣: ٣ وە کۆلۆسی ٣: ١٣ ________ خودا بۆئێمە

• مەتتا ٦: ١٤، ١٥ و ١٨: ٢٢، ٣٥ ________ بەدەستهێنانمان دەوەستێت لەسەر پێشکەشکردنی.

• لێخۆشبوون ________ و ________ دەدات

• تەنها لێخۆشبوون دەتوانێ ________ و ئازارو ________ و توندو تیژی بوەستێنێت.

• لێخۆشبوون دەتوانی ________ بە تاوان لە نێو ________ کەم بکاتەوە

• لێخۆشبوون وا دەکات ________ خۆی بخاتە شوێنی ________

٣-١٩ فیلیپ یانسی سێ هۆکاری کردارەکی بۆ لێخۆشبوون پێشکەش دەکات وای لێ دەکات ببێتە فەرمانێکی تەواو بنەڕەتی (دوایین سێ هۆکارەکەلەسەرەوە باسکرا) بۆچی لێخۆشبوون شیفای ناوخۆیی دەدات کاتێ بە ڕێگەیەکی ڕاست پێشکەش دەکرێ؟

..............................................................................................................

**ج- نیعمەت:**

**(نیعمەت گەورەترین دیاریەو خەلاتە کە باوەڕداران بە مەسیح پێشکەشی جیهانیان کردووە)؟** ئەوە شی بکەرەوە کە بۆچی لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدای یاخود لەگەڵیدا نیێت.



لێخۆشبوون ڕەگەزێکی سەرەکیە لەسەرکەوتنی خزمەتکاری جەنگاوەرو زاڵ بوونیدا

(لۆقا ٢٣: ٣٤ وە کۆلۆسی ٣: ١٣)

٥-١٩ ئەو نیشانە بنەڕەتیانە بنووسە کە باوەڕداران بە مەسیح وا لێ دەکات بەشێوەی هیچ ئایینێکی دیکە نەبن لەسەر زەوی.

..............................................................................................................

**١. نیعمەت لە ________ کردارەکی**

٦-١٩ چوار ڕێگە بنووسە یاخود باس بکە کە نیعمەت گەشە دەکات لە ژیانماندا بە هۆی هەرچواریانەوە.

- زیاتر ڕێزگرتنی ________ خوداوەند
- کات و تێکۆشانی کەمتر لە ________ هەڵبژاردنەکانی خەڵکی دیکە.
- حەز دەکات بە ________ زیاتر لە ________

• هەنگاوێکی گەورەو تۆکمەیە بەرەو ________

٢. نیعمەت لە کۆمەڵگەی ________

٧-١٩ (ئاسوودەیی نێوان کلێساو دەوڵەت باش بۆ دەوڵەت و خراپ بۆ کلێسا).

بۆچی پێ دەچێت ئەوە ڕاستی بێت لە تێبینیەکانت؟

> خودا لەگەڵمانەو بۆ ئێمەیە وە ئەو ئەوەندەمان ناداتێ هەمیشە زیاتر لەوەی کە نەتوانین خۆڕاگربین تیایدا (ڕۆما ٨: ٣١ وە ٣٥- ٣٩ وە ٢کۆرنسۆس ٢: ١٤- ١٦)

---

**پرسیارە پێشنیارکراوەکان بۆ گفتوگۆ:**

١- نهێنی قورسی و ناڕەحەتی جێبەجێ کردنی لێخۆشبوون چی یە؟

٢- بەرەکەتی ڕاستەقینە لە لێخۆشبووندا کامەیە؟

٣- گرنگی نیعمەت لە ژیانی باوەڕداردا چی یە؟

٤- گرفتی (بێ نیعمەتی) کە دەیبینیتەوە لە کۆمەڵگەی مەسیحی کە تیایدا دەژی کامەیە؟

٥- تا چەند تۆ پەیوەستیت بە دەرکەوتنی کاری نیعمەت لە ژیانتدا لە ئاییندەدا؟

# وانەی بیستەم

## سەرکەوتووان - زاڵ بووان

**(بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بە هۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان.)**

**١کورنسۆس ١٥: ٥٧**

**أ- بانگەواز ـــــــــــــــــــ**

**٢٠-١ ووشەکانی خودا زۆر وێنەی جەنگاوەر و وەرزشکاران بەکاردەهێنێ بۆ شوێن کەوتووانی عیسای مەسیح: ٢تیمۆساوس ٢: ٣، ٤ وە فیلیپی ٣: ١٣، ١٤. چۆن ئەمە باوەڕداران هاندەدات؟**

جیم ئیلیۆت کە نێرراو بوو وە لە ئیکوادۆر شەهید کرا دەڵێ: (گێلایەتی نیە ئەوەی کە ناتوانێ پارێزگاری لێ بکات دەیبەخشێت تا ئەوەی دەستبکەوێت کە ناتوانێ پێ ی بگات) لەبەر ئەوە پوڵسی نێرراو توانی بڵێ: (من لەگەڵ مەسیح لەخاچدراوم ئیتر من نیم ئەوەی دەژی بەڵکو مەسیحە لە من دەژی هەروەها ئەو ژیانەی ئێستا بەلەش دەژیم ئەوە بەباوەڕە بە ڕۆڵەی خودا، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کرد بە قوربانی بۆمن) غەلاتیە ٢: ٢٠

٢٠-٢ ووتارێك بنووسە بۆ هاوڕێ یەکت یان کوڕەکەت یان کوڕەزایەکت وە بەشداریان لەگەڵ بکە لەسەر ئەزموونت لەبارەی **(کە چۆن خودی خۆت ڕەت دەکەیتەوە و هەموو ڕۆژێك خاچەکەت هەڵدەگریت)**



ئێمە دەتوانین زاڵ بین (یاقوب ١: ١٣- ١٨ وە بینین ١٢: ١١)

ب- نهێنی یەکانی سەرکەوتن

٣-٢٠ سەرکەوتن لەناوەندی ڕەشەبادا چوار نهێنیە، تۆ هەر چواریان ڕیزبەند بکە:

(   ) نهێنی سەرکەوتن خاچ ە (بینین ١٧: ١٤ وە ١٩: ٧ -١٠ وە ٥: ٦)

(   ) نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە بژین لە ڕووناکی هەڵسانەوەدا (اکۆرنسۆس ١٥: ١٩)

(   ) نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە خزمەتکاری جەنگاوەرە

(   ) نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە قبوڵکردنی چەوسانەوەیە (اپەتروس ٤: ١٤)

٤-٢٠ ژمارەی ئەو باوەڕدارانەی بەهۆی باوەڕەکەیان چەوسانەوە لەسەدەی بیستەمدا زیاتر بوو لە هەرکاتێکی مێژووی کڵێسادا. بۆچی هەندێکیان بەباوەڕەوە خۆڕاگربوون لە نێوەندی چەوسانەوەدا؟

## بیرۆکەی کۆتایی

- خزمەتکاری جەنگاوەر لە بزمار دەچێت تا زیاتر پیایدا بکێشرێ یاخود بکووترێ بە چەکوش زیاتر ڕۆدەچێت.
- خزمەتکاری جەنگاوەر لە تۆپی لاستیك دەچێت تا زیاتر بەهێزو بەتوندی بدرێ بە زەویدا، زیاتر بەرز دەبێتەوە لەئەو کەسەی کە بیەوێت پێ ی بگات.
- خزمەتکاری جەنگاوەر لە گوڵ دەچێت هەرچەند پان و پلیش بکرێتەوەو بپروێ، بۆنی خۆشی زیاتر بڵاودەبێتەوە.
- خزمەتکاری جەنگاوەر لە شووشەی ڕەنگاوڕەنگی شەوانە دەچێت. جوانیە ڕاستەقینەکەی دەرناکەوێت مەگەر ڕووناکیەك بخەیتە ناویەوە.
- خزمەتکاری جەنگاوەر لە کیسە چای سەفەری دەچێت هەر دەبێت بخرێتە ناو ئاوی گەرمەوە تا هێزەکەی دەربکەوێت.

دەتوانیت ببیتە خزمەتکاری جەنگاوەر

وە دەتوانیت خۆڕاگربیت لە ڕووی ڕەشەباکاندا.

## پرسیارە زیادەكان لە پاشكۆكاندا

پاشكۆی (ب)

## خوداوكڵێسا ئازار چەشتووەكەی

ب-١ بۆچی پێویستە لەسەر ڕابەران خۆپارێزی بكەن لە بانگهێشتەكردنی ئەوەی كە خودا چەوسانەوە دەنێرێ (كە بیرۆكەیەكی بەربلاوە) بەڵكو خودا بەكاری دەهێنێ.

ب-٢ چەوسانەوە لە كوێ وە دێت؟ سەرچاوەكەی كامەیە؟

ب-٣ چارەسەر چیەوكامەیە بۆ چەوسانەوە؟

ب-٤ كامەیە ئەنجامی تۆڵەسەندنەوە لە چەوسێنەرانت؟ وە چۆن دەیكەیتە بەڵگەیەك لەسەر ململانێ ی ئیسرائیلیەكان – و فەلەستینیەكان؟

پاشكۆی (ج)

## عیسای خوداوەند ئەمڕۆ چی دەڵێ بە كڵێسای چەوساوە

ج-١ ئایا ڕاوبۆچوونت لەگەڵ پاشكۆی (ج) دەگونجێ یان ناگونجێ لەسەر نوسراوەكانی نێو پاشكۆكە؟ بۆچی؟

## پاشکۆی (و)

## خوولی لێکۆڵینەوە بۆ هەزارەی نوێ

جۆهان کۆمپانین لە کۆبوونەوەی یەکگرتوی ئینجیلیەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لێدوانەکەیدا پێنج شەڕی دیاریکرد کە کڵێسا لە بیست ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەو جەنگانەش ئەمانەن:

### جەنگ لە چوارچێوەی بیردا (فیکری)

و-١ ئەگەر جیهان دابەش بووبێ بەسەر شەش فەرهەنگ و شارستانیدا ئەویش شارستانی ڕۆژئاوا، وە شارستانی چین ی، وە ژاپۆن ی، وە هیندۆسی و ئیسلامی، وە ئەرسەزۆکسی. (تیۆری هنتنگدۆن). بۆچی هەرەشەو مەترسی لەسەر ئاشتیی جیهانی لەو وولاَتانە بوونی هەیە کە پەرت بوون و لە نێوان دووپێکدادانی شارستانین؟

و-٢ لیزتسك کولاکوسکی دەنوسێت گوایە (تێبینی یەکی گرنگە کاتێ ئامۆژگاری دەدەین بە لێبووردن لەم کاتەی ئێستاماندا، مەبەستەکە ئەوەیە جۆرێك لە کەمتەرخەمی پێوە دەبەسترێتەوە، لە دواییدا ئێمە داوا دەکەین بە دوورکەوتنەوە لەم جۆرە دەربڕین و دەستەواژانە یاخود هەر ڕاوبۆچوونێك یاخود دەستگرتن پێوەی، بەڵکو هەندێ جار چاو دەنوقێنین لە هەموو بۆچوونەکانی خەڵکی و هەڵس و کەوتیان) کامەیە وەڵامدانەوەمان لە هەمبەر ئەو تۆمەتانەی دەڵێن کە (باوەڕداران بە مەسیح لێبووردنیان نیە)؟

### ٢- جەنگ لە چوارچێوەی بەیەك گەیشتن

و-٣ بەرپەرچی ئەم بیرۆکە هەڵانەی خوارەوە بدەرەوە لەبارەی چەوسانەوە وە:

- چەوسانەوە لە خوداوەیە
- کڵێسا بەرەو باشترین گەشە دەکات لە ژێر فشاری چەوسانەوەدا (بڕوانە کردار٩: ٣١)
- پێویستی بەخێرهاتنی چەوسانەوە بکەین، نەك بەرهەڵستی بکەین (مەتتا ١٠: ٢٣) بخوێنەرەوە
- دەبێت چەوسانەوە هەبێت گەر بمانەوێت گەشە بکەین لەباوەڕدا

ناوی کتێب :   خۆراگری لە بەردەم ڕەشەبادا
ڕێبەری خوێنەر

دانەر   :   پۆل ئیستا بروك

وەرگێران   :   قەشە زاگرۆس

Tel : 2240797

E – mail : kurdzmanchurch @ gmail.com

2008

Verbreitung christlicher Schriften
Postfach, CH-2500 Biel 8
info@dclit.net / www.dclit.net